
# تورکیاناسی

گۆڤارێکی سیاسی و کولتووری گشتییە لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد - تورک (KTFA) دەردەچێ.. (ژمارەی متمانە: ٣٢١)












هەواڵنامەی کتێب








سەرۆکی کۆمەڵە و خاوەن ئیمتیاز:
Concessioner
فەلەکەددین کاکەیی

سەرۆکی ئەنجومەن و سەرنووسەر:
Editor-in-Chief
شوان تاڤینگ

دیزاین و گرافیک:
شاخەوان جەعفەر

**ناونیشان:** هەرێمی کوردستان/ عێراق ـ هەولێر، شەقامی گشتی ئازادی، بەرامبەر ئامادەیی بارزانی نەمر، ژمارە (27)
***Tel:*** *00964 66 451 4080 & 00964 770 235 6000* ***Email:*** *turkiyenasi@yahoo.com*

# کرانەوەی کولتووری و شارستانی



فەلەکەددین کاکەیی

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هێشتا پێویستی بەکرانەوەی کولتووری هەیە.
هێشتا شارستانییەکان بەڕووی یەکدا، بەفراوانی نەکراونەتەوە.
کرانەوەی سیاسی بۆ چارەسەری خێرای کێشە گرژەکانی هەنووکەیی پێویستە، بەڵام بەس نییە، بەڵکو دەبێ دوورترو قوڵتر بچین و هەوڵبدەین لەڕووی کولتووری و شارستانییەوە بەڕووی یەکدا بکرێینەوە.
لەجیاتی ئەوەی جیاوازی کولتووری ببێتە مایەی ئاڵۆزی و گرژی لەنێو گەلاندا، دەبێ بەشێوەیەکی نوێ بەکاربهێنرێن، ئەویش دەمێنێتەوە سەر دنیابینی ئینسانەکان، کە دەبێ لەدەمارگیری و خۆبەزلزانین ڕزگاریان ببێت.
ڕیشە و سەرچاوەی دیرۆکی کولتوورو شارستانیەکان یەکە، وەلێ جیاوازی لە دیدی سیاسی و کۆمەڵایەتی و (زاڵبوونی ڕەگەزپەرستی) وەهای کردووە بە ڕواڵەت لێک دوور ببن یا وەهامان بێتە بەرچاو.
چەندین سەدە بەر لە زایین لە وڵاتی میسری فیرعەونی لەسەردەستی (ئەخناتۆن)ی گەنج و زانا، یەکەمین ئایینی یەکتاپەرستی بەناوی (ئەتۆن) پەیدابوو.
ئەخناتۆن هەر بەگەنجێتی مرد، بەڵام کەلەپووری گرنگی ڕووناکی پەرستی بەجێهێشت. لایان وابوو کە ئەو ئایینە خوابییە لەڕێگای سرووشەوە بە ئەخناتۆن گەیشتووە.
ناوی ئەسڵی ئەم فیرعەونە (ئەمناحەتبی چوارەم) بوو کە لەسەدەی بیستەمی زایینیدا مۆمیای تەرمەکەی و گەنجینە و گالیسکە و نووسراوی ئایینەکەی لەمیسر دۆزرایەوە، کە بەپێی بڕوای ئەخناتۆن: هەتاو و ڕووناکی و وزەی سەرچاوەی ژیان و هەبوونی مرۆڤە. هەتاو موڵکی بەتەنها کەسێک و کۆمەڵگایەک نییە، بەڵکو هی هەمووانە، چونکە وەکو یەک سوود لە وزە و ڕۆشنایی تاکە هەتاوی ئەم کۆمەڵە هەسارەیە وەردەگرن.
واتە: گشت ئینسانەکان و گیانلەبەران یەکسانن، بەرامبەر بەو سامانە سروشتیە.
ئەخناتۆن بەو دنیا فەلسەفیە و ئایینیە بڕوا و هزری ئاینی لە تەسکبینی و ناوچەگەری دەرهێنا و بەرەو گشتگیری گواستیەوە.
بۆیە ئایین و بڕوای ئەخناتۆن بە یەکەمین دیانەتی جیهانی گشتگیری مێژوو ناسراوە، هەروەها یەکەمین ئایینی تۆمارکراوە (یا تۆماری ئایینیە) کە ماوەتەوە.
واژەی ئەخناتۆن لە دوو بڕگە پێکهاتووە: ئەخن = شادی.
ئاتۆن (ئەتۆن/ تۆن) = خۆر، هەتاو، وزە و ڕۆشنایی.
واتە: ڕۆشنایی و وزەی هەتاو شادیبەخشە و، مرۆڤ دەبێ ڕۆژانە بە دڵ و دەروونی کامەران و گەشبین و شادمانیەوە پێشوازی لە هەڵهاتنی گزنگی ڕۆژ و وزەی ڕۆژ بکات.
دەبینین چەندین سەدە دواتر لەچیاکانی کوردستان و ڕۆژهەڵات ئایینی ڕۆشنایی زەردەشت سەریهەڵداوە.
ئەخناتۆن سروودی ڕۆژانەی بۆ ستایشی جوانی وزە و ڕووناکی هەتاو گوتووەتەوە. هەروەها زەردەشتیش بە ستایش و پەسنی ڕووناکی وجود دەستپێدەکات.
گوڵبانگی سەحەری سروودی ئەخناتۆن و زەردەشت جوانی و ڕۆشنایی و شادمانی وجودی گەردوون و مرۆڤگەل و میهرەبانی پەروەردگار دەردەبڕێت. بە بۆنەی هەڵهاتنی شەفەقی دیرۆکی نوێی شارستانی وڵاتی میسرەوە کە لە ٢٠١١/١/٢٥ دەستیپێکردووە، بەیاد دێنینەوە.
سەرهەڵدانی گەنجانی میسر و داوای گۆڕانکاری و ئازادی سەردەمێکی گەشی تازەیە بۆ میسر و گشت وڵاتانی ڕۆژهەڵات، کە لەسەر باری کولتووری جیهان کاریگەر دەبێ.
وەرچەرخانی ئومێدبەخشی وڵاتی میسر، کە جوانبوونەوەی ڕۆحی شارستانی ئەم وڵاتەیە، پەیوەندی بەهەموومانەوە هەیە لەڕۆژهەڵاتی ناڤین.
بەلای منەوە، بەر لەهەموو شت دەبێ پێشینەی شارستانی و فەلسەفی و ڕۆحیی میسر بناسینەوە، کە یەکەمین کاریگەری ئەوە دەبێ دەڤەرەکەمان بەرەو ئازادی و کرانەوەی کولتووری فراوانتر دەبا.
ئا لەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە بڵاوبوونەوەی گیانی دۆستایەتی و لێکتێگەیشتنی خەڵکانی تورک و کورد ئومێدێکی گەرمی خستووەتە دڵانەوە.
لەو بوارەشدا مزگێنی کرانەوەی کولتووری و هونەریی کورد و تورک، بەڕووی یەکدا دەردەکەوێ. نموونەی جوانی ئەوەش بایەخدانی سەرۆک کۆماری تورکیا بەڕێز عەبوڵڵا گویل بە هونەر و زمانی کوردییە. هەرچەندە موجالەمەش بێ، بەڵام نیشانەی کرانەوەی کولتووری فراوانترە.
بەڕێز عەبدوڵڵا گویل لە شاری ئامەد گۆرانی کوردی (ئاگر کەتیە دڵێ من) دەچڕێ و لە بۆنەیەکی تردا باسی زمانی کوردی دەکا و دەبێژێ: ئەو کەسە لە دادگادا نەتوانێ بە تورکی وەڵام بداتەوە دەتوانێ بەکوردی بئاخڤێ.
بێگومان گەلی کورد چاوەڕوانی بایەخدانی فراوانترە تا بەئازادی و ئاسوودەیی و توانایی ماددی و دەستوورییەوە، زمانی کوردی لە گشت بوارەکانی ژیاندا بەکاربهێنێ.
گرنگ ئەوەیە کە ئومێدێکمان ئەگەر هەبێ زیاتر بە کرانەوەی کولتووری و هونەری و شارستانییەوە گرێدراوە. هەر بۆیەش دەرکەوتنی هەر پێشکەوتنێک لەو بوارەدا مایەی شادمانی و دڵنیایی کوردانە بە ئایندەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا.
سەقامگیربوونی ئاشتی و ئاشتبوونەوە لەنێو گەلانی تورکیا بەردی بناغەی پێشکەوتنی ئایندەیە.
خەڵکانی کورد بە نۆرەی خۆیان دەبێ سوورترین لەسەر ڕەخساندنی هەلومەرجی ئاسایش و بڕوا و متمانە لەگەڵ کۆمەڵگا و دەوڵەتی تورکیا.





# بەکوردی؟



بەهرۆز گەڵاڵی*

ڕووداوێکی گرنگی تر کە لەتورکیا ڕوویدا. ئەوەبوو کە پەرلەمانی تورکیا لەمارتی ٢٠٠٣ ڕەفزی هاتنی هێزەکانی ئەمریکای بۆ ناو خاکی تورکیا کرد. ئەمەش ئەنقەرەی خستە بەردەم تەحەددایەکی گەورە لەبەرانبەر واشنتۆن لە پەیوەندیەکانی نێوانیاندا کەلەوبارەیەوە جەیشی تورکیش زۆر نارەحەت بوو. کاتێک جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا (پۆڵ وۆلفویتز) لەوەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووس (جەنگیز چاندار و محەمەد عەلی بیراند) لە ٢٠٠٣/٥/٦ کەوتی سەرمان سوڕما لەبەرچی ئەو جەیشەی کە پەنجا ساڵە بەخێوی دەکەین و تەداخولی نەکردو حکومەتی ئەردۆغانی لانەدا لەسەر ڕەفز کردنەوەی هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆناو تورکیا و تێپەڕبوونی بۆ عیراق. ئەم هەڵوێستە بێدەنگییەی جەیشی تورک، واشنتۆنی سەرسوڕمان کردو واشنتۆن لەو هەڵوێستەی عەسکەری تورک هیچ تێنەگەیشت! بۆ عەسکەری تورک وا بێدەنگ وەستا لەئاست بڕیاری پەرلەمانی حکومەتی ئەردۆغان؟ هەر لەو چاوپێکەوتنەشدا (پۆل ڤۆلفۆویتز) ئیشارەی بەوەدا کە لەجەیشی تورک توڕەن و ئیتر وەک پێشان دەعمی جەیشی تورک ناکەن. زۆری پێنەچو لە٤ی تەموزی ٢٠٠٣ دا برێمەر جەوالی خستە سەر عەسکەرەکانی تورک لە سلێمانی و ڕاپێچیکردن. ئەمەش مەدای غەزەبی جەیشی ئەمریکی لەبەرانبەر جەیشی تورکی پیشانداوجەیشی تورکیش نەیتوانی هیچ شتێک لەبەرانبەریدا بکات.جگە لەناڕەزایی دەربڕین نەبێت! ڕوونیشە کە جەنەراڵەکانی تورک ناتوانن بێ ئەمەریکا هیچ هەنگاوێک بهاوێن؟واتە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی و تیشکی سەوز لەجەیشی ئەمەریکی و واشنتۆن، جەیشی تورک ناتوانێ هیچ شتێک بکات.ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا بەرانبەر عەسکەری تورک وای لەحکومەتی ئەردۆغان و هێزەکانی ناو تورکیا کرد کە هەڵوێستیان لەبەرانبەر جەیشی تورک بەهێزتر بێت و لەساڵی ٢٠٠٥ عەسکەری تورک لەناو تورکیا کەوتە بەردەم حەملەیەکی ئیعلامی زۆر بەقوەتی حکومەتی ئەردۆغان و پارتە سیاسی و ناوەندەکانی تر، بێ ئەوەی جەنەراڵەکان بتوانن هەر وەڵامی ئەو حەملەیش بدەنەوە. چونکە هەڵوێستیان زۆر لاواز بوو. ئەمەش جەوی ئەوەی بۆحکومەت ڕەخساند کە زیاتر ئاوڕ لەمەسەلەی کورد بداتەوەو تەشویق بو بۆ زیاتر ڕووەو چارەسەرکردنی کێشەی کوردی تورکیا بڕوات و سەربەستانەش باس لەبوونی کێشەی کورد بکات. هەر ئەوەش بو لەئابی ٢٠٠٥ وای لە ئەردۆغان کرد وتارە مێژووی یەکەی خۆی لە دیاربەکر پێشکەش بکات کەوتی (کێشەی کورد هەیەو کێشەی کوردی کێشەی منە و دەبێ چارەسەری بکەین). دیارە لەسەردەمی حکومەتی ئەجەویدیش هەندێ هەنگاوی سەرەتایی لەوبارەیەوە دەستی پێکردبو.کە بریتی بوو لەبەکارهێنانی زمانی کوردی لە هۆکانی ڕاگەیاندن و گوێگرتن لەگۆرانی کوردی. هەروەک ماوەشیان دا فێربوونی زمانی کوردی لەهەندێ ئامۆژگای تایبەت بەسنووردراوی بخوێنرێ.
هەنگاوێکی گرنگی تری حکومەتی ئەردۆغان ئەوەبوو لە حوزەیرانی ٢٠٠٣ دا هەرچی حاڵەتی (تەواری) هەبوو لەناوچە کوردنیشینەکان هەڵیگرت و ئیدارەی مەدەنی گێڕایەوە شوێنەکان و عەسکەری لەو شوێنانە دوورخستەوە، کە لەساڵی ١٩٧٩ وە حاڵەتی ئەو (تەواری)یە دەستی پێکردبوو. کە ئەمەش حاڵەتێکی ناتەبیعی بوو. بەڵام ئەردۆغان وەزعەکەی هێورکردەوە وگێڕایەوە بۆ بارودۆخێکی ئاسایی.
حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان ڕۆڵێکی گرنگی تریشی بینی.ئەویش لە گۆڕینی هەندێ یاسای ناو دەستوری تورکیا لەماوەی ساڵانی (٢٠٠١تا٢٠٠٥)،کە ئەمەش لەسەرداوای یەکێتی ئەوروپا بو. بەتایبەتیش لەبواری سەربەستی ڕادەربڕین و پێشکەوتنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یەکسانی ژن و پیا و ڕەخسانی خۆپیشاندان و فرسەتدان بەکوردبۆ دیفاعکردن لە کێشەکەی خۆی و دیفاع کردن لەحقوقی فەردو حقوقی سەقافی و قەومی و سیاسیشدا.ئەمانە کۆمەڵێ هەنگاو و شتی گرنگ بون کە حکومەتی ئەردۆغان بۆکورد ڕەخساندی.
لەوەتەی پارتی دادو گەشەپێدان هاتۆتە سەر حوکم بیری نەتەوەیی کوردی، گەشەی کردووە. چونکە فرسەتی زیاتر بۆ ڕەخساندووە و کوردایەتی لەجاران بەهێزتر بوە لەناو کورد و ئەو حکومەتەش بواری ئازادی زیاتر بۆکورد ڕەخساندووە. بێگومان بە بەراوردکردن لەگەڵ حکومەتاکانی تری پێشوی خۆی!

* بەرپرسی بیرۆی نوێنەرایەتی
(ی.ن.ک) لە ئەنقەرە



هەواڵنامەی کتێب

سەروتار

# تورکیا و داواکاریـــــەکانی ئەمریکا!

ولاتــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکا لەســـەرەتای موداخەلەی عێراق باسی لەپرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوینی نـــوێ کرد و بۆماوەی چەند مانگێکیش ئـــەم باســـەی بەپێداگـــری و ســـووربوونەوە لەرۆژەڤـــی خۆیدا گـــرت. بـــەلام بەهۆی ئەو ڕەوشـــە ئالـــۆزەی لەعێراق تێیکـــەوت، بۆی دەرکـــەوت کـــە جەختکردنـــەوە لەســـەر ئەو بابەتـــە دەبێتـــە هۆی ئەوەی ڕایەکی گشـــتی لەناوچەکـــە و جیهـــان لـــەدژی پەیدابێـــت و لەئەنجامدا بەرنامـــە و پلانەکانی بۆ ناوچەکە شکستبخوات. بۆیە بەتەواوی وازی لەباسکردنی ئـــەو بابەتە هێنا، نە لەلایەن بەرپرســـەکان و نە لەڕاگەیاندنەکانیش ئیدی باســـی لێوەنەکرا. هەڵبەتە ڕووناکی نەخستنە سەر ئەم پرۆژەیە بەمانای ئەوە نایەت کە ئەمریکا دەستبەرداری ئەم پرۆژەیە ببوو، بەڵکو لەدەرفەتێک دەگەڕا تا بتوانێت سەرکەوتنی پرۆژەکە مسۆگەر بکا و بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕیالیزەی بکات.

بەگوێرەی پێشـــکەوتنەکانی ئـــەم دواییە کە لەهەندێ لەولاتانی وەک: باشـــووری سوودان، تونس، میسر، لیبیا، جەزائیر، بەحرەین، یەمەن و...تد لەناوچەکە ڕوویاندا. بەپێی لێدوانەکانی هیلاری کلینتۆن وەزیـــری دەرەوەی ئەمریکا، واشـــنتۆن بە ڕژد و وردبینانـــەوە جارێکی تر کار لەســـەر مشـــتومالکردنەوەی پرۆژەکـــەی بـــۆ ناوچەکە دەکات، کە لەســـەر دوو پایگای سەرەکی وەستاوە:

یەکەم: پشـــتگیریکردن لەداخـــوازی خەڵک و ولاتانی ناوچەکە کە بۆتە شەپۆلێکی ناڕەزایی گـــەورە و داوای گۆڕینی سیســـتمی سیاســـی ولاتەکانیان دەکەن.

دووەم: وروژاندنی جێگیرکردنی سیســـتمێکی سیاسی لیبراڵ- دیموکراتی لە ولاتانی ناوچەکە لەسایەی ئیسلامیەتێکی نەرم و میانڕەودا.

وابزانـــم کۆڵەگـــەی یەکەمـــی ڕیالیزەکردنـــی پرۆژەکە ڕوونە و پێویســـتی بەڕوونکردنەوەی زیاتر نییە.


ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە کۆڵەگەی دووەمـــی پرۆژەکەیە، کـــە دەتوانرێت لەمیانی پێوەندییەکانی تورکیـــاو ئەمریکا و پێوەندییە تەلەفۆنیەکەی بـــاراک ئۆباما و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

ســـەرۆک ئۆباما لەپێوەندییـــە تەلەفۆنەکەیدا داوای لەئەردۆغـــان کردووە، کە هەم ئەردۆغان کەســـایەتییەکی شایســـتەیە هـــەم تورکیاش ولاتێکی خاوەن کاریگەریی ناوچەکەیە، بۆیە بە پێویســـتی دەزانێت کە موداخەلەی ئەرێنی بۆ ڕەوشی میسر و ولاتانی تری ناوچەکە هەبێت و ڕۆلی کاریگەری خۆی ببینێت.

لەمیدیاکانی تورکیاش باس و خواســـێکی زۆر هەیە، کە مۆدێلی سیســـتمی سیاســـی تورکیا ئیلهام بەخشـــە بۆ خەڵکی ولاتانی ناوچەکە و تورکیـــا دەتوانی ئەو مۆدیلە هەناردە بکات بۆ ولاتانی ناوچەکە.

لێرەدا تابلۆیەکە ڕوونە، ئەمریکا داوا لەتورکیا دەکات کە بە ڕۆڵێکی وا هەڵسێت و ڕاگەیاندنی تورکیـــاش دەیەوێـــت زەینی ڕای گشـــتی بۆ ئەمە ئامادە بـــکات و تەنانەت لێدوانی هەندێ لەبەرپرسانی دەوڵەتیش وەکو عەبدوڵلا گویل لەڕابردوو و ئێســـتادا ئاماژەیـــەک دەدەن کە لەوانەیە تورکیا لەداهاتـــوودا ببێتە کۆڵەگەی دووەمی پرۆژەکە و ئەو مەهامە لەناوچەکە بخاتە ئەستۆی خۆی. بەلام تائێستا لەوەرگرتنی ئەم ڕۆڵە دوودڵە و لەنێو قەیرانێکدایە ســـەبارەت بەوەرگرتنی بڕیـــار. ئایا ئەم مەهامە وەرگرێت یان نـــا. چونکە ئەمە کارێکی ئاســـان نییە و تاڕادەیەکیش چەکێکی دووسەرەیە. بۆچی؟ لەلایـــەک تورکیا ئەگەر بێتو ئەم ڕۆڵە بگێڕێت ئەوا دەتوانێت ببێتە هێزێکی گەورەی ناوچەیی و جیهانی، لەلایەکـــی دیکەوە لەوانەیە لەکاتی هەڵســـان بەم ڕۆڵە دینامیکییەتی کۆمەڵگای تورک لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، کولتووری، دەروونی و...تد هێزی پێویست بە دەوڵەت نەبەخشـــێت و ئەنجامەکەی پێچەوانە ببێتەوە، چونکە تا ئێســـتا کێشەی کورد لەم ولاتـــە دینامیکیەتـــی کۆمەڵـــگای بەڕادەیەک لەکارخستووە. بۆیە تائێستا لەنێو دوودڵی و بێ بڕیاریدایە و لەوەش زیاتر تورکیا ترسی ئەوەی هەیە ئەگەر بێت و بەم ڕۆڵە هەڵنەستێت ئەوا ئەمریکا وەک ولاتانی تر حساب بۆ تورکیا بکات و پرســـە ناوخۆییەکانی لێ بروژێنێ، بەتایبەت پرســـی کورد، هەر بۆیە چەند ڕۆژ پێش ئێستا لەچەندین لێدوانی جیا هۆشداریاندا کە ئەمریکا دەست لەکاروباری ناوخۆیی تورکیا وەرنەدات. هەرچۆنێـــک بێت، لەقۆناخـــی ئەمڕۆدا تورکیا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و مێژووییدایە، گۆڕانـــکاری و پەرەســـەندنەکانیش زۆر لەز و خێـــران، ئەگـــەر وا بڕوات و تورکیـــا نەتوانێ سەبارەت بەچاکسازی نێوخۆیی و موداخەلەی دەرەوە بڕیارێکی تەندروســـت بدات ئەوا کات بەســـەردەچێت و دەوڵەت لەپێشـــکەوتنەکان دادەبڕێت.

هەواڵنامەی کتێب



# وەستان لەچاکسازی تورکیا توشی ئاڵۆزی دەکات!

ڕاپۆرتی شیکاری: تورکیاناسی

دوای گۆڕینی ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و وەرگێڕانی ڕووی ڕووەو ڕۆژهەڵات، هەرچەندە لەسەرەتادا لەو باوەڕەدابوو بەو توانایەی ئێستا هەیەتی دەتوانێت کرانەوەیەکی باش و ئەرێنی ئەنجامبدات و لەزۆر کێشەدا لەناوچەکە ڕۆڵ بگێڕێت، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە نەیتوانی ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەرانەی خۆی بگەیەنێتە ئاستی پێویست. هۆکارەکانیش ئەمانەن:

١. دینامیکیەتی ناوخۆیی تائێستا هێز و بڕشتی پێویستی بۆ ئەمە وەرنەگرتووە چونکە لەچارەسەرکردنی پرسی کورد دا ساز و ئامادە نییە و لەنێو دوودڵی و سیاسەتێکی دووڕووانە دایە. چارەسەرکردنی پرسی کورد بەواتای ئەنجامنەدانی کرانەوە لەناوخۆ. هەتاکو کرانەوەی ناوخۆشی بەئەنجام نەگات ناتوانێت لەدەرەوە بەڕووی ڕۆژهەڵاتدا کرانەوەی پێویست و ئەرێنیانە بەسەرکەوتویی بەئەنجام بگەیەنێت.

٢. ئەمریکا وەک پێویست پشتگیری لەکرانەوەی تورکیا لەڕۆژهەڵاتدا ناکات ئەگەر پشگیری بکات ئەوا دەیەوێت بەگوێرەی سیاسەتی خۆی ئاراستەی بکات و تورکیا تائێستا دەیەوێت بەگوێرەی سیاسەتی خۆی لەڕۆژهەڵاتدا کرانەوە ئەنجامبدات. لەبەرئەوە ماوە ماوە ئەمریکا لەو خاڵانەی کە لەگەڵیدا یەکناگرێتەوە پشتی تورکیا بەردەدات یان هەڵوێستی دژ دەنوێنێ، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر هێز و توانای تورکیا هەیە لەمەسەلەی ئەو سیاسەتەی دەیەوێت لەڕۆژهەڵاتدا پەیڕەوی لێ بکات. هەروەکو بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا لەدیمانەیەکدا لەگەڵ (wall street journal) ئاماژەی بەوە داوە کە (ئەمریکا پێشتر پشتگیری تورکیای دەکرد بەڵام ئێستا لەدژیەتی). لەوانەیە ئەم گوتەیەی ئەسەد بەتەواوی ئامانج نەپێکێت چونکە بەتەواوی لەدژی نیەو لەهەندێک خاڵدا هاوهەڵوێست و هاودەنگە. بەڵام ئەمریکا تەنها لەوخاڵانەی کە لەگەڵ سیاسەتەکەیدا دەگونجێت هاوهەڵوێستە لەگەڵیدا.

٣. بوونی زلهێزێکی وەکو ئێران لەنێو هاوکێشە سیاسەکانی ناوچەکەدا کۆسپە لەبەردەم ئەوەی کە تورکیا بتوانێت بەئارەزووی خۆی کرانەوە ئەنجامبدات و گەمەی سیاسی خۆی بکات.

بە بۆچوونی زۆربەی چاودێرانی سیاسی، ئەو سێ خاڵە هۆکاری سەرەکین کە تائێستا تورکیا نەیتوانیوە ئەنجامی تەواو لەو بابەتانەدا بەدەستبهێنێ، کە پێیەوە سەرقاڵ بووە.

بۆ نموونە، تورکیا لەمەسەلەی لوبناندا نەیتوانی کاریگەر بێت و لەئەنجامدا حکومەت هەڵوەشایەوە. لەناوبژیوانی کردنی سوریا و ئیسرائیل نەیتوانی ئەنجام بەدەستبخات. سوریا پێیوایە دەبێت تورکیا تا ئاستێکی زیاتر پاڵپشتی ئەو بکات هەروەکو دەزانین لەمەسەلەی فەڵەستینیشدا نەیتوانی کاریگەر بێت و لەگەڵ ئیسرائیلیشدا ڕووبەڕووی کێشەوە بۆوە، کە تائێستا کاریگەری ئەم کێشەیە هەرماوە لەسەر پێوەندییەکانی هەردوولا.

بەکورتی، تورکیا لەبەڕێوەبردنی گەمە سیاسیەکان بەهۆی ناکاملی لەسیاسەتی دەرەوەیدا نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت و بەگوێرەی ویست و پێویست خۆی پارسەنگ بداتەوە. هۆکارەکەشیمان لەسەرەوە دیاریکرد، بەڵام لەهەمووی گرنگتر چارەسەرنەکردنی پرسی کوردە، کە بۆتە مایەی ئەوەی لەسیاسەتی ناوخۆیدا لە قەیران و لەرزۆکیەکدا بژیت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیاسەتی ناوخۆی نەبێتە تەواوکەری سیاسەتی دەرەوە و بەپێچەوانەش. واتە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا لەڕۆژی ئەمڕۆدا و لەم قۆناخەی ئێستادا یەکتری تەواو ناکات. هەر ئەمەشە بۆتە مایەی ئەوەی تورکیا نەتوانێت ئەو پێگەیەی کە شیمانە دەکرێت پێی بگات.

ئەوەی لەهەموو شتێک زیاتر پێویستە تورکیا هەڵوەستەی لەسەر بکات چارەسەرکردنی پرسی کوردە. بەڵام ئەگەر بێت و سەیری ڕۆژەڤی کاربەدەستانی دەوڵەت و میدیاکانی تورکیا بکەین بەگشتی ئەوا دەبینین ئەوان قسە لەسەر هەموو شتێک دەکەن تەنها پرسی کورد نەبێت. هەڵبەتە ئەم هەڵوێستەی AKP پەیوەستە بە گەمە سیاسیە ناوخۆییەکان کە لەپێناو مانەوەی لەدەسەڵاتدا دەیکات.

AKP لەو باوەڕەدایە بۆ ئەم قۆناخە ئەم بێدەنگیە باشترە بۆ ئەو. سەرکەوتنی AKP لەریفراندۆمی گۆڕینی دەستوور تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەسە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیە ناوخۆییەکان و گڕوتینی جەماوەرەکەی. بۆیە لەوباوەڕەداین دەبێت لایەنی کوردی گۆمەکە بشڵەقێنێت و جوڵەیەک بخاتە گۆڕەپانی سیاسەتی ناوخۆی تورکیا. چونکە CHP ش ئەو توانایەی نییە کە وەکو ئۆپۆزسیۆن دەستپێشخەری بکات یان بتوانێ بەتەنها ململانێی AKP بکات. بۆیە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەتورکیا کورد و پارتی ئاشتی دیموکراتیBDPن. ئەگەر بێت و لەئێستادا بتوانن جوڵەیەکی باش بکەن ئەوا دەتوانن کاریگەرییەکانی پارتی دەسەڵاتدار لەسەر جەماوەر بەڕادەیەکی زۆر کەم بکەنەوە. ئەمە جگەلەوەی بارودۆخی تورکیا وادەخوازێت، هەلومەرجی وڵاتانی عەرەبیش دەبێتە یاریدەدەرێک بۆئەوەی هەوڵەکانی کورد زیاتر کاریگەربێت.

هەرچەندە بەشێک لەڕۆشنبیرانی تورک پێیانوایە ئەو هەلومەرجەی لەنیشتمانی عەرەبی هاتۆتە ئاراوە بەهیچ شێوەیەک بە سلبی کار ناکاتە سەر ڕەوشی تورکیا. بەڵام ئەمە تەنها هەڵدانە بەشان و باڵی تورکیا و دەوڵەت. تەنانەت هەندێکی وەکو محەمەد عەلی بیراند زۆر لەو پیاهەڵدانەش تێدەپەڕێنن و پێیانوایە کە جەماوەری تونس و میسر و یەمەن سوودیان لەمۆدیلی دیموکراسی تورکیا وەرگرتووە و بەپشتبەستن بەو مۆدیلە ئەو سەرهەڵدانانەیان ڕێکخستووە. بەڵام ئەمە جگە موبالەغەیەکی بێ بنەما و ترسێک لەڕەوشی تورکیا هیچی تر ناگەیەنێت. ئەگینا ئەو دیموکراسیەی لەتورکیا هەیە بەشی چارەسەری پرسی کورد و مافەکانی ناکات چۆن دەتوانێت ببێتە هێز بۆ وڵاتێکی وەکو میسر و تونس؟!

بەپێچەوانەوە سیاسەتی ناوخۆیی و ڕەوشی ناوخۆیی تورکیاش پەنگی خواردۆتەوە، مۆدیلی دیموکراسیەکەشی لەجیاتی پیاهەڵدان پێویستی بەچاکسازیە، ئەم چاکسازیەش لەڕێگای چارەسەری پرسی کورد دێتەدی. بەردەوامبوون لەچاکسازی تورکیا بەهێز دەکات. وەستان لەچاکسازی ئاڵۆزی و لاوازی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەدوادادێت.

هەواڵنامەی کتێب

# تورکیا.. نموونەیەک بۆ چاکسازی لەناوخۆدا



**توجان فەیسەڵ***

بەپێچەوانەی پێشبینی مامۆستا محەمەد حەسەنێن هەیکەل، دوای چەند مانگێک تورکیا سەلماندی نەک هەوڵ نادات ببێتە یاریزانێکی سەرەکی لە رۆژهەڵاتی ناوین، بەڵکو دەیەوێ سیفەتی رۆژهەڵاتی ناوینیانە لەخۆی دابماڵێ و سیفەتی ئەوروپیانە وەربگرێ. بێگومان لەئێستادا هەردوو سیفەتەکە دژ بەیەک و ناکۆکن، بۆ ئەوەی ببێتە ئەوروپی دەبێ دیموکراتی بیت و بە فەرمانڕەوایی زۆرینە رازی بیت و مافی کەمینەکان بپارێزی و رێز لە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی بگرێت، بەتایبەتیش مافەکانی ژنان، دەستبەرداری بەسەربازیکردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی سەربازەکان بێت، کە ئێستا پێی دەگوترێ «چاکسازی». ئەمەش خەوی دەسەڵاتدارانی عەرەب دەزڕێنێ!! رقیان لە گۆڕانکارییە، چونکە زۆربەیان هیچ پەیوەندییەکیان بە تازەگەرییەوە نییە، لەو بڕوایەدان لە سایەی تازەگەری نەک تەنیا قەبارەیان بچووک دەبێتەوە، بەڵکو بە مسۆگەری دەمرن، لە بەرامبەردا ترسیان هەیە کە نەتوانن خۆیان بگۆڕن و لەگەڵ پێویستییەکانی چاکسازی خۆیان بگونجێنن، ئەو کاتە دەیانگوت «ئەلتەرناتیڤیمان بۆ دەدۆزنەوە».

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو چاکسازیانەی تورکیا ئەنجامی داوە بە تەنیا «هەڵقوڵاوی ناوخۆیە» بەڕادەیەک وەکو بڵێی ئەوروپا لەجیاتی هاندان، کۆسپ دەخاتە بەردەم ئەو چاکسازیانە، ئەویش لە رێگەی بەستنەوەی ئەو چاکسازیانە بەهەندێ داواکاری سیاسی هەنووکەیی وەک داننان بە قوبرس، ئەو جێگەی سەرسوڕمانە بۆ جیهانی رۆژئاوا و تارادەیەکیش بۆ جیهانی ئیسلامی، ئەو چاکسازییە لەسەردەستی سەرکردایەتییەکی «ئیسلامی» ئەنجامدراوە. ئەگەر هەندێ لەسۆسیالیستەکان بڵێن کە ئیسلام لە بانگهێشتە جیهانییەکانی دیکە سۆسیالیسترە، ئەوا پێشەوای گەنجی تورکیا (بەڕاستی ئەو نازناوە مافی خۆیەتی) بیسەلمێنێ کە ئیسلام لیبرال و دیموکراتیشە! ئەمە بۆ ئەو دەسەڵاتدارە عەرەبانەی کە دەیانەوێ خۆیان لە پەنا «تایبەتمەندیی ناسنامەی ئیسلامی» بشارنەوە بۆ رەوایی دان بە رژێمە کۆنەپەرستەکانیان، کەچی ئەوانەی دەیانەوێ بە پاساوی پارێزگاریکردن لە «ناسنامەی نەتەوەیی» خۆیان لەچاکسازی دەدزنەوە، ئەوا ئەوەی رەجەب تەیب ئەردۆگان ئەنجامیدا کارێکە زیاتر خزمەت بە نەتەوەو نیشتمانەکەی دەکات، بگرە ئەو لەسەر رێبازی مستەفا کەمال ئەتاتورک دەڕوا بێئەوەی بکەوێتە ناو هەڵە و توندڕەوی، ئەو رێبازە کە بووە هۆی پاشەکشێی پرۆژە تازەگەرییەکەی و زەمینەی تانە و تەشەر لێدانی خۆشترکرد، بەتایبەتیش خۆکردنە رۆژئاوایی و نکۆڵیکردنی مافی کەمینەکان و بەسەربازیکردنی دەسەڵات، ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی ئەوەی کە ئەتاتورک هەوڵی بۆ دا کە وێنایەکی شارستانی بۆ تورکیا دروستبکات، چونکە لەگەڵ پێوانە دیموکراتیەکان و مافەکانی مرۆڤ دژ بەیەک بوون.

لە سایەی غیابی بەرهەڵستی بۆ رێبازی ئەردۆگان، بگرە دابەزینی ئاستی جەماوەری ئەربەکان، ئەو راستییەی خۆی دەسەپێنێ ئەوەیە کە ئەوەی پێیدەگوترێ ئیسلامی سیاسی تەنیا سیاسەتە، هەروەکو ئەو حزبانەی کە سیفەتی «مەسیحی» یان دەخرێتە پاڵ، یان ئاماژەیەکی ئایینیان پێوەیە وەک «موحافیزەکارە نوێیەکان» یەکەمجار و دواجار هەر حزبی سیاسین. ئایین پرسێکی غەیبییە ناچێتە ژێر باری عەقڵ و مەنتیق، بەڵکو دەچێتە ژێرباری «باوەڕوە» کە ئەوەش حاڵەتێکی ویژدانییە. بەم جۆرە ناکرێ ئایین نوێنەرایەتی «ئایدیۆلۆژیایەکی» سیاسی بکات، ئەمە جگە لەوەی بەرنامەیەکی کارکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ٩٠٪ی گیروگرفتەکان لەسەردەمی دەرکەوتنی ئایینەکان هەبوونیان نەبووە، بەلایەنی کەم وەکو گیرگرفتەکانی ئێستا ئاڵۆز و تێکچرژاو نەبوون. هەر شێوازێکی توندڕەوی گروپێک یان حزبێکی ئایینی جا لە بابەتێکی کۆمەڵایەتی بێ یان سیاسی، ئەوە واتای دادۆشین و تەوزیفکردنی ئایینە لە دەرەوەی چوارچێوە و بوارەکەی خۆیدا. ئەگەر بەشێکی ئەمە بەهۆی پاڵپشتی و تەوزیفکردنی دامەزراوە و پارت و میلشیای ئایینی ئیسلامی لەلایەن ئەمەریکا بۆ رووبەڕووبونەوەی پەلهاوێشتی بیروباوەڕی مارکسی دانی پێدانرابێ، ئەوا وێنەیەکی روونتر کە زیاتر گومان دەوروژێنێ لەناوخۆی ئەمەریکا دەردەکەوێ، نەک تەنیا بەناوی پاراستنی کەمینە ئاینییە مەسیحییەکان، چونکە ئەمە دەچێتە خانەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان، بەڵام لەلایەکی دیکەوە وێنای کەمینە مەسیحییەکان دەشێوێنێ سەبارەت بە پاراستنی مافە مرۆییە بنەڕەتییەکان، ئەمەش لە میسر سەبارەت بە ژنی کاهینی قیبتی «خاتوو وەفا» روویدا کاتێک ویستی ئیسلامبوونی خۆی بخاتەڕوو، بەڵام فیتنەیەکی تائیفی لێکەوتەوە و بە پروپاگەندەی دژ بەیەک باسی لێوەکرا، کە دواتر بەخۆپیشاندان و مانگرتن و بردنی خاتوو «وەفا» لەلایەن هێزەکانی دەوڵەت بۆ خانوویەکی لاچەپ و دانانی لە ژێر چاودێرییەکی توند کۆتایی هات. بەدرێژایی ٦ رۆژ جگە لەپیاوانی ئایینی مەسیحی کەس بۆی نەبوو بچێتە ژوورەوە، دواتر ئەو ژنە بەسەرێکی داپۆشراو کە وێنەی خاتوو «مریەم»ی پێوەبوو، لە سەر سنگیشی خاچێکی گەورە هەڵواسرا و بەیاوەری قەشە و پارێزەرانی قیبتی لەو ماڵە هێنرایە دەرەوە و بۆ چەند خولەکێک بردرایە بەردەم داواکاری گشتی و بەدەنگێکی نزم رایگەیاند کە ئەو وەکو مەسیحیەیک لەدایکبووە و بە درێژایی تەمەنیشی هەروا دەمێنێتەوە. دواتر بردرایەوە کلێسا!! نازانین چی لەو ماڵە لا چەپ و دوورە دەستەدا روویدا، بەڵام پێوەکردنی خاچێکی گەورە لە ملی خاتوو «وەفا» قارەمانی رۆمانی «پیتی قورمزی» بیرهێنامەوە کە کلێسا بڕیاریدا بەدرێژایی تەمەنی یەکەم پیتی وشەی «زینا» بە سینگیەوە بکات، بردنی خاتوو «وەفا» بۆ کلێسا دوای درکاندنی چەند وشەیەک کە واتای تۆبەکردن دەگەیەنێ، ئەوەمان بیردەخاتەوە کە هەر ژنێک تۆمەتی زیناکردنی بخرایە پاڵ دەبوو تا دوا چرکەساتی ژیانی لە کلێسا بمێنێتەوە تا گوناحەکەی لەسەر لابچێت! واتای کلێسای میسریش گەڕایەوە بۆ رەفتارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە بەهۆی ئەو کار و رەفتارانەوە بە سەدە تاریکەکان ناونرا!! بێگومان ئەمە لەلایەن خەڵکی ئاسایی و پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ زیان بەوێنەی کلێسە و مەسیحییەکان دەگەیەنێ، ئەوەی لێرەدا گرنگە لایەنە پەیوەندارەکانی کە لە پشت ئەو رووداوە بوون سەرلەنوێ ئوسولیەتێکی مەسیحی توندڕەویان دروستکرد، دەقاودەق چۆن پێشتر ئوسولیەتێکی ئیسلامی توندڕەویان دروستکرد کە بە تیرۆر (ئیرهاب) ناونرا هاتە وڵاتەکەیان تا لە رەگوریشەوە هەڵیبکەنێ!! کەواتە لەنگی و کەموکوڕییەکە لە خۆمانە، ئەمەریکا و ئیسرائیلیش بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندی موسڵمانەکان و مەسیحییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریدەهێنن، حکومەتی میسریش کەرێگەی بەمەدا یان بانگەشەی ئەوە دەکات نەیتوانیوە هیچ شتێک بکات، قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی راپۆرتی سێیەمی بوژانەوەی مرۆیی لەلایەن بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستەوەستان نەبوو، لێرەدا هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەمەریکا بە روونی دیارە بۆ بەرگرتن لە راپۆرتێکی زانستی ئەکادیمیە سەربەخۆکانی عەرەب کە باس لە بابەتی فەرمانڕەوایی و خراپی فەرمانڕەوایی و رێگرە یاسایی و دامەزراوەیی و ئایینەکان کە کۆسپن لەبەردەم چاکسازی سیاسی و بەشداری سیاسی لەجیهانی عەرەبی، هەروەها داوا دەکات بە فەرمانڕەوایی ژیر و دانایی پابەند بن کە لەوانەیە ببێتە کەمکردنەوەی قەبارەی گەندەڵی.

سەرەڕای ئەوەی راپۆرتەکە باس لە توندڕەوی ئایینی دەکات، میسریش وەکو زۆربەی رژێمە عەرەبیەکان بە تیرۆر ناوزەدی دەکات، کە دەبێتە لە قاڵبدانی چاکسازییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا میسر لەگەڵ بڵاونەکردنەوەی راپۆرتەکەیە، چونکە باس لە مەترسی بەمیراتبوونی دەسەڵات لە میسر و بارودۆخی ئازادیی ریکخراوەیی لە کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی دەکات، هەرچی ئەمەریکاشە هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەگەر راپۆرتەکە بڵاوبکرێتەوە ئەوا یارمەتییەکانی بۆ بودجەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ٧٠٪ی ئەو بودجەیە پێکدێنێت کەم دەکاتەوە، بەرهەڵستییەکەشی لەسەر پێشەکی راپۆرتەکەیە کە رەفتارەکانی داگیرکاری ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین، هەروەها داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا شەرمەزار دەکات.

سەیر و جیاوازیش لەوەدایە کە ئەمەریکا پشتی بە راپۆرتی یەکەمی بوژانەوەی مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ٢٠٠٢ دەرچووە بەستووە بۆ پاڵپشتیکردنی بانگەوازییەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەجیهانی عەرەبی و دارشتنی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە! ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەمەریکا لە بانگەوازیەکەیدا جددی نییە، هاوپەیمانییەتییەکانیشی بۆ بەرژەوەندی خۆی و ئیسرائیل دەخاتە سەر هەموو شتێکی دیکە.

سەلمێندراوە کە دیموکراسییەت و چاکسازی لەلایەن ئەمەریکاوە نایەت کە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات، بەڵام چاکسازی لەناو رژێمە عەرەبییەکانیش نایەت کە لە زۆرداری و گەندەڵیدا پشت بە ئەمەریکا دەبەستێ، بگرە لەجیاتی ئەمەریکا بەشێوەیەک کە وێنەی نییە گەلانی خۆیان دەچەوسێننەوە، بەرادەیەک گرتووخانەی ئەشکەنجەدان بۆ ئەو کەسانە دروستدەکەن کە ئەمەریکا دەیەوێ دەستگیر بکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ هەروەکو زیندانی ئەبوغرێب و گوانتانامۆ و ئەوانی دیکەش، بۆیە گەلان دەبێ بەرنامەی چاکسازی و پاکسازی لەدژی زۆرداری و گەندەڵی بەرجەستە بکەن. باشترین شت بۆ تورکیا ئەوە بوو لەجیهانی عەرەبیمان دەرخست، بێگومان نایەوێ بگەڕێتەوە، سەردانی ئەردۆگانیش بۆ سوریا تەنیا «بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانە» هەروەها داخستنی دۆسیەی کوردەکانە بەپێی بەرژەوەندی هەردوولا.

دوای ئەوەی تورکیا لە وڵاتەکانمان چووە دەرەوە یەکەم شت پشتی تێکرد پیتی عەرەبی بوو، سەرەڕای ئەوەی کە زمانی قورئان بوو، دەکرێ ئەمە وەکو ئاماژەیەک بێ بۆ دەرچوون لە شێوازی بیرکردنەوە و شێوازی فەتوادان و پاساو هێنانەوە بۆ سەرجەم شێوازەکانی توندڕەوی و دیکتاتۆرییەت، لەبەرامبەردا خراپترین شت بۆ ئەمەریکا ئەوە بوو کە بە ئارەزووی خۆی بەرەو زەلکاوەکانمان هات، ئەو پەندە ئینگلیزیەی لەسەر جێبەجێ دەبێ، □ کە دەڵێت: «گێلەکان بە مارشی سەربازیەوە بەرێدا دەڕۆن لەکاتێکدا قارەمانەکان ناتوانن پێیان لەسەر زەوی دابنێن»!! باشترین شتیش کە بەسەر ئێمەدا بێ ئەوەیە خاکەکانمان چیتر نەبێتە زەلکاوی وەستاو کە مێش و مەگەزی دەسەڵاتدارانی لەسەر کۆببێتەوە و لەناویشیدا تەرمی ئەو کەسانەی تێدا بۆگەن بێ کە بە باشترین شێوە هەل و دەرفەتەکان دەقۆزنەوە.

هەرچی تورکیاشە، دوای ئەوەی دەبێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی شارستانی و لەسەقامگیری و خۆشگوزەرانیدا دەژی، بێگومان دەگەڕێتەوە تا رۆڵێکی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوین و جیهانی عەرەبیدا بگێڕێ، بەڵام لەو روانگەیەی کە دەوڵەتێکی گەورەیە لەدەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، هەروەها رێبەرەکانی بە شەرعی هاتوونەتە سەر دەسەڵات و گەورەن وەک ئەردۆگان. نەک کەڵەشێر بن لەسەر ئەو زبڵخانانەی کە ئەمەریکا دوای خۆی جێیاندەهێڵێت.

*** توجان فەیسەڵ نووسەرێکی ئوردنییە لە عەممان دادەنیشێت.**

**باشترین شت کە بەسەر ئێمەدا بێ ئەوەیە خاکەکانمان چیتر نەبێتە زەلکاوی وەستاو کە مێش و مەگەزی دەسەڵاتدارانی لەسەر کۆببێتەوە و لەناویشیدا تەرمی ئەو کەسانەی تێدا بۆگەن بێ کە بە باشترین شێوە هەل و دەرفەتەکان دەقۆزنەوە**

# بانگەوازی سەرۆک کۆمار: دەستوورێکی نوێی ئازادیخوازانە



جەنگیز چاندار *

عەبدوڵڵا گویل بانگەوازی دەستوورێکی گونجاو لەگەڵ شارستانیەت و هاوشێوەی ئەورووپای کرد کە بەشداری خەڵک بە بنەما بگرێت، گوتیشی لەداهاتوودا پەرلەمان پەسندی دەکات.

عەبدوڵڵا گویل بۆ ئەوەی لە کۆمسیۆنی ئەورووپا گوتەیەک پێشکەش بکات کەوتبووە سەر رێگای ستراسبۆرگ. لەسەردانەکەدا کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی هەڵبژێردراویش هاورێ بوون.

ئاشکرابوو کە گویل لەستراسبۆرگ یا لەرێگای ستراسبۆرگ پەیامی گرنگ دەدات، پەیامی لەجۆری ئەو پەیامەی کە لەرێگەی سەردانی بۆ تاران کە گوتبووی لەم نزیکانە شتی باش سەبارەت بەمەسەلەی کورد دەبێت، بەبێ ئەوەی ئێمە بخاتە نێو چاوەڕوانیەکی زۆریش پەیامەکەی دا.

ئەگەر پەیامە گرنگەکەی بە وشەیەک کورت بکەینەوە ئەوا سەبارەت بە «دەستوری نوێ» بوو.

گویل دوای ئەوەی بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆمسیۆنی بەرگری و ئابووری تاوتۆێکرد چووە ناو بابەتەکەوە. گوتی: «کۆمسیۆنی ئەورووپا دیموکراسی و یاسا و مافی مرۆڤە. گەورەیی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپامان وەک دامەزراوەیەکی کۆمسیۆنی ئەورووپا پەسند کردووە».

لەکاتێکدا ئەوەی بەبیرهێنایەوە کە تورکیا سەردەمانێک لەمەسەلەی یاسا و مافی مرۆڤ لەلایەن کۆمسیۆنی ئەورووپاوە زۆر بە بچووکی سەیرکراوە و پاڵی پێوەنراوە. گوتی «لەکوێوە هاتینە کوێوە».

بەم قسانە کەوتە نێو بابەتەکەوە.

«پێش ئێستاش گوتم ئەم ئەنجومەنە بۆ دەستوورێکی نوێ ئەنجومەنێکی باش بوو، لە بونیادی کایەی سیاسی وڵاتەوە ئەنجامگیر دەبوو، بەڵام نەبوو. ئێستاش هیچ نەبێت دوای هەڵبژاردن پێویستە دەستوورێکی نوێ بهێنرێتە کایەوە. من ناچمە نێو وردەکاری ئەوەی کە پێویستە چیی تێدابێت. بەڵام ئەوەی پێویستە لەجیاتی گۆڕانکاری دەستوورێکی نوێ دروست بکرێت. نەک تەنها ئەو ماددانەی کێشەن بگۆڕدرێن. پێویستە دەستوور سەرلەنوێ بنووسرێتەوە. ئەمە پێش لەجەمسەرگیری دەگرێت». گویل سەبارەت بە بەندەکانی دەستووری نوێدا گوتی: «لێرەدا دەبێت بەند و یاساکان تا دوا ڕادە کراوە بێت، دەستوورێک بێت کە دیموکراسیانە بێت و وەکو ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی تێیاندا پێشکەوتون، پێویستە زۆر وردەکاریشی تێدابێت. چەندی وردەکاریشی تێدابێت ئەوەندە سنووردار دەبێت. وردەکاری بۆ ئەوە نییە ئازادی بدات بەڵکو ئامرازێکی سنووردارکردنە. دەستووری ئێمە پێویستە سنووردار نەبێت بەڵکو پێویستە ئازادی تێدابێت. پێویستە دەستووری ١٠٠ ساڵی داهاتوو بێت. چۆن وڵاتی وا هەیە ١٠٠ ساڵە دەستووری داناوە و ئێستاش بە بەرفراوانی کاری پێدەکات. ئەگەر وردەکاری بووایە ئەوانیش پێی نەدەگەیشتنە ڕۆژی ئەمڕۆ. پێویستە دەستوورێک بێت کە پرەنسیپە گشتیەکانی تێدا زاڵ بێت.

گویل سەبارەت بەشێوازی ئامادەکردنی دەستووریش چووە نێو وردەکاریەکانەوە. ئەگەر لە میتۆد دا هەڵە بکەین، لەبنەڕەتدا دەدۆڕێنین. سەبارەت بە میتۆد دەرسی زۆرمان وەرگرت. دەستوور تاچ ڕادەیەک خەڵک لەخۆبگرێت، خیتابی هەموو کەسێک بکات، بەو ڕادەیەش پەسندکردنی ئاسان دەبێت. دەتوانرێت ئەمە ئەنجامبدرێت. من لەو باوەڕادانیم کە پارت و گروپە جیاوازەکان بیری جیایان هەبێت سەبارەت بە بابەتە بنەڕەتیەکانی دەستوورێکی وەها. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ویستراوە تورکیا بەرەو کۆێ ببرێت. ئەمەش وەک پێش تۆزێک ئاماژەمان بۆ کرد ئاستی هاوچەرخی و مەدەنیەتە.

گویل لەکاتێکدا ئاماژەی بەوەدا کە کامپەینی هەڵبژاردندا هەڵوێست و ڕوونکردنەوە بنەڕەتیەکانی بە لۆژیکانە و هەڵوێستێکی باش بینیوە و هەروەها لەم ڕووە ئاماژەی بە ئاستەنگەکانیش کرد. بەڵام ئایا ئەم جەمسەرگیریە ڕێگە لەم کارانە ناگرێت کە ڕوودەدەن؟ سەبارەت بەو بابەتە دەسڵەممەوە. لەڕاستیدا با نیازی خۆیان ئاشکرابکەن. پێویستە لەئێستاوە بیر لەهەلومەرجی دوای هەڵبژاردن بکەینەوە. بۆئەوەی دەستوور دروستبکەین بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی دوای هەڵبژاردن پێویستە بەرەو هەڵبژاردن بچین.

گویل بەچڕی «هەلومەرجی دوای هەڵبژاردن»ی دووپات کردەوە، لەبەرئەوەی قۆناخی دروستکردنی دەستوور دەکەوێتە دوای هەڵبژاردن. گویل ئەم دەستەواژەیەی چەندین جار دووبارە کردەوە.

نامەوێت بکەومە پێگەی مرۆڤی ڕزگارکەر، چونکە هەموو کەسێک ئەقڵی لەسەریدایە، جاری وا هەیە بڕینی زمان لەبڕینی شیر زیاتر کاریگەری بەجێ دەهێڵێت.

لەزۆر گفتوگۆی مندا زمانی سیاسەت زۆر گرنگە. ئێمە زمانی سیاسەتی ئەمریکاشمان بینی. لەوێش بوو بە دەرد. لەئەورووپادا زمانی سیاسەت نەتەوەپەرستی چۆن دەوروژێنێ. ئێمەش پێویستە بیر لەقۆناخی دوای هەڵبژاردن بکەینەوە. پێویستە دوای هەڵبژاردن تورکیا ئامادە بکەین. ئەمە تەنها ناخەمە ئەستۆی سیاسەتەوە. پێویستە هەموو کەسێک بەشداری لەمەدا بکات. لەسەرەتاوە تا کۆتایی پێویستە هەمووکەسێک بەشداری لەدەستووردا بکات. سەرۆک کۆمار گوتی: «ئەوەی دەستوور دروست دەکات پەرلەمانی تورکیایە، نابێ ئەنجومەن ڕاوەستێت و کەسانی تر بیکەن».

ئەو لیژنەیەی دەستوور دادەڕێژێت کەسانی پرۆفیشناڵن. دەسکەوتی هەموو کەسێک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادە دەکات، پارتەکانیش هەن. ئەمانە هەموو دەگرێتە خۆ دەبێتە لیژنەیەکی پسپۆڕی دەستوور.

هەروەها سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوەدا کە لەوباوەڕەدایە لەئەنجومەندا پەسند دەکرێت و کە پەسندیش بکرێت پێویستناکات بخرێتە ڕاپرسیەوە. هەروەها لەوەڵامی پرسیاری سەبارەت بەسیستمی سەرۆکایەتی سڵەمینەوە و هەڵوەستەتان هەیە؟ گوتی: «هەڵبەتە هەڵوەستەم هەیە». هەروەک گوتیشی: «هەڵبەتە ئاوانتاژ و دژە ئاوانتاژی هەیە» سەبارەت بە پرسیارەکانی ماوەی سەرۆکایەتی گوتی: «ناچمە ناو ئەو بابەتەوە». سەبارەت بە دەستووری ١٩٨٢ گوتی: «تورکیا کراسێکی دڕاوی لەبەرکرد».

بەلای منەوە جوانترین و باشترین ئاماژەکانی گویل ئەوەبوو کە لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بەمۆدێلی باشووری ئەفریقیا گوتی: «پێویستە کوێی بەنموونەوە وەربگرین».

باشووری ئەفریقیا بۆچی بۆ ئێمە دەبێتە مۆدیل؟ ئێمە وڵاتێکی پارێزەری کۆمسیۆنی ئەورووپاین، دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا ئێمە پەیوەست دەکات. ئێمە وڵاتێکین کە گونجاوین لەگەڵ دەسکەوتەکانی یەکێتی ئەورووپا. کاتێک ئەمە لەئارادایە نرخ و بەهای ڕاستی خۆشمان هەیە. بەڵام هەڵبەتە هەموو داب و نەریتێکیش ڕاست نییە.

بەکورتی گویل بانگەوازی دەستوورێکی کرد کە پانتایی ئازادی تێدا بێت و هاوچەرخ و شارستانیانە بێت و وەکو وڵاتە پێشکەوتوەکانی ئەورووپا ڕێگە بە بەشداری خەڵک دەدات، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ئەم دەستوورە ئامادەکراوە و لەلایەن ئەنجومەنی باڵای میللی تورکیا (پەرلەمان)ەوە پەسند دەکرێت.

* ڕۆژنامەی ریفرانسی تورکی





# گویل: کێشەی کورد چاوەڕوانی دوای هەڵبژاردن ناکات



موراد یەتکین *

عەبدوڵڵا گویل لەڕێگەیدا بۆ سویسرا: «ماوەی هەڵبژاردن دیاری نەکراوە، ئەگەر چەک بێدەنگ بکرێت ئەوا بە متمانەیەکی گەوهەریانە هەنگاو دەنرێت».

عەبدوڵلا گویلی سەرۆک کۆمار لەڕێگەیدا بۆ سویسرا لێدوانی گرنگی دا.

سویسرا وڵاتێکی سەیرە، بە سیستەمە بانکیە جیهانیەکەی و بێ لایەنیەکەی و بەڕێوەبردنی هەرێمە فیدراڵیەکان کە بە (کانتۆن) ناسراون، لەڕێگەی دیموکراسی ڕاستەوخۆوە دەناسرێت. دانیشتوانەکەی ٧،٥ ملیۆن کەسە، سێ زمانی ڕەسمی هەیە، هەرێمی باکوور کە لەسنووری ئەلم□انیا نزیکە، پرۆتستانن. هەرێمە نزیکەکانی سنووری ئیتاڵیا کاسۆلیکن.

وەکو دەرەنجامێکی دیموکراسی ڕاستەوخۆ دەنگدەر بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەیە کە لەهیچ وڵاتێکدا لەجیهان وێنەی نییە. بۆنموونە، دەسەڵاتی ئەوە دراوە بەحکومەت کە لەساڵێکدا سەرۆک کۆماری دوو وڵات داوەت بکاتە سویسرا. سەرۆکی فیدراسیۆنی سویسرا (دۆریس لەوتارد) بۆ ساڵی ٢٠١٠ تورکیا و ئەڵمانیای داوەتکرد.

## یەکەمین سەردانی تورکیا

ئەمە یەکەمین سەردانی تورکیایە کە بۆ سویسرا ئەنجامدرابێت، لەم ڕووەوە گویل-یش شڵەژابوو، دەیگوت: «بەر لەدامەزراندنی کۆمار ڕۆشنبیرانی ڕاکێشابوو». یاسای بازرگانی و یاسای مەدەنیمان لەسویسرا وەرگرتووە. شاری (لۆزان) ڕێککەوتنی سەربەخۆیی تورکیای تێدا ئەنجامدرا هەروەها (زیوریخ) و (بەرگەتستۆن) دوو شاری گرنگی سویسران، کە ڕێکەوتنامەی قوبرسی تێدا ئیمزا کرا.

سویسراییەکان زۆر گرنگیان بەم سەردانەدا، زۆر بەباشی بەخێرهاتنی (گویل)یان کرد. دوای ئەوەی لە (زوریخ) دابەزین، بەشەمەندەفەر بەرەو (بێرن) چووین. بەشێوەیەکی فەرمی نانی نیوەڕۆیان لەشەمەندەفەر پێدایەن، کە بەتایبەت بۆ سەرۆک کۆمارەکان تەرخان کراوە. بەشاخ و دەشت و کەنار و ڕووبارە بەناوبانگەکانی سویسرادا تێپەڕین بەڵام ئەقڵمان هەر لای تورکیا و قسەکانی سەرۆک کۆمارە کە بەر لەکەمێک لەفڕۆکەدا بۆی کردین.

## سەبارەت بە بەرزکردنەوەی پلەی سێ ژەنراڵەکە

سەرۆک کۆمار بەر لەوەی لەئەنقەرە بەڕێ بکەوێت، سەبارەت بەسێ ژەنراڵەکە گوتی: «حکومەت دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا». بەڵام نەچووە نێو وردەکارییەوە. لەنێو فڕۆکەدا پرسیمان ئایا پێش تەجرید کردنی ئەو سێ ژەنراڵە ئێوە ئاگاداربوون یا نا؟ گویل گوتی: «هەڵبەتە ئاگاداربووم». دوای ئەوە سەبارەت بەپرسیارەکانمان گوتی: «لەوانەیە ئەو ڕووداوە لەسۆنگەی ئەوەی کە یەکەمجارە ئەنجامدەدرێت، گرنگ بێت بەڵام هەڵوەستەی یاسا سەبارەت بە بابەتەکان شتێک نییە کە زۆر گەورە بکرێت. بابەتێکی بەم شێوەیە هەیە. بابەتەکە بەرلەئێستا لەسەر بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش کە ئاستی بەرپرسیارێتی لەدەوڵەتدا بڵندتریشە پەیڕەوکراوە.

کاردانەوەی پەکەکە لە ئیمیرالی و قەندیل سەبارەت بە قسەکانی بایدەمیر کە گوتبووی «چەک ڕۆڵی خۆی تەواو کرد». جێگای سەرنجی ڕۆژنامەنوسەکان بوو، گویل گوتی: «من ناو نابەم، بەڵام بە چەک و هەڕەشە کەس ناگاتە ئامانجەکانی و ناگاتە شوێنی مەبەست. مەگەر تەنها دەبێتە هۆکاری ئەو ئازارانە. هەڵبەتە زیانی دەبێت.

بەمەش لەئەنجامدا گویل بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاوکاری بایدەمیری کرد. هەڵبەتە ئەمە شتێکی باشە کە ئەوەی سیاسەت دەکات ئەو شتە بینێ. بیلال چەتین پرسی چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد حکومەت هان بدەی بۆئەوەی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد پێش هەڵبژاردن هەنگاو بنرێت. ئایا پرسی کورد دەبێت چاوەڕوانی هەڵبژاردن بکات؟

لەوەڵامدا گویل گوتی: «نەخێر ئەمە پرسی هەموو کاتێکە». گویل سەبارەت بە هێشتنەوەی پرسی کورد بۆ دوای هەڵبژاردن وەها هەڵسەنگاندنی خۆی کرد: «من لەو قەناعەتەدا نیم کە کەهەموو شتێک ڕابوەستێت. خۆی لەخۆیدا هێشتا بەرواری هەڵبژاردن لەئارادانییە. بۆچی دەیهێڵینەوە؟ چەندی چەک بێدەنگ بێت و توندوتیژی بوەستێت ئەوەندە باوەڕی دروست دەبێت.

## کتێبە سوورەکە

وەکو دەزانرێت بەڵگەنامەی سیاسی ئاسایشی نەتەوەیی کە بە «کتێبە سوورەکە» ناسراوە گۆڕانکاری تێداکرا. سەبارەت بەپرسیاری ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانەوە چۆنە لەگەڵ پێشووتر؟

گویل گوتی: «ئەو گۆڕانکاریە نوێیانە هەموو بەگوێرەی ئەوە دەکرێن کە تورکیا بگەیەنێتە شوێنی مەبەست. تورکیا چۆن دەگۆڕێت؟ بابەتەکەمان دەگۆڕین، پەیڕەوکردنەکان دەگۆڕین. وڵاتان ڕەوشی ناوخۆیی و دەرەکی خۆیان هەڵدەسەنگێنن».

* ڕۆژنامەی رادیکاڵ-ی تورکی



هەواڵنامەی کتێب

# تورکیا لەچاوەڕوانی شەڕی هەڵبژاردندا

لە دوو ساڵی ڕابردوودا بایەخێکی گەورە بەمەسەلەی ناسنامەی دەوڵەتی تورکیا بەدیدەکرێت، هەندێک ئەو بابەتەیان وەک قەیران تەماشادەکرد و بەتایبەت دارێژەرانی ستراتیژیەت پێیانوابوو دیار نییە پرسی ناسنامە بەچ ئاراستەیەک گوزەر دەکات، ئایا دەبێتە دەوڵەتێکی ئیسلامی هەڵگری ڕوئیای عوسمانیەکان بەشێوەیەکی نوێ، یان ڕووەو ئەوروپا گوزەر دەکات؟

لەگەڵ ئەوەی ئەتاتورک تا لەژیان مابوو بەردەوام جەختی لەسەر نەبوونی هیچ قەیرانێک بەناوی «قەیرانی ناسنامە» دەکردەوە، بەڵام ئەو مەسەلەیە لەنێوەندی ڕۆشنبیری و نوخبەی تورکیادا هەر بەکراوەیی مابۆوە ئەتاتورک لەڕێگەی ئەندامبوونی و لا تە کە ی

لەیەکیەتی ئەوروپا پێیوابوو دەتوانێ بەیەکجارەکی خۆی لە میرات و پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی قوتاربکات کە لەدوارۆژەکانی تەمەنیدا نەهامەتی و ماڵوێرانی بۆ تورکیا هێنا کاتێک لەسەردەمی شەڕی سارددا کە تورکیا لەکۆمسیۆنی ئەوروپا هاوپەیمانیەتی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) وەرگیرا زۆر کەس پێیان وابوو کە خەونەکەی ئەتاتورک هاتەدی، بەڵام دواتر ئاراستەی ڕووداوەکان بەپێچەوانەی حەز و گومانی تورکیا پێگەیان گرت، لەحاڵی ئێستادا ئەوروپا ئامادە نییە تورکیا لەباوەش بگرێت. مەسەلەی ناسنامەی دەوڵەتی تورکیا و هزری ئەندامبوون لەیەکێتی ئەوروپا و پەیوەندی پارتی دادو گەشەپێدان بەئایینی ئیسلامەوە شان بەشانی باروودۆخی ئابووری چاوەڕێ دەکرێت هەموو ئەوانە بابەتی سەرەکی و

میحوەری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بن کە لەئێستاوە ئامادەسازی لەلایەن پارتەکانەوە دەستی پێکردووە.
تا ماوەیەک پێش ئێستا پێشبینی دەکرا AKP بۆ جاری سێیەم سەرکەوتن تۆمار دەکات، بەڵام دابەزینی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت وایکرد AKP ڕێژەیەکی بەرچاوی پشتیوانی جەماوەری لەدەستبدات، ڕاستە ئابووری تورکیا سەرباری ئەو قەیرانەی ئەمڕۆ تییکەوتووە، هێشتا لەئابووری بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەندام لەیەکیەتی ئەوروپا باشترە، بەڵام ئەوە بۆ یەکەمجارە لەماوەی ١٠ ساڵی حوکمڕانی دادو گەشەپێداندا بودجەی دەوڵەت کورتی تێدەکەوێت و ڕێژەی بێکاریش بەرز دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە دوای ماوەیەکی زۆر لەڕکابەری سیاسی ئەمجارەیان لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەژێر چەتر و خۆری

(پارتی کۆماری گەل)دا گرد دەبنەوە.
لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو کەمال ئەتاتورک هەوڵیدا سیستمی پەرلەمانی و ژیانی حزبی هاوشێوەی سیستمی بریتانیا دابمەزرێنێ، کە پشت بە ڕکابەری دوو حزبی سەرەکی دەبەستێ، ئەوانیش پارتی کۆماری گەل (CHP) و پارتی دیموکراسی (DP)ن، بەڵام دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٠ بەسەرکردایەتی ژەنراڵ جەمال گورسێل پارتی دیموکراسی بەرەو پووکانەوە و لەناوچوون ڕۆیشت و گۆڕەپانەکە تەنها بۆ پارتی کۆماری گەل مایەوە، لەئاستی میللی تورکیادا ناوبراو وەک گوێڕایەڵی عەسکەرەکانی تورکیا دادەنرێت، چونکە بێ دەنگ و بێ هەڵوێستە بەرامبەر بەو هێرش و دەستدرێژیکاریانەی لەڕابردوودا سوپا بەرامبەر دیموکراسیەت نواندویەتی، پارتی کۆماری گەل لەپێناو ڕەشکردنەوەی ئەو وێنە و تۆمەتانەی لەنێوەندی میللی تورکیادا








ئاراستەی دەکرا، هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتە ئیسلامییەکان دیسکۆرس و نەهجێکی چەپڕەوانەی گرتەبەر.

مردنی (بلَند ئەجەوید)ی سەرکردەی خودان کاریزما، کە ڕابەرایەتی پارتی ناوبراوی دەکرد، هاوشان لەگەڵ خەوش و ناتەواوییەکانی دەنیز بایکاڵ پێگە و سەنگی پارتی کۆماری گەل لاواز و تەسک بوو، تا ئەوەی لەبەهاری ڕابردوو لەگەڵ گەیشتنی سەرکردەی بەتوانا (کەمال کلچدار ئۆغلۆ) بۆ هەرەمی سەرکردایەتی CHP ڕابوون و هەڵسانەوەی بەخۆوە بینی و بەشێوەیەک ئێستا زۆر بەهێزتر لەجاران لەسەرجەم ناوچەکانی تورکیا دەبینرێ.

لەم سەروبەندەدا سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن CHP هەنووکە لەدانوستان و گفتوگۆدایە لەگەڵ ٦ پارتی بەرهەڵستکاری بچووک لەپێناو دامەزراندنی هاوپەیمانێتی و بلۆکێکی سیاسی تا بەشداری هەڵبژاردنەکانی پێبکات، ئەمەش بەعورفێکی نوێ دادەنرێت لەژیانی سیاسی تورکیا چونکە پارتە سیاسیەکان دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی پێکدەهێنن نەک پێش هەڵبژاردنەکان. چاودێران پێیانوایە گەربێتوو تەنها ٣ پارت لەو پارتە نەیارانەی ئاماژەمان پێدا لەگەڵ CHP بگەنە ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتی پێکبهێنن ئەوا دەتوانن بەرەکە لەژێر پێی AKP دەربهێنن و بگەنە زۆرینەی پەرلەمانی، بەڵام هێشتا چەند ئاستەنگ و لەمپەرێک لەبەردەم پارتی کۆماری دان تا بتوانێ پێگەی جاران وەربگرێتەوە. یەکێکیان پەیوەستە بە ناسنامەی پارتەکە کە هەندێک لەسەرکردەکان پێشنیاری ئەوەیان کردووە گەر بەشێوەیەکی رووکەشیش بێ بەرگێکی ئیسلامیانە بپۆشێ بۆ ڕکابەریکردنی پارتی داد و گەشەپێدان، ئاستەنگی دووەمیش خۆڕزگارکردنە لەو نبرە ئیشتراکییەی کە لەگەڵ ئەمڕۆی کۆمەڵگای تورکیا ناگونجێ.

لەلایەکی دیکەوە پارتی داد و گەشەپێدان لەو








ئان و ساتەدا لەهەوڵی گەمارۆدان و کاڵکردنەوەی زیاتری سیمای عەلمانیەتە لە کایەکانی دەوڵەتدا، ئۆپۆزسیۆنیش لەسەرووی هەموویانەوە CHP تاکە بژار لەبەردەمیدا بەرەنگاربوونەوەی ئەو نەهجەی AKP یە، چونکە CHP دەبێ ئیش لەسەر کەموکوڕیەکانی AKP بکات وەک ڕەوتێکی ئیسلامی نەک بەخۆنزیکردنەوە لە گوتارە ئیسلامیەکەی AKP. پارتی کۆماری گەل ئەگەر بیهەوێ ببێتە جێگرەوەی AKP دەبێ بەرنامەیەکی گشتگیر لەئاستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان دابرێژێ، چونکە ئەمڕۆ AKP لەم هەموو بوارانە تاڕادەیەک تووشی ئاستەنگ و کورتهێنان هاتووە، بۆ نموونە لەئاستی سیاسیدا، بەتایبەتی لەمەسەلەی کورد گەیشتۆتە تونێلێکی داخراو و ئێستا لەهەوڵی هەڵگیرسانەوەی شەڕدایە تا دەغدەغەی هەست و سۆزی هێزە نەتەوەپەرستەکانی پێبکات.

لەسیاسەتی دەرەوەشدا، ڕکابەریکردنی ئیسرائیل و خۆ نزیککردنەوە لەئێران زیانی بەتورکیا گەیاندووە، هاوکات بەشێکی زۆری سەرکردەکانی AKP تۆمەتبارن بە گەندەڵی و پێوەندی بازرگانی لەگەڵ کۆمەڵێک لەپیاوانی کار و بازرگانان. لەئاستی ئابووریشدا وەک ئاماژەی پێدا، ئابووری تورکیا ئەمڕۆ لەوەتای باڵادەستبوونی پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر شانۆی سیاسی تورکیا لەخراپترین قۆناخەکانیدایە، بودجە کورتی هێناوە و ڕێژەی بێکاریش لەپەرەسەندندایە، بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پێشهاتانە شتێکی سەیر نییە کە نێوەندەکانی ڕاپرسی باس لە دابەزینی ڕێژەی لایەنگرانی AKP بکەن، پێدەچێ لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا چانسێکی باش لەبەردەم CHP و سەرکردەکەی کەمال کلچدار ئۆغلۆ دابێ لەبەرامبەریشدا سەردەم و قۆناخێکی ناخۆش و دژوار چاوەڕێی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دەکات.

**سەرچاوە: ئەلشەرقولئەوسەت**

# «هەندێك لـــە داواكارییەكانی ئۆجەلان جێبەجێ دەكرێن و ئێستاش گفتوگۆی ئەوە هەیە كە ئاگربەست ببێتە چەكدانان»

## وتووێژی توركیاناسی لەگەڵ یاسەمین چۆنگار سەرنووسەری رۆژنامەی تەرەف



یاسەمین چۆنگار، ساڵی ١٩٦٦ لەدایک بووە و کچی گولای ئوغوراتای پیانیستە کە ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کرد. بەهیج چۆنگاری باوکی کە ئەندازیاری ژیۆلۆژی بوو، سەرۆکی ژووری ئەندازیارانی ژیۆلۆژی بووە. خوێندنی دواناوەندی لە ئەمریکا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٤ لە ئاژانسی دەنگوباسی ئانکا دەستی بە رۆژنامەوانی کرد. کاتێک سەرقاڵی رۆژنامەوانی بوو، بەشی ئابووری مولکیەی تەواو کرد. بە هۆی چالاکییەکانی لە رێکخراوی خوێندکارانی مولکیەدا ناسرا. ماستەری لە بەشی ئەمریکاناسیدا لە زانکۆی جۆرج تاون لە ئەمریکا وەرگرت.

لە گۆڤارەکانی یارن و زانست و هونەردا کە بە نزیکییان لە پارتی کرێکارانی تورکیا بە سەرۆکایەتی بەهیجە بۆران دەناسرێن، نووسینی هەبووە. لە ستافی گۆڤاری یارن بوو. لەو کاتەدا، لە ئیستانبول بە تۆمەتی «پروپاگەندەی کۆمۆنیزم» دادگەیی کرا و بێتاوان دەرچوو.

لە ئانکا وەک پەیامنێری دیپلۆماتیک کاری کرد. دواتر لە رۆژنامەی جومهورییەت کاری کرد کە سەرنووسەرەکەی حەسەن جەمال بوو.

ساڵی ١٩٩٠ چووە لەندەن و لە BBC کاری کرد. دوای ئەوەی لە لەندەنەوە گەڕایەوە تورکیا، لە کۆمپانیای ستراتیژی-مۆری کە لە بوارەکانی دەرمان، ئابووری و پەیوەندیدا شارەزاییەکی زۆری هەبوو و کاری پەیوەندیی دامەزراوەیی و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا لە ئیستانبول کاری دەکرد، دەستی بە کار کرد. دواتر لە رۆژنامەی یێنی یوزیل کاری کرد و لەسەر داواکاری ئوفوق گولدەمیر، چووە رۆژنامەی میللییەت.

لە میللییەت بووە پەیامنێری واشنتۆن و هەروەها گۆشەنووس. لە ساڵی ١٩٩٥ەوە لە واشنتۆن کاری رۆژنامەوانی دەکات. رۆژانی دووشەممە لە گۆشەکەیدا باس لە سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکات و لە پاشکۆی رۆژانی یەکشەممەشدا لەسەر ئەدەبیات، هونەر و ژیانی رۆژانە دەنووسێت. ساڵی ٢٠٠٧ دیدارەکانی لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری ناوداری وەک ئۆرهان پاموک، پاوڵ ئۆستەر و سەلمان روشدی بڵاو بوویەوە. ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ هەواڵی رووداوی هادسۆن هاتە رۆژەڤ و چۆنگار کە لە CNN تورک کار دەکات، لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە بەرنامەیەکی مانگانەی بە ناوی «ئێرە واشنتۆنە» دەست پێ کرد. دوای جیابوونەوەی لەو کەناڵە، لە چووە رۆژنامەی تاراف. لە رۆژنامەی تاراف لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە جێگری سەرنووسەرە.

یاسەمین چۆنگار خێزاندارە و دایکی کچێکە.

سازدانی توركیاناسی

❖ **دوا پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕە سیاسییەكانی توركیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا رۆژەڤی توركیا بەم گۆڕانكاریانەوە بەرەو كوێ دەچێت؟**

– پێنج مانگی دیكە هەڵبژاردنی گشتی لە توركیا بەڕێوە دەچێت، بۆیەش رۆژەڤی سیاسیی یەكەم ئێستا سندووقە. كاتێك باس لە گۆڕانكاریی گەورە دەكەین، لە لایەكەوە كرانەوە بە رووی كورد و لە لایەكی دیكەوە دۆزینەوەی رێگەچارەیەكی ئاشتیانە بۆ پرسی پەكەكە كە دەبوو لە لایەن حكوومەتی پارتی داد و گەشەپێدان بەڕێوە چووبا، بە هۆی نزیكبوونەوەی هەڵبژاردن و گوشاری رەگەزپەرستەكان، تووشی وەستانێك بووە. لەلایەكی دیكەوە توركیا بە داوای دەستوورێكی نوێوە بەرەو ئەم هەڵبژاردنە دەڕوات و بە لانی كەمەوە رای گشتیی توركیا ئەم داوایەی هەیە. پارتی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧دا بە دروشمی دەستووری مەدەنی هاتە سەر دەسەڵات، بەڵام تێیدا سەركەوتوو نەبوو، ئێستاش ئەو بیرە لای پارتی داد و گەشەپێدان و پارتی كۆماریی گەل و حزبەكانی دیكە هەیە. داواكاریی ئێمەش ئەوەیە كە پارتەكان شێوازی كاریان و ئەو گۆڕانكاریانەی لە دەستووردا دەیدەن، بۆ دەنگدەران روون بكەنەوە، لێرەدا پرسی كورد زۆر گرینگە، چونكە بە بڕوای من چارەسەریی یەكجارەكیی پرسی كورد بێ گۆڕانكاریی دەستوور ناكرێت، ئەندامانی حزبە سیاسییەكانی ناو پەرلەمانیش ئەمە دەزانن. هەروەها پێموایە لەماوەی داهاتوودا گفتوگۆی زۆر لەسەر پرسی پەروەردە بە زمانی دایك بكرێت.

لە لایەكی دیكەوە گۆڕانكاریی بەرچاوی دیكە كە لەم چەند ساڵەی دواییدا رووی داوە، كەمكردنەوەی دەسەڵاتی سوپا بەسەر حكوومەت و سیاسەت بووە، كە ئەمەش بە لێپێچینەوە و ئاشكراكردنی پلانی كۆدەتای باڵیۆز و ئەرگەنەكۆن بەرچاو دەكەوێت.

❖ **دەبینین كە كرانەوە كەوتووەتە قۆناخێكی دیكەوە كە لەم پێناوەدا ترافیكێكی دیپلۆماسیی گەرم و گوڕ هەیە، لەم ماوانەی دواییدا عەبدوڵڵا گول سەردانی دیاربەكری كرد و لێدوانی گرینگی دا، پێشتریش رایگەیاندبوو كە پرسی كورد زیاتر لەوەی كە پرسێكی ئاسایشی بێت، لایەنی سیاسی و ئابووری و مێژوویيشی هەیە لەبری ئەوەی گفتوگۆ لەسەر بوون یان نەبوونی ئەم پرسە بكەین، دەبێ بە پێشخستنی ئیرادەی سڤیل، چارەسەری بكەین.**

هەواڵنامەی کتێب


سیاسی
ساڵی دووەم ● ژمارە (٨) ● کانوونی یەکەم و شوبات ٢٠١١

**به بڕوای ئێوه پارتی داد و گەشەپێدان چۆن لە پرسی کورد دەڕوانێت و بە چ شێوەیەک خوازیاری چارەسەرکردنیەتی؟**

– پارتی داد و گەشەپێدان یان باشتر بڵێین دەوڵەت، ئێستا خوازیاری ئەوەیە که چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ ئەو پرسە بدۆزێتەوە و ئێستاش گفتوگۆی ئەوە هەیە کە ئەو ئاگربەستە ببێتە چەکدانان. بۆ ڕازیکردنی پەکەکەش بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاریی یاسایی جۆراوجۆر پێویستە. ئێستا گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی لێبوردن دەکرێت کە چ کەسانێک دەگرێتەوە و ئەندامانی پەکەکە لە کوێ نیشتەجێ بکرێن و لە حاڵەتی پێویستدا بۆ چ وڵاتێک بنێردرێن. بەڵام لە ڕاستیدا بەر لە هەڵبژاردنەکان چاوەڕوانی هەنگاوی گرینگ ناکەم. چونکە هەڵوێستی ڕەگەزپەرستەکان دوای یەکەم هاتنەوەکان لە خابوورەوە دەزانین کە گوشارەکانیان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر پاشەکشە لە هەنگاوەکاندا هەبوو. بەڵام ئەمە بەردەوام دەبێت. هەروەک خۆشتان ئاماژەتان پێ دا لێدوانی ئەرێنی هەیە، بەڵام پێویستە لە لایەن سیاسەتوانەکانەوە زیاتریش بێت، بەڵام مەسەلەی سەرەکی، گۆڕانکاریی دەستوور



ئەردۆغان بە تۆمارکردنی داواکەی لە دژی ئەحمەد ئاڵتان هەڵەی کرد و نیشانیدا کە هێشتا توانای هەڵگرتنی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسێکی نییە و ئەو بنەما دیموکراتیانەی لەناو خۆیدا هێشتا دروست نەکردووە. ئەمە شکستێکی گەورە بوو

هەواڵنامەی کتێب





و یاساکانی دیکەیە. لەمەسەلەکانی زمانی دایک، مافی هاووڵاتیبوون، یاسای پارتە سیاسییەکان، کەمکردنەوەی بەربەستی هەڵبژاردن (١٠٪)، هەروەها ناسنامەی کورد بە فەرمی بناسرێت و ڕەخساندنی بواری نوێنەرایەتیی سیاسیدا گۆڕانکاریی جددی پێویستە.

❖ **مەسەلەی سەرەکیی دەستوورە، بەڵام سەردانی عەبدوڵڵا گول بۆ دیاربەکر پرسیار و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لای کورد دروست کرد. هەندێک چاودێری سیاسی دەڵێن پارتی داد و گەشەپێدان دەیەوێ هەتا کاتی دەربازکردنی هەڵبژاردنەکان و بە مەبەستی لەدەستنەدانی دەنگەکانی، سیاسەتێکی دووڕوویانە بەڕێوە ببات. لە لایەکەوە دەڵێ تاک وڵات، تاک نەتەوە، تاک ئاڵا، لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێ کە هێشتا لە چارەسەرکردنی پرسی کورد پەشیمان نەبوونەتەوە. ئەم ڕەوشە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– لەلایەکەوە سەرقاڵی ڕەخساندنی هەلی دابەزاندن و چەکدانان بە پەکەکەن و لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵێک هێڵی سووریان هەیە. دامەزراوی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆبوونەوەیەکیدا لێدوانی یەک وڵات و یەک ئاڵای دا. تەواوی لایەنەکانیش هاوڕا نین. لە لایەکی دیکەشەوە ناچارن هەم بە خۆیان و هەم بۆ هاووڵاتیان ڕایبگەیەنن کە ئەمە دابەشکردن و جیابوونەوە نییە، نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان کاریگەریی لەسەر لێدوانەکانی گول هەیە. دەنگدانی ڕەگەزپەرستەکان لە حاڵەتێکدا کە ئەم مەترسیانە نەبن ئیمکانی هەیە. بۆیەش دەتوانین بڵێین ئەمە سیاسەتی پاراستنی هاوسەنگییەکانە، دەنگی ڕەگەزپەرستەکانیش هەر وەک هەموو هەڵبژاردنەکان، لەم هەڵبژاردنەشدا زۆر گرینگە.

❖ **هەرچەندی پارتی داد و گەشەپێدان چاوی لەوەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگێکی زۆر بەدەست بهێنێت، بەڵام هەندێک چاودێری سیاسی دەڵێن ناتوانێ باڵانسێک لە نێوان ناوچە کوردنشین و تورکنشینەکاندا بپارێزێت و ڕەنگە دەنگێکی زۆر لە ناوچە کوردنشینەکاندا لەدەست بدات. لەم بارەیەوە ڕاتان چییە؟ هەروەها پێتان وایە کێشە و ململانێی نێوان پارتی داد و گەشەپێدان و پارتی ئاشتی و دیموکراسی بەرەو کوێ دەچێت؟**

– ئەو دوو حزبە، ململانێی دەنگیان هەیە، پارتی ئاشتی و دیموکراسی دەنگەکانی لە تەنیا ناوچە کوردنشینەکاندا بەدەست دەهێنێت و ئەوپەڕیش کوردەکانی ئیستانبول دەنگی پێ بدەن، پارتی داد و گەشەپێدانیش لە ناوچە کوردنشینەکان، دەنگێکی زۆری هەیە، ئەگەر ئەم جارە لەوێ دەنگێکی زۆر بەدەست نەهێنێت، ئەم جارەیان ناتوانێ زۆرینەی پەرلەمان پێک بهێنێت. ململانێیەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو حزبەدا بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کوردەکان هەیە. کوردە دیندارە موحافەزەکارەکان دەنگیان بە پارتی داد و گەشەپێدان دا، بەڵام لە مەسەلەی کرانەوەدا خۆیان بە هەڵخەڵەتێنراو دەبینن، هەروەها پێشیانوایە کێشەکانیان بە هۆی پارتی ئاشتی و دیموکراسییە. چۆنیەتیی هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکانیش زۆر گرینگە، بەڵام لە حاڵی حازردا نازانم ڕەوشەکە چۆن دەبێت. چاوەڕێی ڕێککەوتنی ئەم دوو لایەنەش ناکرێت و ململانێیەکی زۆریان هەیە کە ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە.

❖ **ئۆجەلان ڕایگەیاند کە ئەگەر پارتی داد و گەشەپێدان هەتا مانگی ئادار هەنگاوی جددی نەهاوێت، دەکشێمەوە، ئەم لێدوانە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟**

– هەندێک لە داواکارییەکانی ئۆجەلان جێبەجێ دەکرێن، بەڵام ئەو چاوەڕوانییەم نییە کە تەواوی داواکارییەکانیشی جێبەجێ بکرێن. هەروەها ئەوەش چاوەڕوان ناکەم کە ئۆجەلان بە تەواوەتی بکشێتەوە. چونکە گفتوگۆ هەیە، ئۆجەلان نایەوێ ئەو گفتوگۆیانە بوەستێندرێن، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەمووماندایە. ڕاگرتنی ئاگربەست هیچ سوودێکی بۆ هیچ لایەنێک نابێت، ئۆجەلانیش ئەمە دەزانێت. ئەمە مامەڵەیەکە و لە سیاسەتدا ئەو شتانە دەڵێ و گوتنیشیان تا دوا ڕادە ئاساییە. بەڵام باشترکردنی ڕەوشی زیندان و بەردەوامیی گفتوگۆیەکان زۆر گرینگن. ئۆجەلان دەبێ ئەوە بزانێت کە باشتربوونی ڕەوشەکە پەیوەندیی بە گۆڕانی دەستوورەوە هەیە کە بۆ ئەمەش نابێ کاناڵەکانی دیالۆگ دابخرێن و سوودمەندبوونی دیالۆگیش پەیوەندیی بە نەمردنی مرۆڤەکانەوە هەیە.

❖ **بە بڕوای ئێوە درێژکردنەوەی ماوەی ئاگربەست هەتا مانگی حوزەیران چ کاریگەرییەکی لەسەر قۆناخی ئاشتی دەبێت؟**

– کاریگەرییەکی زۆر گەورەی دەبێت، بەڵام بە بڕوای من لەبری ژماردنی مانگەکان، پێویستە

**ئەردۆغان وەک تۆنی بلێر نییە، تەنیا لەگەڵ شەڕی چەکداریی پەکەکە ڕووبەڕوو نییە، لەلایەکەوە پەکەکە و لەلایەکی دیکەشەوە سوپای وڵاتەکەی خۆی، من لەو بڕوایەدا نیم کە هێشتا سوپای تورکیا بە تەواوەتی ملکەچی دەوڵەت بێت، لە حاڵێکدا لە بەریتانیا بەم شێوەیە نەبوو**

ئاگربەستێکی هەمیشـەیی بێت و دواتریش ببێتە قۆناخی دانانی چەک. بەڵام کاتێک کە مرۆڤەکان بکوژرێن، دیالۆگ هیچ سـوودێکی نابێت و ناکرێ چاوەڕوانیی دیالۆگ بکرێت.

❖ **ئۆجـەلان بـاس لە پـڕۆژەی خودموختاریی دیموکراتیـک دەکات کە لە دەسـتووری ١٩٢١ی تورکیادا پەسـند کراوە، ڕاتان سـەبارەت بەمە چییـە؟ ئایـا ئەمـە دەبێتـە چارەسـەر؟ ئایا ڕێگەچارەی ئیرلەندا لە تورکیاش ڕێگەی تێدەچێت و ئەردۆغانیش وەک تۆنی بلێر دەتوانێ بڕیارێکی وەها بدات؟**

– منیـش خودموختاریـی دیموکراتیـک وەک بیرۆکە بـە ئەرێنی دەبینم، بەڵام لێرەدا کات زۆر گرینگە. بە بـڕوای من هێنانەوەی خودموختاریی دیموکراتیک وەک تاکە ڕێگەچارە هەڵەیە. چونکە یەکسـەر کاردانـەوەی دەبێت کە ئایـا ئاڵایان دەبێـت؟ سـروودی نەتەوەییان دەبێـت؟ جیا دەبنەوە؟ و دەیان پرسـیاری تر، من بە گشـتی لەگـەڵ خودموختاری ناوچەکانـم، لەگەڵ ئەوەم کە شـارەوانییەکان دەسەڵاتیان زیاتر بێت. ئەمە بیرکردنـەوەی ڕەگەزپەرسـتەکان لاواز دەکات، بەڵام لـەم قۆناخەدا کاتی نییە. بەڵام ئەگەر ئەم پێشنیارە لە لایەن پارتی ئاشتی و دیموکراسییەوە دەکرێت، با پێشنیاری خۆی بکات.

ئەردۆغان وەک تۆنی بلێر نییە، تەنیا لەگەڵ شەڕی چەکداریـی پەکەکە ڕووبـەڕوو نییە، لە لایەکەوە پەکەکە و لە لایەکی دیکەشەوە سوپای وڵاتەکەی خۆی، من لەو بڕوایەدا نیم کە هێشـتا سـوپای تورکیـا بە تەواوەتی ملکەچـی دەوڵەت بێت، لە حاڵێکدا لە بەریتانیا بەم شێوەیە نەبوو.

❖ **زۆر جار میدیـای تورکی دەڵێن کە ئۆجەلان و دەوڵەت گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک، ئەمە تا چ ڕادەیەک ڕاستی هەیە؟**

– بە بڕوای من لەسـەر مەسـەلەی چەکدانان و چارەسەری ئاشتیانە هاوڕاییەک لە نێوان ئۆجەلان و بەردەنگەکانـی بە ناوی دەوڵەتەوە هەیە، بەڵام بڕوا ناکەم هێشـتا لەسـەر ناوەڕۆک و شێوازی چارەسەرەکە گەیشتبنە ڕێککەوتنێک.

❖ **ڕەجەب تەیـب ئەردۆغان داوایەکی لەسـەر ئەحمەد ئاڵتان تۆمار کـردووە، ئەو داوایە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– سـەرۆک وەزیران بـە تۆمارکردنی ئەو داوایەی کارێکی هەڵـەی کرد، هەروەها بەرلە تۆمارکردنی داواکەشـی کۆمەڵێک لێدوانی هەڵەی دا. نیشانی دا کـە هێشـتا توانـای هەڵگرتنـی ڕەخنـەی ڕۆژنامەنووسێکی نییە و ئەو بنەما دیموکراتیانەی لەناو خۆیدا هێشـتا دروسـت نەکـردووە. ئەمە شکستێکی گەورە بوو، لە ڕاستیدا بەرلە داوایەکەی نیشانی دا کە داواکەی دۆڕاندووە. تەنانەت ئەگەر لە دادگـەش بیباتەوە، هیچ واتایەکی نییە. بەڵام نازانـم بۆچـی ئـەو کارەی کرد، ئایـا بە هۆی خۆشیرینکردن لە لای سوپا یان ڕەگەزپەرستەکان وای کرد یان کەسێک هانی دا؟ نازانم.

❖ **بیسـتوومانە پارتی ئاشتی و دیموکراسی بەر لـە هەڵبژاردنەکان ویسـتوویەتی بلۆکێکی چەپ دروست بکات کە پارتی کۆماریی گەلیش لەناویدا بێت، ئایا شـتێکی وەها هەیـە و ئامانجی لەوە چییە؟**

❖ پارتـی کۆماریی گەل بە هۆی لەدەسـتدانی دەنگی کەمالیستەکانی خۆی کارێکی وەها ناکات. بە گەرمییـەوە دەڕوانمە هەر هاوکێشـەیەک کە پارتی ئاشـتی و دیموکراسـی بـەرەو پەرلەمان بەرێـت. من ئەگەر دەنگدەری ئـەو پارتە بم، بە زانینـی ئەوەی کە پارتـی کۆماریی گەل یەکێک لە بەربەستە هەرە گەورەکانی چارەسەریی پرسی کوردە هەڵسـوکەوت دەکەم. هەڵبەتە چاوەڕوانی ئـەوە دەکرێت بە هاتنی سـەزگین تانریکولو بۆ سـەرکردایەتیی پارتی کۆماریی گەل، تا ڕادەیەک لایەنگرییەکەی بۆ پرسی کورد زیاتر بێت، هیوادارم وا بێت و هیـوادارم لە هەموو حزبەکاندا وا بێت. بەڵام ئەمە بە ڕێککەوتنێکی ڕاستیانە نابینم.

❖ **هـەروەک دەزانین لە ١٩٩١ەوە هەتا سـاڵی ٢٠٠٦ پەیوەندیـی تورکیا و هەرێمی کوردسـتان تەنیـا لایەنی ئاسایشـی لەخۆ گرتبـوو، دوای سـەردانی داودئۆغڵـو، ڕوانگـەی تورکیـا بۆ پەیوەندییەکی ئابووریی سیاسـی گۆڕا. بە بڕوای ئێوە پەیوەندیی ئەو دوو لایەنە لەسەر چ بنەمایەکە و چ داهاتوویەکی هەیە؟**

– بـە بڕوای مـن ئەم پەیوەندییە بـەرەو دواوە ناچێت، چونکە سوپا کە پێشتر گەورەترین ڕێگر بوو، ئێستا لەگەڵ ئەم پەیوەندیانەیە، کردنەوەی کۆنسـوڵخانەی تورکیا لە هەولێـر و تەواوی ئەو پەیوەندییە کولتووری و ئابووریانە بە ڕەزامەندیی ئەوانیـش بوو. ئیتر ئەم ئاسـاییبوونەوەیە دەبێ خێراتـر بکرێـت، بەرچاوترین لایەنـی ئەمەش سەردانی فەرمیی مسعود بارزانییە.

<<<

**هەندێک لە داواکارییەکانی ئۆجەلان جێبەجێ دەکرێن، بەڵام ئەو چاوەڕوانییەم نییە کە تەواوی داواکارییەکانیشی جێبەجێ بکرێن. هەروەها ئەوەش چاوەڕوان ناکەم کە ئۆجەلان بە تەواوەتی بکشێتەوە. چونکە گفتوگۆ هەیە، ئۆجەلان نایەوێ ئەو گفتوگۆیانە بوەستێندرێن، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەموواندایە**





# ڕۆژەکانی ئۆجەلان لە ئیمراڵی

**سەرۆکی دەستگیرکراوی PKK لە ئیمراڵی هەمووان سەرسام دەکات**



**محەمەد عەلی بیراند***

لەم دواییەدا پەرتووکێکی زۆر گرنگ دەربارەی سـەرۆکی دەستگیرکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە ئیمراڵی بڵاوبووەوە.

ئەو پەرتووکە بەنـاوی «ڕۆژەکانی ئۆجەلان لە ئیمراڵی» (Ocalan's Days at Imrali) لـە لایـەن جەنگیـز کاپمـاز نووسـراوە و دەزگای چامەنیی ئیتاکی بڵاویکردووەتـەوە. ئەگەر حەز بە بەدواداچوونی پرسـی کـورد دەکەیت و بەتایبەتیش تامـەزرۆی ئەوەیت لەو ١٠ سـاڵەی تێپەڕیوە لەودیو دەرگاکانەوە باسی چی کراون، ئەوا حەتمەن دەبێت ئەو پەرتووکە بخوێنیتەوە.

جەنگیز کاپماز ڕۆژنامەنووسـێکی تەمەن ٣٨ ساڵەیە و بە بۆچوونێکی کوردانە بەدوای پرسی کوردەوەیە. من دڵنیام ئەو پەرتووکەی لەسـەر بنەمـای کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پارێزەرەکانـی ئۆجەلان و تێبینیەکانـی خودی ئۆجەلان هەر لەیەکەم ڕۆژی چوونە ناو ئیمراڵییەوە لە سـاڵی ٢٠٠٩ نووسیوە.

بـە خوێندنـەوەی ئـەو پەرتووکە دەبینیت کـە لەودیو دەرگاکانەوە باسـی چی کراون، ڕۆتینی ژیانی ئۆجەلان و وتووێژەکانی لەگەڵ دەوڵەتـی تورکیاش دەخاتەڕوو. ئەو پەرتووکە زۆر بەباشی ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی تا ئێستا پرسی کورد بە ئەنجام نەگەیشتووە.

لە ساڵی ١٩٩٩ وە ئەو کاتەی ئۆجەلان لە کینیاوە هێنرایە ئیمراڵی، زۆر خەڵک تەنانـەت خۆمیش پێم وابوو «ئیتر کارەکە کۆتایی هات، واتە پرسـی ئۆجەلان دوایی هات و ئیتر PKK پەرت و بڵاو دەبێتەوە.»

بـە پێویسـتی دەزانـم بڵێـم دوای خوێندنـەوەی ئەو پەرتووکەی کاپماز باشـتر لەوە تێگەیشـتم کە ئۆجەلان چۆن ئەو موعجیزەیەی دروستکردووە.

تەواوی پەرتووکەکە لەسـەر بنەمای گفتوگۆکردن لەگەڵ پارێزەرەکانـی ئۆجەلان نووسـراوە و تەنها ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونـی یەک لایەنی کێشـەکەیە. منیش لەسـەر بنەمای زانیارییەکانی ناو پەرتووکەکە هەڵسـەنگاندنەکانی خۆم کردووە.

ئۆجـەلان ئـەو هێزەی خۆی لـە کۆمەڵـگای کوردیەوە بەدەسـتهێناوە و بە هۆشیارییەوەش بەکاریهێناوە. ئەوەی جێـگای سەرنجیشـە هەر لـەو ڕۆژەوەی پێـی نایە ناو ئیمراڵـی ئۆجـەلان زانی چۆن گۆڕانکاری بەسـەر خۆیدا بهێنێت. ئەمەش بە ڕوونی لەو ١٠ ساڵەی زینداندا هەستی پێدەکرێت.

ئەمـەش هەر بەس نەبـوو بەڵکو لـەو ژوورە بچووکەی زیندانـەوە توانی PKK بەڕێوەببات و فشـاری خستە سـەریان تاوەکو بۆچوونیان بگۆڕن، ئاراسـتەی بۆ پارتە تازە دروستبووەکان دانا و هەڵەکانی چاککردەوە.

بەڕاسـتی جێـگای سەرسـووڕمانە ئۆجـەلان چـۆن توانیویەتـی ئەو هێزەی خۆی مومارەسـە بکات لەڕێگەی پارێزەرەکانیەوە کە مانگانە تەنها یەک جار یان دوو مانگ جارێـک چاوی پێدەکەوتن. کاتێک ئەو ململانێیەی ئەو ١٠ سـاڵەی دەخوێنیتەوە کە چەندین هەوراز و نشێوی تێدا بـووە، مرۆڤ داخ دەخوات بۆ ئەو هەلانەی ڕەخسـاون و لەدەسـتدراون و هەروەها هەموو ئەو ئـازار و مەینەتەی چێژراون.

لەسـەر بنەمای ئەو گفتوگۆیانەی لەگـەڵ پارێزەرەکانی کردوویەتی لە ماوەی ١٠ سـاڵ لە زینداندا، لەیەکەم ڕۆژی چوونە زیندانـەوە ئۆجەلان وەک سـەرکردەیەک هاتۆتە بەرچاوان و هەمیشـە بە بەردەوامی بەدوای چارەسەرێکی تایبەت بە خۆیەتی.

**تەنها ترسی ئەو جەنگی نێوان تورک و کوردە.**

لەلایەکەوە هەوڵی ڕازیکردنـی نوێنەرانی دەوڵەت دەدات و لەلایەکـی تریشـەوە لەڕێگـەی ڕاکێشـانیان بـۆ ناو سیاسـەت هەوڵ دەدات بـەردەوام کۆنترۆڵی PKK ی لەدەسـت دابێت. هەوڵ دەدات بەشێوازێکی دیموکراسیانە ناکۆکیەکان چارەسەر بکات.

بەپێی زانیاریەکانی ناو پەرتووکەکە، دەوڵەتی تورکیا بەو هەڵوێسـتە ناجێگیرەی یان ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست ئۆجـەلان بخوێنێتەوە یانیش گرنگیـی پێنادات. وەهاش دەردەکەوێت وەک ئەوەی ئەو شـەڕە بە سـوود بزانێت. دەوڵەتی تورکیا هەوڵ دەدات بە چەک PKK لەناوببات و ئۆجەلانیش ماندوو بکات. زۆریش گرنگی بە چارەسەرێکی دوولایەنە نادات.

ڕێوشـوێنی دەوڵـەت بریتیە لە ترسـاندن و دوورەپەرێز ڕاگرتنی ئۆجەلان.

**ئۆجەلان هەرگیز لەگەڵ AKP مەلی نەکردووە**

ئەو کۆنووسـی کۆبوونەوانەی ئۆجەلان لە پەرتووکەکەدا هاتووە تیشـک دەخەنە سـەر پەیوەندیەکانی ئەو لەگەڵ پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار (AKP).

ئەوەی ڕاسـتی بێت AKP یەکێکە لـەو ژمارە کەمەی پارتە سیاسـیەکان کە هەنگاوێکـی پۆزەتیڤیان لەپێناو پرسـی کـورد ناوە. ئـەو پارتـە هەنـگاوی گرنگی بۆ هێورکردنەوەی کێشەکە هاویشـتووە. بەڵام بە بۆچوونی ئۆجەلان «هێورکردنەوەی» کێشەکە تاکە شتە ئەو پارتە کردبێتی.

ئۆجەلان ماندوو نەناسـانە نامـە و پەیامی بۆ ئەردۆغان نووسیوە بەڵام لەبەدەستهێنانی سەرنجی سەرۆک وەزیران سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا.

پەرتووکەکە پرسێکی تریش ڕوون دەکاتەوە.

ڕای گشـتیی کۆمەڵگـەی تورکیا بریتیە لـەوەی «کورد نازانێـت چیی دەوێت، هەر کەسـە و قسـەیەک دەکات، سەرکردایەتیەکی ڕاستەقینە بوونی نیە.» بەڵام ئۆجەلان لـەو ١٠ سـاڵەی ڕابـردوودا سـەلماندوویەتی کە خۆی سەرکردەی ڕاستەقینەی ئەو پرسەیە و چەندین چارەسەری تێروتەسەلیشی خستووەتە بەردەست.

بەڵام دەوڵەتی تورکیا بـە جدیەوە ئۆجەلانی وەرنەگرت و هەڵسا بە شاردنەوەی پرسـەکە لەجیاتی ئامادەکردنی چارەسەریەکی یەکلایی کەرەوە.

**دەوڵەت چاوێکی تێبڕی و دواتر ڕووی لێ وەرگێڕا**

پەیوەندیەکانـی ئۆجـەلان لەگەڵ بەرپرسـانی دەوڵەتی تورکیا لەو سـاتەوەی پێی ناوەتە نـاو ئیمراڵی چەندین هەوراز و نشێوی بەخۆوە بینیوە. ئەوەش لە تێبینیەکانی پارێزەرەکانیەوە تێدەگەین کە بە ئاماژە بە کۆبوونەوەکانیان نووسیویانە. ئەو بەناو گفتوگۆکردنانە زیاتر «گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوون» یان «گوێگرتن» بووە.

بە گوێرەی ئەو تێبینیانە، دەوڵەت ڕێچکەیەکی پچڕپچڕی نمایشکردووە. ئەو کۆبوونەوانەی لەنێوان سوپا و هێزەکانی ئاسایش و دەزگای هەواڵگری نیشتمانی (MIT) لەماوەی ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠١ ئەنجامدران هیوایەکی زۆری بەخشی. لەم دواییشـە بەرپرسـانی دەوڵەت بەشـێوەیەکی تەواو هێمنانە مامەڵەیان لەگەڵ ئۆجەلان دەکرد، بەشـێوەیەک چاوپۆشیان دەکرد لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پارێزەرەکانی و ئـەو پەیامانەی بۆ خەڵکی دەنـارد و تەنانەت هانیان داوە.

ئەو پەیوەندیانە لەماوەی سـاڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٥ سەرەتا بە قەیران گەیشت و دواتریش ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەوە. لەماوەی سـاڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩ پەیوەندیەکان گەیشـتە خاڵێک کە تەواوی پچڕانی بەخۆیەوە دیت.

ئۆجـەلان چەندین جـار خرایە ژووری تاکە کەسـیەوە، ژوورەکـەی دەگـۆڕدرا و پاسـەوانەکانیش بـە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد.

ئـەوەی جێـگای سەرسـوڕمانیش بـووە، ئۆجـەلان پاڵپشتیەکی زۆری لەلایەن گەنجانی وردەوە لێکراوە. هەر هەنگاوێکـی توندی دەوڵەت ناڕەزایـی و نیگەرانیی زۆری لەسەر شەقامەکان بەدواوە هاتووە.

بەکورتی ئەو پەرتووکە گشـت نووسـین و تێبینیەکانی ئیمراڵی لەخۆدەگرێت، بەڕوونی ئاشکرای دەکات کە هێزی ئیرادەی سیاسی سەبارەت بە پرسی کورد لەناو پارتی داد و گەشەپێدان لاوازە.

هەواڵنامەی کتێب

# لەساڵی ١٩٩٦ تا ساڵی ٢٠١٠ لەنێوان دەوڵەت و پەکەکە ناوبژیوانی کردووە

## وتوێژی تورکیاناسی لەگەڵ ڤاسیدی گفتوگۆکانی ئاشتی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا

## هەولێر دەبێ خۆی بە ئەنقەرەوە سنووردار نەکات و خۆی لە ئیستانبوڵ و ئیزمیر بناسێنێت. ئەمڕۆ ڕۆڵی ئیستانبول لە ئەنقەرە بەهێزترە



ماسیوان: «باشووری کوردستانێکی دیموکرات، گرەنتی چارەسەری پرسی کوردە»

دوای ئـەوەی لەرۆژنامەکانی تورکیا لەبارەی دیـداری نێوان دەوڵەت و سـەرۆکی پەکەکە عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان زانیـاری گرنگـی بە رۆژنامەکانـی تورکیـا بەخشـی، گۆڤـاری تورکیاناسی لەئیستانبول زۆر هەوڵیدا پێوەندی بەو کەسـە بکات، کە وەک ناوبژیوانی نێوان دەوڵەت و پەکەکە ناسـرا و لەساڵانی ١٩٩٦ تـا ئەوکاتەی ئۆجەلان دەسـتگیر دەکرێت. ئەو لەمیداکانی تورکیا بەناوێکی خواسـتراو خۆی وەک ماسـیوان (باڵکچی) ناساندووە، هەرچەنـدە کە ئەو خۆی نە ماسـیگر و نە ماسیفرۆشـە، هەروەک خـۆی ڕوونیکردەوە لەبەرئەوەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا لەیەکێک لەو چێشتخانانە بووە، کە تایبەت بووە بەخواردنی ماسـی، هەر بۆیە وەک «ماسـیوان» خۆی نـاوزەد دەکات. ماسـیوان بەرەچەڵـەک خەڵکی گوندی (سـتێورێ)ی ماردینە، بەڵام لەبەرئەوەی لەباتمان گەورە بووە، بۆیە زیاتر خۆی وەک باتمانییەک دەناسێنێت.

لەسـاڵانی نەوەدەکان هەنـدێ دیدار لەنێوان دەوڵـەت و پەکەکە بەڕێوەچووە، هەندێ لەو دیدارانـە لەلایەن ناوبژیوانـان ئەنجامدراوە، ئاشکـرا یەکێک لەو ناوبژیوانە بیارانەی کە لەلایەن ڕای گشتی تورکیا دەناسرێ پارێزەر (سەلیم تۆکچو ئۆغلو)ە. هەرچی (ماسیوان)ە، ڕووخسـاری خۆی لەکامێرا شاردۆتەوە و ناخوازێت ناسـنامەی خۆی بەتەواوی ئاشکرا بـکات، بەڵام وەک خۆی باسـی دەکات زۆر هەوڵیانداوە بـەڵام نەبۆتە ئەندامی پەکەکە، لەتەمەنـی گەنجیـدا لەنێو ڕێکخسـتنەکانی پارتـی کۆمونیسـتی (TKP) و کۆمەڵەی لاوانی هاوچەرخ (IGD) ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و سـەرۆکایەتی لقی باتمانی گرتۆتە ئەستۆ.

ماسیوان تا ساڵی ١٩٩٠ ڕۆڵی کاریگەری لەنێو ڕیزەکانی TKP دا گێڕاوە، بەم هۆیەوە دوو جـار لەلایـەن پەکەکە بریندار و دەسـتگیر کراوە، وەک خۆی باسی کرد، ئەوەی یەکجار لێیداوە مەعسـوم کۆرکماز بووە، پێش ئەوەی ببێتە فەرماندەی گەریلاکانی پەکەکە.

ماسـیوان لەدوای دامەزراندنی پارتی ڕەنجی گـەل (HEP) بەشـێوەیەکی ئاشـکرا بەشداری لەچالاکییە ڕێکخراوەییەکانی کوردان کردووە. ماسیوان ئێستا تەمەنی ٥٢ ساڵە و لەئیستانبوڵ دادەنیشێ و وەک خۆی دەڵێت: «لەسـاڵی ١٩٩٦ تـا ئەوکاتـەی ئۆجەلان دەسـتگیر دەکرێ و لەوێشـەوە تا سـاڵی ٢٠١٠ لەنێـوان دەوڵەت و پەکەکە ناوبژیوانی کردووە».

لەبـارەی چۆنییەتـی هەڵبژاردنـی وەک ناوبژیوانی نێوان دەوڵەت و پەکەکە، دەڵێت: «لەبەرئەوەی پیاوێکی دڵسـۆزم، بۆیە وەک ناوبژیوان هەڵبژێردرام. من هیچ کاتێک ڕێگام نەداوە دڵم پێش حەزم بەکاربهێنم. من لەهەر شـوێنێک بم کەسایەتی خۆم هەیە. بەردەوام هەستیاری، ترس و دڵەڕاوکێی خۆم نیشانداوە، بۆیە هەردوولا متمانەیان بەمن هەیە».

بەپێـی قسـەکانی ماسـیوان، گفتوگۆکانی سـتراتیژی سیاسـی لەهەردوو ئاگربەستی ساڵی ١٩٩٦ و ١٩٩٨ و ئاگربەستەکانی دواتریش بـیـروڕای ئەو بـوون، وەک خـۆی دەڵێت: «پێویسـتە ئاگربر سـەربگرێت و لەسـەر دەوڵەت و پەکەکەش پێویستە خۆیان بگۆڕن ئەگەرنـا ڕۆژگار دەیانگۆڕێ. من هەمیشـە گوتومە هەر گۆڕانکارییەک لەناوچەکە ڕوودەدات هەم دەوڵەتی تورک و هەم پرسـی کوردیش سـوودمەند دەبێ. لەم ڕووەوە من تێڕوانین و پێشـنیارەکانی خۆم پێشکەشـکردووە و بەهەردوولام ڕاگەیاندووە ئەگەر ئاگربەسـت سەربگرێت تابلۆیەکی جوان دەردەکەوێ».

ئەوکاتـەی ئۆجەلان دەسـتگیرکرا، لەدادگا ڕایگەیاند کە ئـەو لەگەڵ کاربەدەسـتانی دەوڵـەت دیداری ئەنجامداوە، ئەوکات هەندێ کەس ترسـان منیش قسـە بکەم، هەر بۆیە مـاوەی پێنج مانگ منیان خسـتە ژوورێکی تاکەکەسییەوە».

جێی باسە، گۆڤاری تورکیاناسی لەهەمان ئەو ڕێسـتورانتەی کە ماسی تێدا ئامادە دەکرێ، ئەو دیمانەیەمان لەگەڵ ماسـیوان ئەنجامدا. ئەمەش بەشێکی گرنگی چاوپێکەوتنەکەمانە.

سازدانی تورکیاناسی

<<<
پێشتر ئەمریکا زۆر هەستی بە کەسایەتیی کاریزمایی مەسعود بارزانی نەدەکرد، بەڵام دواتر ئەمریکاش و تورکیاش دانیان پێدا نا



هەواڵنامەی کتێب

> **کێشەی ئێمە ئەوەیە کە سیاسەتوانە عاقڵەکانمان لە تاریکیدا لە ڕۆشنایی ناگەڕێن، بەردەوام لە ڕووناکیدا لە تاریکی دەگەڕێن و بە ڕەشبینییەوە دەڕوانن و ڕۆشناییەکە گەورە ناکەن**

**❖ سەرەتا دەمانەوێ باس لە مەسەلەی ناوبژیوانێتی بکەین، ئایا پێشنیارەکەی لە کام لایەنەوە کرا؟**

– ئێوە بە هۆی ئەوەی لە وڵاتێکی دیکەدا دەژین ڕەنگە لە دوورەوە بڕواننە ئەم کێشەیە، بەڵام ئێمە لە ناویدا بووین. تورکیا بە قۆناخێکی ئەستەمدا تێپەڕی، قۆناخێک کە ناوی ساڵی ١٩٩٣ و ١٩٩٦ی لێ نرا، ڕەوشەکە بە شێوەیەک بوو کە هەموو کەس شەرمی لە خۆی دەکرد و دەیپرسی کە ئایا من لەم وڵاتەدا دەژیام؟ کۆمەڵێک شتی نالەبار ڕوویان دا، بەتایبەتی لەسەر کورد. هەموو لایەک خۆیان بە خاوەنی وڵات دەزانی و دەوڵەتیش لە حاڵەتی خۆی دەرچوو و وەک بوونەوەرێکی لێ هات. تورکیا کەوتە ڕەوشێکی خراپەوە و بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی، کاریگەریی لەسەر تەواوی دنیا هەبوو و تورکیاش ئەم گرینگییە ژیۆپۆلێتیکییەی دەفرۆشت. لەو کاتەدا هەوڵ درا کە پرسی کورد بە شێوازی کلاسیک، واتە لەناوبردن چارەسەر بکرێت و ئەو لایەنانەی لەسەر ئەم بیرکردنەوەیە بوون، دۆستەکانی خۆشیان وا تێگەیاند کە ئەمە چارەسەری کێشەکانە. هەڵبەتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەمەدا تاوانبارن بەتایبەتیش حکوومەتەکەی بیل کلینتۆن، چونکە لەم پێناوەدا ڕێگەیان پێ دان و یارمەتییەکی زۆریشیان پێشکەش کردن. بەڵام ساڵی ١٩٩٥ هەڵبژاردنێک کرا و بە هەموو کەس گوترا کە بوەستن، بەم شێوازەیان بە هیچ شوێنێت ناگەن. کوردەکان لەڕێی پارتی هادەپ (HADEP) دەنگێکی زۆریان بەدەستهێنا و سەرەڕای گوشارەکان، کورد توانی نوێنەرایەتی خۆی لەپەرلەمان بەدەست بهێنێت.

**❖ دوای ئەم قۆناخە کە هەست بەوە کرا کە سیاسەتێکی هەڵە پێڕەو دەکرێت، چ گۆڕانکارییەک بەسەر سیاسەتی دەوڵەتدا هات؟**

– دوای ئەم ڕەوشە گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە گۆڕانکارییەک لە سیاسەتەکانیاندا دەبێ بکەن، مامەڵەیان لەگەڵ کورد دەبێ ڕاستتر بکرێت، لە ئەورووپا نزیکتر ببنەوە و سیاسەتێکی دۆستانەتر پێڕەو بکەن و سیاسەتێکی نوێ لە بەرامبەر ئەمریکادا دابڕێژرێت.

ژەنەڕاڵێکی ناودار لەم بارەیەوە دەڵێ «ئێمە ساڵی ١٩٩٢ بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەت چووینە باشووری ڕۆژهەڵات، بەڵام کاتێک ١٩٩٦ گەڕاینەوە ئەنقەرە، بینیمان دەوڵەتمان لەدەست چووە». دوای ئەمە دەست بە پاککردنەوەی دەوڵەت کرا، نەک تەنیا لە پێناو چارەسەریی پرسی کورد، بەڵکو لە هەموو بوارەکاندا.

دوای ئەمە دەوڵەت لە ناو خۆیدا بوو بە چەند لایەن. لایەنێک پێیان وا بوو کە پرسی کورد دەبێ بە چارەسەرێک بگات، هەروەها ئازادی بە ئایینیش بدرێت و تەنیا هێڵی سوور، یەکپارچەیی وڵات بێت و جگە لەمە، هەموو شتێک گفتوگۆی لەسەر بکرێت. بەڵام دوای ڕووداوەکانی ٢٨ی شوبات کە نەجمەددین ئەربەکان لەسەر کار لادرا، هەندێک کەس لەمەش ناڕازی بوون. هەندێک لایەنی ئاقڵمەندی ناو دەوڵەتیش لە هەردووکیان ناڕازی بوون، ئەوان پێیان وا بوو کە هەموو کەس دەبێ نوێنەرایەتیی خۆی هەبێت کە ئەمە ڕێگەی یەکیەتیی ئەورووپایە.

**❖ ئایا ئەمە بە واتای چەمک و قۆناخێکی نوێیە، ئەگەر وایە چی بۆ کرا؟**

– لەکاتی سولەیمان دەمیرێلدا، ڕەوشەکە بەرەو خراپی ڕۆیشت، سەرەڕای بوونی پەرلەمان و دیموکراسییەکی بە ڕواڵەت، بەڵام قسەی کۆتایی و بڕیاری کۆتایی هەمیشە لای سوپا بوو. لەم قۆناخەدا بە لەبیرکردنی ١٩٩٣ و ١٩٩٦، بیرکردنەوەکان بەرەو ١٩٩١ گەڕانەوە و تەنیا باس لە ئازادیی تاک دەکرا. ڕێگەیان بۆ ڕووداوی ٢٨ی شوبات لە دژی ئیسلام خۆش کرد کە ئەمەش ڕێگرییەک لە پێشڤەچوون بوو.

**❖ قۆناخی ئۆزال و دوای ئۆزال و ئەم گۆڕانکاریانەی ئێستا لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە کراون، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– ئۆزال بەدەر لە چارەسەریی پرسی کورد، زیاتر کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە بە زیادکردنی باشووری کوردستان بۆ سەر تورکیا، دەوڵەتێکی بەهێزتر دروست بکات، بەڵام پارتی داد و گەشەپێدان بەم شێوەیە نییە. هەستی تورکیای مەزن کە چەندین ساڵە ئیمپراتۆرییەتی کردووە، لەو پارتەشدا هەیە، بەڵام ئەوە تێگەیشت کە بێ دانانان بە باشووری کوردستان، هەلی گەورەبوونی لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە. ئەمە سیاسەتێکی واقعیانەیە، چونکە باشووری کوردستان هەرێمێکە کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دانی پێدا نراوە، یارمەتیدانی ئەو شتە دانپێدانراوەش، ئەو هەستەی لە ناو تورکەکاندا شکاند کە بوونی کوردیان ڕەت دەکردەوە. دوای پارتی داد و گەشەپێدان هەر لایەنێکی دیکەش بێتە سەر دەسەڵات، تازە باشووری کوردستان دانی پێدا نراوە و ئەمە بووەتە بەشێکی زۆر گرینگ لە سیاسەتی دەوڵەت. دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقیش تورکیا یەکێک لە گرێنتییەکانی بەهێزکردنی هێزی کوردە، بەتایبەتی خوازیارە هێزی بەڕێز مسعود بارزانی لە عێراقدا زیاتر ببێت.

**❖ بە بڕوای ئێوە کەسایەتیی مسعود بارزانی چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم قۆناخە هەیە؟**

– کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەیە. پێشتر ئەمریکاش زۆر هەستی بە کەسایەتیی کاریزمایی مەسعود بارزانی نەدەکرد، بەڵام دواتر ئەمریکاش و تورکیاش دانیان پێدا نا. بەتایبەتی کاتێک کە پێشنیاریان دەکرد مەسەلەی سەرۆک کۆماریی عێراق گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بەڕێز بارزانی قبوڵی نەکرد. ئەوانی ناچار کرد کە قبوڵ بکەن ئەمە هەڵەیە. هەتا ماوەی هەشت مانگ ئەمریکا و تورکیا پێیانوابوو کە مەسەلەی سەرۆک کۆماری ئاستەنگی پێکهێنانی حکوومەتە، بارزانی تێیگەیاندن کە ئەمە ئاستەنگ نییە.

**❖ تورکیا لە پێکهێنانی حکوومەتی عێراقدا چ ڕۆڵێکی هەبوو؟**

– تورکیا ڕۆڵێکی دیپلۆماتیکی زۆر گرینگی گێڕا. مالیکی کە ڕایگەیاندبوو تیرۆریستەکان لە ڕێگەی سووریاوە دێنە ناو عێراق، پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆکی سووریا پچڕابوو، هەروەها ناکۆکییەکی زۆریشی لەگەڵ ئێران هەبوو، تورکیا ئەو دوو لایەنەی لەوە ئاگادار کردەوە کە بە دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی عێراق، ئەو لایەنانە زیانێکی زۆریان پێ دەگات.



**❖ کەسێکی دیکە کە گرینگییەکی زۆری لەسەر پەیوەندییەکان هەبوو، نێچیرڤان بارزانی بوو، کاتێک کە تورکیا سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی بۆردوومان دەکرد و هەڕەشەی داگیرکردنی خاکی هەرێمی کوردستانی دەکرد، نێچیرڤان بارزانی بە بەکارهێنانی زمانێکی دیپلۆماتیکی نەرمونیان ڕەوشەکەی هێور کردەوە، بە بڕوای ئێوە ئەو زمانە دیپلۆماتیکییە چ کاریگەرییەکی هەبوو؟**

– زۆر گرینگ بوو. گێری ئادامز دەڵێ «هەندێک جار وشەیەک جەنگ هەڵدەگیرسێنێت، هەندێک جاریش وشەیەک دەیوەستێنێت». نێچیرڤان بارزانی بە سەردانەکانی بۆ تورکیا، پارتی داد و گەشەپێدانیشی بەهێزتر کرد، هەندێک لایەن ویستی ئۆپەراسیۆنی سەربازیان هەبوو، ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی، پرسی کوردی بە تەواوەتی دەشێواند. ئەگەر چەند سەرکردەیەکی عاقڵی دیکەی وەک نێچیرڤان بارزانی هەبووایە، ئەمڕۆ ڕەوشەکە جیاواز دەبوو و زۆر شتی دیکەمان باس دەکرد. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە سیاسەتوانە عاقڵەکانمان لە تاریکیدا لە ڕۆشنایی ناگەڕێن، بەردەوام لە ڕووناکیدا لە تاریکی دەگەڕێن و بە ڕەشبینییەوە دەڕوانن و ڕۆشناییەکە گەورە ناکەن. لە تەواوی دنیادا پێچەوانەیە، ڕۆشناییەکی بچوک وەک تۆپەڵە بەفر دەهێنن و دەبەن تا گەورەی بکەن، ئێمە بە مووکێش لە خاڵێکی ڕەش دەگەڕێین. بەم شێوەیەش دەکەوینە ڕەوتی هەڵەوە. ڕاستە زۆر شتی خراپ هەیە، بەڵام لە بەرامبەردا زۆر خاڵی باشیش هەیە کە باسیان لێوە بکەین، باسکردن لە خاڵە ئەرێنییەکان، خاڵە ڕەشەکان دەسڕنەوە، ئەمە یاسای دەروونزانی و سیاسەت و مرۆڤایەتییە. بە داخەوە سیاسەتوانە کوردەکان بەم شێوەیە نین.

**❖ لەمەڕ چارەسەریی پرسی کورد زۆر ئاخاوتن هەن، هەندێک دەڵێن ڕێگەی چارەسەریی پرسی کورد بە هەولێردا تێدەپەڕێت، هەندێک دەڵێن بە ئەنقەرە و هەندێکیش دەڵێن دیاربەکر، لەو بارەیەوە بۆچوونتان چییە؟**

– دە ساڵ لەمەوبەر تاکە گوتنێک هەبووایە، ئەوە بوو کە لە ئەنقەرەوە تێدەپەڕێت. هەرچی ئێستایە، ئەنقەرە، دیاربەکرد، هەولێر و ئیستانبول نەبێت، نابێ. هەرکام لەمانە نەبن، ڕەوشەکە بە نیوەچڵی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە ئەقڵی تورکیا لە ئیستانبوڵە، ئابووری، هونەر و ئەو کەسانەی دەنگیان دەردێت لە ئیستانبوڵن. هەولێریش دەبێ خۆی بە ئەنقەرەوە سنووردار نەکات و خۆی لە ئیستانبوڵ بناسێنێت، لە ئیزمیر بناسێنێت، ئەمڕۆ ڕۆڵی ئیستانبول لە ئەنقەرە بەهێزترە.

**❖ ئەو ناوبژیوانییە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟ ئایا سەرکەوتوو دەبێت؟**

– پێشتر لەگەڵ سیاسەتوانەکان و ئەو کەسانەی لە ڕووی ئابووری و لایەنەکانی دیکەوە کاریگەریان بەسەر سیاسەتی کوردیدا هەیە دیالۆگ کرا، تەنیا لەگەڵ من نا، من کەسی کۆتاییم. بەڵام ئەو کەسانە کەماسیان هەبوو، بوێری پێویست و ئایندەنگەری تەواویان نەبوو، تەواوکاریی ئەو کەماسیانەشیان لە مندا بینییەوە. دەوڵەت دەیگوت کە من پێش دەکەوم، بەڵام ئەوانەی دژی پێشکەوتنن، زۆر بەهێزترن، ئەوان هەشتا ساڵە دەسەڵاتن، ئەگەر دژبەرەکانیشم، پێش نەکەون، ئەو پێشکەوتنەی من بەش ناکات و تووشی قەیران دەبێت. واتە من پێش دەکەوم و پێویستیم بە یارمەتییە. کەسانێک لەوە تێگەیشتن، کەسانێکیش تێنەگەیشتن. ئۆجەلان لەمە تێگەیشت، پێشکەوتنی دەوڵەتی بینی، ئیسلامییەکانیش تێگەیشتن، بەڵام چەپەکان تێنەگەیشتن، ئەمەش خراپترین لایەنەکەی بوو، چونکە لە وڵاتی ئێمەدا زۆرترین دەنگ لە چەپەکانەوە دەردەچێت، بەڵام لە ناو ژیاندا بوونیان نییە. ئەگەر ئەوانیش گەیشتبانە ئەو ئاستە، ئەمڕۆ لە قۆناخێکی دیکەدا دەبووین.

**❖ ئەم ناوبژیوانییە لە نێوان کام دوو لایەندا بوو، کام لایەنی پەکەکە و کام لایەنی دەوڵەت؟**

– ئەو لایەنەی دەوڵەت کە خواستی پێشکەوتنی و ئەندامێتیی یەکیەتیی ئەورووپای هەیە و نایەوێ دەوڵەت دووبارە بکەوێتەوە ڕەوشە تاریکەکەی جارانی. هەرچی لایەنی ناو پەکەکەشە، ئۆجەلان، چونکە بە هۆی پێکهاتەی پەکەکەوە کە تاک سەرۆکە، تەنیا ئۆجەلان لەو ئاستەدا بوو. بەڵام بەرگرییەک لە بەرامبەر ئەمەدا هێشتا هەیە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش هاتنە سەر کاری بوش بوو، ئایندەنیگەری لە بوشدا سفر بوو، لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیاش ناشارەزا بوو. کەسانی دەوروبەریشی تەنیا سوود و زیانی وزە و نەوت لێک دەدەنەوە. ئەگەر لەجیاتی بوش، ئۆباما بووایە، تا ئێستا پرسی کورد چارەسەر کرابوو.

**❖ ئێستا سێ پەکەکە هەیە، پەکەکەی قەندیل، ئیمرالی و ڕێکخستنەکانیان لە ناو تورکیادا، ناوبژیوانییەکەتان لەگەڵ کام یەک لەمانە بوو؟**

– ئەو کات تەنیا شام بوو کە ئۆجەلان لەوێ دادەنیشت، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە گۆڕاوە، پەکەکە زۆر گەورە بووە و بووەتە ڕێکخراوێکی زۆر بەرفراوان، لە ئەورووپا و ناو تورکیا و لە قەندیلە. ساڵی ٢٠٠٠ قەیرانی ئابووری دەستی پێ کرد، دوای ئەویش پارتی داد و گەشەپێدان هاتە سەر دەسەڵات کە سوپا بەمە ڕازی نەبوو، بەسەر ئەمەشدا ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق و بە هۆی ڕووداوەکەی یەکی ئادار کە سووکایەتی بە سەربازانی تورکیا کرا، پەیوەندیی ئەمریکا و تورکیا بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت. بەم شێوەیەش ڕەوشەکە تووشی قەیران بوو و بە هۆی ئەمەشەوە ئەرگەنەکۆن دروست بوو.

**❖ لەم قۆناخەی دواییدا ناوبژیوانییەکە لە چ ئاستێکدایە؟**

> **ژەنەڕاڵێکی ناودار دەڵێ «ئێمە ساڵی ١٩٩٢ بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەت چووینە باشووری ڕۆژهەڵات، بەڵام کاتێک ١٩٩٦ گەڕاینەوە ئەنقەرە، بینیمان دەوڵەتمان لەدەستچووە»**

<<<
**AKP تێگەیشت کە بێ دانان بە باشووری کوردستان، هەڵی گەورەبوونی لە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە. ئەمە سیاسەتێکی واقیعیانەیە، هەر لایەنێکی دیکەش بێتە سەر دەسەڵات، تازە باشووری کوردستان دانی پێدا نراوە و ئەمە بووەتە بەشێکی زۆر گرینگ لە سیاسەتی دەوڵەت**

– حوزەیرانی ٢٠١٠ مەترسیی شەڕێکی ناوخۆی زۆر گەورە و خوێناوی کرا، بۆیەش مرۆڤەکان لەو کاتەدا داوایان کرد خاوەن قسەی خۆمان بین و دووبارە داوای ناوبژیوانی کرا. منیش پێم وتن کە راستەوخۆ برۆن و داوای دیالۆگ بکەن. راستەوخۆ بچن بۆ لای ئۆجەلان و داوای وەستاندنی شەڕی براکوژی بکەن. بڵێن کە ئێمە لەگەڵ چارەسەریی پرسی کوردین، بەڵام ئەمە لە ئاشتیدا دەکرێت، ریفراندۆم و هەڵبژاردن لە پێشە و کورد دەتوانێ بە ئازادییەکی زیاترەوە دەنگی خۆی بدات و نوێنەرایەتیی خۆی هەڵبژێرێت. پێم گوتن کە راستەوخۆ ئەمانە بە ئۆجەلان بڵێن، ئەوانیش چوون و ئۆجەلانیش قبوڵی کرد.

❖ **ئەم گفتوگۆیانە بەرەو کوێ دەچن؟**

– دەبێ دەوڵەت بە باشی بناسین، پارتی داد و گەشەپێدان ئاستەنگێکی زۆری هەیە، سوپا، دەسەڵاتی دادوەری و تەنانەت لە ناو خۆشیدا ئاستەنگێکی زۆری هەیە. هەروەها پرسی تێنەگەیشتن لە ناو ئۆپۆزیسیۆنیشدا هەیە. هەموو لایەنەکان سیاسەت دەکەن، بۆ نموونە ئۆجەلان دەڵێ لە مانگی ئاداردا ئاگربەست راگرێت. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە ئێمە باسی تورکیا دەکەین نەک سوید.

بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئەو تابۆ هەشتا نەوەد ساڵەیە لە تورکیا کە تەنیا یەک نەتەوە و یەک زمان لە تورکیادا هەیە شکا، بەڵام هێشتا مەترسییەک هەیە، چونکە ئەم جۆرە پرسانە لە تەواوی دنیادا بە جیابوونەوە بە کۆتا هاتوون، زۆر نموونەی کەم لەسەر یەکگرتنەوە هەیە، بە هۆی ئەوەی ئێرە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ترسەکە زۆر زیاتریشە. ئۆپۆزیسیۆنیش گرێنتییەکی وەهایان بۆ رەواندنەوەی ئەو ترسە نەداوە. بە هۆی ئەوەی پەکەکە چەکی بە دەستەوەیە، دەوڵەت دەترسێت، چونکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەک بە واتای هێزە. بە هۆی ئەمەش هەولێر زۆر گرینگە، ئەگەر هەولێر بێتە ئیستانبوڵ، مەشروعییەتی خۆی دەتوانێ بەسەر کورددا وەک سەیوان بەکار بهێنێت. هەولێر دەتوانێ ئەو ترسانە برەوێنێتەوە و رابگەیەنێت کە ئەوەندە چەک و دەسەڵاتیشی هەیە، کەچی ویستی جیابوونەوە لە بەغدای نییە.

❖ **ئۆجەلان دەڵێ کە ئەگەر دەوڵەت هەتا مانگی ئادار هەنگاوێکی جددی نەهاوێت، ئاگربەست رادەگرێت، ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟**

– ئەمە زۆر گرینگە، گرینگییەکەشی بە هۆی ئەوەیە کە ئۆجەلان ئەوەی گوتووە، چونکە ئۆجەلان چەکی هەیە. بەڵام لە مانگی ئاداردا پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن دیاری دەکرێن، لە کاتی هەڵبژاردنیشدا شەڕ ئیمکانی نییە. ئەو لێدوانە تەنیا سیاسەتە، چونکە ئەگەر شەڕ هەبێت، هەڵبژاردن بەڕێوە ناچێت، لەم حاڵەتەشدا هیچ لایەنێک یارمەتی ناکەن، تەنانەت هەولێریش یارمەتی ناکات، بۆیەش هیچ شتێک روو نادات. ئەمریکاش ئەوەی ناوێت، ئەگەر ویستبای، ریکاردۆی وەک باڵیۆز نەدەنارد، بەڵکو کەسێکی شەڕخوازی دەنارد. ئەگەر خواستی شەڕ هەبوایە، دەوڵەت ئەوەندە لەسەر پرسی لوبنان کۆ نەدەبۆوە و ئەمریکاش لە عێراق دەرنەدەچوو. بۆیەش هەر لایەنێک شەڕ هەڵبگیرسێنێت، زیان دەکات.

❖ **پارتی داد و گەشەپێدان بەڵێنی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێی داوە، ئەو دەستوورە بە چ شێوەیەک دەبێت؟ ئایا درێژەپێدەری بیری کەمالیست دەبێت یان نوێخواز؟**

– بە دڵنیاییەوە نوێخواز دەبێت، چونکە ئەگەر کەمالیست بووایە، ئەردۆغان بە ئیسرائیلی نەدەگوت وان مینیت، تورکیا لە هەولێر کۆنسولخانەی نەدەکردەوە. ئەگەر کەمالیست بوایە تورکیا نەدەبوو بە ناوبژیوانی ئێران و دنیا، ناوبژیوانی لە نێوان سووریا و لوبنانیشدا نەدەکرد.

❖ **مەسەلەی خودموختاریی دیموکراتیک بە چ ئاستێک دەگات؟ ئایا جێبەجێ دەکرێت؟**

– نەخێر بەم ئاستە نابێت، بەڵام خودموختاریی هەرێمی دەبێت، بۆ نموونە سەرۆکی شارەوانییەکان بەهێزتر دەکرێت و ئاستی دەسەڵاتەکەیان بەرفراوانتر دەکرێت.

❖ **ئێوە وەک رۆشنبیرانی کورد لەتورکیا چۆن لەستاتۆی فیدراڵی باشووری کوردستان دەڕوانن و هیواکانتان لەمبارەیەوە چییە؟.**

– وەک کوردێک باشووری کوردستان، شوێنی وەڕاستگەڕانی خەونی هەر کوردێکە؛ بەڵام بە باشی دەزاندرێت کە ئەگەر خەون وەڕاست نەگەڕێت، بە مانەوەی وەک خەون مەحکومە. کاتێک کەوتینە ساڵی ٢٠١١، ئەوە راستییەکە کە خەونی باشووری کوردستان دوای ١٥-٢٠ ساڵ بووەتە راستییەک. سەرچاوەیەکی خۆڕێکخستن، بەفەرمیکردنی پەیوەندییەکان بۆ کوردەکان کە خۆی وەک بەشێک لە بنەماڵەی مرۆڤایەتیی گەردوونی هەست دەکات. بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی جێی رێز، دیموکراسی زیاتر، بەشداریی زیاتر، گەشەی ئابووری، مافی سەردەمیانە و دیپلۆماسییەکی ئاشتیخوازانەی سەردەمیانە پێویستە.

لەم رۆژگارەدا ئەگەر لە تورکیاوە بڕوانین، باشووری کوردستان خاوەنی هەڵکەوتەیەکی ژیۆپۆلیتیکیی زۆر گرینگە. چ بە هۆی سەرچاوەکانی وزەوە و چ بە هۆی قۆناخی بونیاتنانەوە، سەرنجی تەواوی ناوەندەکانی هێزی –لەگەڵ تورکیا– بۆ خۆی راکێشاوە. هەم لە دنیای عەرەب و هەم لە تورکیا بۆ بوونی بە ناوەندێکی سیاسیی جێی متمانە و رێز، سەرچاوەی ئیلهامە. بێ هیچ گومانێک ئەو دینامۆیە ئیلهامبەخشە، پاشخانی مێژووییشی هەیە. ئەزموونی مێژوویی و خواستی کاربەدەستانی باشووری کوردستان لە مێژوو، هیچ کاتێک یەکلایەنە نەبووە. داواکارییە دیموکراتیکەکانیان، هەمیشە بەرژەوەندیی گەلانی دۆست و دراوسێی لەبەرچاو بووە. یەکەم دروشمی سیاسیی «ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسیی بۆ عێراق»، لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا داڕێژراوە و بە هەستێکی خولقێنەرانەوە جێبەجێ کراوە.

هەرێمی کوردستان کە خاوەنی ئەو ئاوانتاژانەیە و قورسایی بەڕێز بارزانی لە دامەزراندنی حکوومەتی عێراقدا، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە؛ هەرێمی کوردستان و جوگرافیاکەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قابیلی وازهێنان نین. ئەو پەیوەندیی دیپلۆماتیک و ئابوورییەی دوێنێ لە نزمترین ئاستدا دادەنرا، ئەمڕۆ بووەتە پەیوەندییەکی دیپلۆماتیک و ئابوورییەکی ملیاردی کە لە بەرزترین ئاستدا دادەنرێت. ئەو پەیوەندییەی ئێستا لەگەڵ تورکیا هەیە و ئەو پەیوەندییە ستراتیژییەی لە داهاتوودا ئەگەری دامەزراندنی هەیە، لەم چوارچێوەیەدان.

بەو پێیەی رەوشەکە بەم شێوەیەیە، پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا پێویستیان بە هەنگاوی گەورەتر هەیە. رێگەی ئەمەش بە دەرچوون لە سالۆنە تەسکەکانی ئاشکرا و دروستکردنی پەیوەندیی سیاسی، ئابووری، مەدەنی، زانستی و هونەریی لەگەڵ کۆمەڵگە و دامەزراوەکان لەسەر بنەمای رێزگرتندا تێدەپەڕێت. جێبەجێکردنی ئەمە، بۆ خۆناساندنی هەرێمی کوردستان لە رێگەی تورکیاوە بە تەواوی جیهان، تا دوا رادە گرینگە. هەڵبژاردنی بەها دیموکراتیە رۆژئاواییەکان بە سەرەکیترین بەهاکانی حکوومەت، بە خێرایی چاوەڕوانییەکانی باشووری کوردستان بۆ وەرگرتنی یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان بەجێ دەگەیەنێت.

❖ **ئایا هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێ چ رۆڵێک لەچارەسەری پرسی کورد لەتورکیا بگێڕێت؟**

– هەر کەس چی دەڵێ با بیڵێت، حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یەکێک لە لایەنەکانی چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیایە. ئەو سیاسەتە بونیاتنەرانەی هەتا ئەمڕۆ پیادە کراون، کەشی چارەسەرکردنی ئەو پرسەیان لەبارتر کردووە. لەم روانگەیەوە کوردەکانی تورکیا هەست بەو رۆڵەی باشووری کوردستان دەکەن و بە رێزێکی زۆرەوە لێی دەڕوانن. هەڵبەتە زۆر کار هەیە کە دەبێ بکرێت و رێگەیەکی زۆریش لەپێشە.

ئاشکرایە هەڵگرتنی هەنگاوی دووربینانە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بووەتە هۆی شکاندنی پێشداوەریی کە لە ناوچەکەدا لە بەرامبەر گەلی کورد هەبوو، هاندانی یەکیەتییەکی برایانە لە نێوان کوردەکاندا و دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانە دراوسێیەکانی. رێزی باشووری کوردستان، رێزی تەواوی گەلی کوردە. هەڵبەتە چاوەڕوانییەکان لە حکوومەتێک کە خاوەنی رەوشێکی وەهایە، زۆر دەبن. بەدەستهێنانی توانای جێبەجێکردنی ئایمکان، سەرسوڕهێنەر نابێت. بۆیەش کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بێهێز نەکردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر رێگەی راستە، بەڵام زۆر کاری لەپێشە و گەلی کورد لەم رووەوە بڕوای تەواویان بە حکوومەتەکەیان هەیە...

## زوبێر ئایدار ناوبژیوانی نێوان دەوڵەت و پەکەکە-یە



رۆژنامەی میللییەت راپگەیاند کە پەرلەمانتاری پێشوو و سەرۆکی پێشووی کۆنگرەی گەل زوبێر ئایدار ئێستا ناوبژیوانی سەرەکی نێوان دەوڵەت و پەکەکەیە، وەکو ئایدن تاشباش راپگەیاندووە «ئۆجەلان متمانەیەکی زۆری بە زوبێر ئایدار هەیە و دەوڵەتیش بایەخێکی زۆر بە زوبێر ئایدار دەدات، لەڕابردووشدا ئایدار بەردەوام وەکو ڕوناکبیرێک هەڵسوکەوتی کردووە و ناڕاستەوخۆ پێگەی ناوبژیوانی نێوان دەوڵەت و پەکەکەی هەبووە».

رۆژنامەنووس ئاسڵی ئایدن تاشباش لە رۆژنامەی میللییەت نووسیوێتی: «من چەندین مانگ دەبێت بەدوای زوبێر ئایدارم. ئێوە دەپرسن بۆچی؟ پەرلەمانتاری پێشووی سێرت لەساڵی ١٩٩٤ دوای دۆزی DEP رووی کردە دەرەوەی وڵات و ماوەی ٦ ساڵ دەبێت نەگەڕاوەتەوە. ئێستا یەکێکە لەبەرپرسە باڵاکانی پەکەکە لەئەوروپا. بەڵام وەکو رۆژنامەنووسێک لەبەرئەوە بەلامەوە گرنگ نەبوو کە دیداری لەگەڵ سازبکەم چونکە یەکێکە لەبەرپرسە باڵاکانی پەکەکە، بەڵکو ئایدار لەساڵی ٢٠٠٦ بەدواوە ناوبژیکاری نێوان ئیمرالی و دەوڵەتە. ئایدار لەنێوان پەکەکە و ئیمرالی و قەندیلدا نوێنەرایەتی هەرسێکیان دەکات. لەمە ڕاستتر و ڕوونتر لەنێوان ئیمرالی دەوڵەت رۆڵ□ی مونەسیق (کۆردیناتۆر) دەگێڕێ. لەساڵی ٢٠٠٦ەوە لەگەڵ پایە بەرزترین بەرپرسانی ئاسایشی وڵات دادەنیشێ، ئەو لەمانگی ڕابردوو بەتایبەت نامەی لە ئۆجەلانەوە لە ئیمرالی بۆ هاتبوو، گەیاندیە دەستی قەرەیلان. ئەمەش مانای ئەوەیە ئۆجەلان زۆر متمانەی پێدەکات و دەوڵەتیش وەکو ناوبژیوانێک بایەخی زۆری پێدەدات.

**(سەبری ئۆک و موزەفەر ئایاتە)ەش ناوبژیوانن!**

ماوەیەک لەمەوبەر نووسەری رۆژنامەی میللەت حەسەن جمال لەدیدارێکدا لەگەڵ بەرپرسی پەکەکە (موزەفەر ئەیاتە) کە لەوێدا حەسەن جمال لەزاری ئەو راپگەیاندبوو لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٠ ئەوکاتەی ئەو و سەبری ئۆک لەبورسای لەزینداندابوو،ن ئەوان ناوبژیوانی نێوان ئۆجەلان و دەوڵەت و تەنانەت سوپا-شیان کردووە.

حەسەن جمال بەمشێوەیە بەردەوام بوو: «موزەفەر ئەیاتە و سەبری ئۆک ساڵانێکی زۆر لەگەڵ یەکتردا لەزینداندا بوون، لەکۆتایی ساڵانی نەوەدەکان دیدارە شاراوەکانی نێوان (پەکەکە و دەوڵەت و سوپا)یان بەڕێوەبردووە. موزەفەر ئەیاتە باسی لەوەکردووە.

ئێستا کوردان پەرۆشی ئەوەن بزانن کێن ئەوانەی لەنێوان پەکەکە و دەوڵەت ناوبژیوانی دەکەن و بۆچی ناسنامەی خۆیان ئاشکرا ناکەن یان دواتر ئاشکرا دەکرێن؟ ئایا شاردنەوەی ناسنامەی ئەو کەسانە بۆ ئەوەیە ئەو کەسانە تاسەر ئەرکەکانیان تەواو بکەن یان بۆ ئەوەیە رای گشتی ئامادەبکرێت یان بۆئەوەیە کە لەنێو دەوڵەت کۆدەنگیەک بۆ ئەو مەسەلەیەی دروستبێ؟ ڕەنگە لەکاتێکی زۆر درێژ نەبێت، وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە.

تایبەتمەندیی زوبێر ئایدار و ماسیوان و موزەفەر ئەیاتە ئەوەیە کە هەرکەسێکیان وەکو ئۆجەلان بیر دەکەنەوە و بانگەشەی ئەوەدەکەن لەچارەسەری پرسی کورد دەوڵەت و سوپا لەحکومەت و AKP باشتر بەپیر ئەو پرسەوە دێن.

هەواڵنامەی کتێب

سیاسی
ساڵی دووەم ● ژمارە (٨) ● کانوونی یەکەم و شوبات ٢٠١١

# «دوو نەتەوە چەند دوژمنی یەک بن هەمیشە جێگایەک بۆ خۆشەویستی دەمێنێتەوە»

## وتووێژی تایبەتی تورکیاناسی لەگەڵ بەختیار عەلی

## سەبارەت بە کولتووری لێکگەیشتن و بابەتی کرانەوەی تورکیا و پرسی کورد لەو وڵاتە



بەشی یەکەم

نکوڵی کردن لە بوونی کورد و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە یەکێکە لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی نوێی ڕۆژهەڵات. کورد لەسەرەتای دروستبوونی ئەو کۆمارەوە ١٩٢٣ وەکو پێکهاتەیەکی بێزراو و حاشالێکراو مامەڵەی لەتەکدا کراوە. ساڵانێکی زۆر کوردبوون لەو وەڵاتە مایەی ئەنگی و هەروەها سەرچاوەی بەڵایەکی ترسناک بوو. بەڵام ئەوەتا ئێستا ڕووداوەکان لە سەرانسەری جیهان و لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتیشدا بە ئاقارێکدا دەڕۆن، کە تورکیای ئێستا و سیاسەتوانەکانی دەخەنە سەر دووڕیانێکی نوێ. دووڕیانێک یان تورکیا دەستبەرداری هەموو ئەو بنەمایانە دەبێت کە دەوڵەتی پێ دەبێت بە دەوڵەتی هاوچەرخ و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا سەنگی خۆی دەبێت و ڕێزی لێ دەنرێت، یان ئەوەیە پێ لە هەموو ئەو بنەمایانە دەنێت و لەسەر نکوڵی کردنی کورد و قەدەغەکردنی زمانەکەی بەردەوام دەبێت.

لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ ڕووناکبیر و نووسەر بەختیار عەلی-دا تیشک دەخەینە سەر ئەو بابەتە گرنگانەی پەیوەندیان بە کێشەی کوردەوە هەیە لە تورکیا. چۆنییەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ڕەوشە ئاڵۆزە، دۆزینەوەی زمانی هاوبەش و ڕەخساندنی زەمینەی لێکحاڵی بوون، هەروەها کرانەوە بە ڕووی پرسی کورددا. لە بەشی یەکەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا ئاوڕ لە پاشخانەکان دەدەینەوە و لە بەشەکانی دیکەدا باس لە زمانی تێکگەیشتن و کولتور و پێکەوە ژیان دەکەین، بە تایبەتی لە تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی.

سازدانی: تورکیاناسی

**تورکیا چەند دەبێت کار بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا بکات، هێندەش کار بۆ خۆرهەڵاتێکی پڕ ئارامی بکات.. بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، خۆرهەڵات هەمیشە خۆرهەڵاتێکی نائارام دەمێنێتەوە**

**❖ لە تورکیا ساڵانێکی زۆرە نکوڵی لە بوونی کورد دەکرێت، بە رای ئێوە دەست بەرنەدان لەو سیاسەتە لە دنیای پڕ تۆلەرانسی ئێمڕۆدا، لە دونیایەکدا ئیتر هەمووان دەزانن داهاتوو هی کەسانی دیمۆکرات و سیاسەتی لیبراڵە، تورکیا بەرەو چ ئاقارێک دەبات؟**

– هەموو وانە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە سیاسەتی نکوڵی لێکردن و دان نەنان بەوانی دیدا پاشەڕۆژی نییە، ئەم سیاسەتە لە هیچ شوێنێکی دنیادا پاشەڕۆژی نەبووە تا لە تورکیادا پاشەڕۆژی هەبێت، لە ئەوروپادا ڕەتکردنەوەی جووەکان گەیشتە پلەی هۆلۆکۆست و سووتاندن و تواندنەوەی دەستەجەمعی، لە ئەمریکاش نە سیستمی کۆیلەیەتی، نە کۆکلۆکس کلان، نە گرتن و کوشتنی سەرکردە ڕەش پێستەکان، نەیانتوانی درێژە بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی بدەن. سەدەی بیست، کە سەدەی ناسیونالیستە توندڕەوەکان بوو، لە ڕووی سیاسیشەوە بەرەو کۆتایی دەچێت. تورکیا پێویستی بەوەیە لەسەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست بێتەدەرێ. هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بەوە هەیە کە خەیاڵی دەستەجەمعی خۆی بگۆڕێت. خەیاڵی تورکی هێشتا بەتەواوی لە شۆکی هەرەسی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بە ئاگا نەهاتووە، توندڕەوی کەمالیزم پەرچەکرداری ئەو هەرەسە مێژووییە بوو کە کۆتایی بە ئیمپراتۆرییەتی تورکی هێنا. هەرەسی ئیمپراتۆرییەتی تورکی لەسەرەتای سەدەی بیستدا هاوشێوەی هەرەسی ئیمپراتۆرییەتی کۆمۆنیستی بوو لە کۆتایی سەدەکەدا .. بەهەرەسی کۆمۆنیزم، روسەکان دەسەڵاتیان بەسەر دەیان وڵات و میللەتی گەورەدا دۆراند، بۆئەوەی ئەو برینەش سارێژبکەن کە غروری میللیانی ڕوشاند و لە زلهێزێکەوە کردنی بە هێزێکی بچوک، هەموو ئەو گرێ دەروونییە گەورەیەیان ئاڕاستەی وێرانکردنی وڵاتێک و میللەتێکی بچوکی وەک شیشان کرد. تورکیا بەدرێژایی سەدەی بیست لە ژێر شۆکی هەرەسی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بوو، ترسی دۆڕان، بچوکبوونەوە، لە ناوچوون لە ژێرەوە هەمیشە لە خەیاڵی تورکیدا ئیشیکردوە.. ئەودەم ناسیونالیزمی تورکی بەدوای قوربانییەکدا دەگەڕا کە بە بچوککردنەوەی، بەسڕینەوەی، بە پلیشاندنەوەی سەرکەوتنێکی وەهمی بەسەردا تۆماربکات تا ئەو هەستی شکستە گەورەیە لە بیرییاتەوە . لێرەوە لە پەراوێزی ئیمپراتۆرییەتە گەورەکەیدا بۆ کۆمەڵێ نێچیری لاواز دەگەڕا، کورد یەکێک بوو لەو نێچیرە لاوازانە. ئەمڕۆ ئاسەوارەکانی ئەو شۆکە مێژووییە هێدی هێدی دەڕەوێتەوە. بەسەرێکی دیش، ناسیونالیزمی تورکی هەمیشە ناسیونالیزمێکی عەسکەرتاری بووە، بەدرێژایی سەدەی بیست ژەنراڵەکانی سوپا پارێزەری سەرەکی ئەتاتورکییەت بوون، واتە جۆرە ناسیونالیزمێک نەبووە بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی زەبر شوناسێک بدات بەدەوڵەتی تورکی. لەمڕووەوە عەرەب و فارسەکان خاڵی بەهێزتریان لەدەستدا بووە. بۆ عەرەب هەمیشە ئیسلام پردێکی کولتووری بووە کە هەوڵیداوە بیکاتە هەوێنی کۆکردنەوەی نەتەوەکانی دی لەدەوری شوناسێکی هاوبەش، فارسەکان بەوەدا ئینکاری





**هەموو ئایدۆلۆژیایەک چۆن قۆناغێکی مەست و بێهۆشی و خەوتنی قووڵی عەقڵی هەیە، ساتێکی بێداربوونەوەشی هەیە. ئەمڕۆ ئێمە لەسەرەتای ئەو قۆناغەداین کە هەندێک بە پۆست کەمالیزم لە تورکیا ناویدەبەن**

هەندێک ڕەگەزی گرنگی ناو شوناسی نەتەوەکانی تریان نەکرد، ئاسانتر هەستی ئێرانی بوونیان لە ناو میللەتە جیاوازەکانی ئێراندا دروستکرد. بەڵام پانتورکیزم، نەیتوانی زمانێکی قسەکردن لەگەڵ ئەویدیدا بدۆزێتەوە، هەموو ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە ناتوانن زمانی هاوبەش لەگەڵ ئەوانی دیدا بدۆزنەوە درەنگ یان زوو مەحکومن بە مردن.. ئەتاتورکییەتیش بەدەر نییە لەو یاسایە. بەدڵنیاییەوە ئەتاتورکییەت سەردەمی زێڕینی خۆی جێهێشتووە.. ژەنراڵەکانی سوپا ناتوانن تاسەر هیچ ئایدۆلۆژیایەک بپارێزن. هەر ئایدۆلۆژیایەک لەسەر کۆنسێپتێکی واقیعی دانەمەزرا ناتوانێت بژی، پانتورکیزمیش لەسەر کۆنسێپتێکی ناواقیعی دامەزراوە کە دان نەنانە بە شوناسی ئەو میللەتە جیاوازانەی دەکەونە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکییەوە. ئەم تەرزە لە ناسیونالیزم هیندەی بەرهەمی دۆخێکی سایکۆلۆژییە، بەرهەمی تێگەیشتنێکی عەقلانی نییە لە واقیع، لەبەرئەوە دەشێت ماوەیەک بژی، بەڵام هەم خۆی و هەم کۆمەڵگاش تووشی کێشەی گەورە دەکات.. کەمالیزم هێندەی جۆرە پەرچەکردارێکی لاشعورییە دژ بە دنیا، ئایدۆلۆژیایەکی ڕۆشن نییە، هێندەی شێوازێکی ڕەفتارکردنە لەگەڵ ئەویدیدا، فەلسەفەیەکی ژیان و سیاسەت نییە. بە کۆمەکی ئەم ئایدۆلۆژیایە «خود – زاتی تورکی» خۆی لە پشت وێنەیەکی فوتێکراوی خودەوە دەشارێتەوە کە برینی ساتەوەختی شکستی بۆ دادەپۆشێت، بۆیە زەحمەتە بەبێ کۆمەکی دەروونناسی لە کەمالیزم بگەین، چونکە بەبۆچوونی من کەمالیزم وەک هەموو ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکان بەرلەوەی ڕیشەی لە سیاسەت و ئابووریدا هەبێت، ڕیشەی لە گرێ دەروونییەکاندا هەیە. کەمالیزم وەهمێکی دەستەجەمعی تورکیابوو، ئەم جۆرە وەهمە گرنگ بوو بۆئەوەی ناسیونالیزمی تورک دوای ئەو هەرەسە مێژووییە خۆی بینابکاتەوە، بەڵام وەک هەموو بۆچوونە توندڕەو و تاک ڕەهەندەکان لە ساتێکدا بەر ئەو ڕاستییە دەکەوێت کە کۆنسێپت و بنەما سەرەکییەکانی لەگەڵ واقیعدا تەبا نایەنەوە.. ساتێک هەیە، کە ساتی خەبەربوونەوەیە.. هەموو ئایدۆلۆژیایەک چۆن قۆناغێکی مەست و بێهۆشی و خەوتنی قووڵی عەقڵی هەیە، ساتێکی بێداربوونەوەشی هەیە. ئەمڕۆ ئێمە لەسەرەتای ئەو قۆناغەداین کە هەندێک بە پۆست کەمالیزم لە تورکیا ناویدەبەن.. بەڵام ئەم سەردەمە نوێیە هێشتا زۆر خاو و لەسەرەخۆ دەڕوات.. هەندێ لە ئایدۆلۆژیا گەورەکان بە جەڵتەی دڵ دەمرن «وەک کۆمۆنیزم»، هەندێکی دیکەیان پیری دەیانکوژێت، کەمالیزم پێدەچێت لە جۆری دووەم بێت.

بە کورتی من باوەڕم بەوە نییە تورکیا بتوانێت نەگۆڕێت.. لە دە ساڵی رابوردوودا، تورکیا گۆڕانی گرنگی بەسەردا هاتووە، هەڵبەت هێشتا بەشی ئەوە نییە باس لە سەردەمێکی نوێ یان لابەلابوونەوەیەکی ستراتیژی بکەین، بەڵام هەموو دەزانین کە تورکیای کۆن، تورکیای سەدەی بیست بەرەو نەمان دەڕوات، گەورەترین نیشانەی ئەو نەمانەش لە کۆمەڵێک نیشانەی گەورەدا دەیخوێنمەوە.



هەواڵنامەی کتێب

**کەمالیزم وەک هەموو ئایدۆلۆژیا توندرەوەکان بەرلەوەی ڕیشەی لە سیاسەت و ئابووریدا هەبێت، ریشەی لە گرێ دەرونییەکاندا هەیە. کەمالیزم وەهمێکی دەستەجەمعی تورکیابوو، ئەم جۆرە وەهمە گرنگ بوو بۆئەوەی ناسیونالیزمی تورک دوای ئەو هەرەسە مێژوییە خۆی بینابکاتەوە**

یەکەمیان: ئێستا فشارێکی نێودەوڵەتی گەورە بۆسەر تورکیـــا هەیە تا مێژووی خوێنــاوی خۆی ببینێت و تێبگات کە کەمالیزم ئایدۆلۆژیایەکی پاکتاوکەر بووە، ئەمە هەم فشـارێکی بچوک و هەم لـــە خۆڕا نییە. هەموو دەزانین کە هەرەســی بلۆکی سۆڤیێتی وایکرد تورکیا ئەو جێگا ســـتراتیژییەی لەســاڵانی شەڕی ساردا داگیریکردبوو لەدەستی بدات، ئەوە وایکردوە هاوپەیمانـــە بێمەرجەکانی جاران نەمێنن و دۆخێکی سیاســـی و دیپلۆماتیکی تازە بـــۆ تورکیا بێتەپێش کە وەک دەڵێن هەمووی شـــیر و شەکەر نییە، ئەمە هۆیەکـــی گرنگە بۆ وەئاگاهاتنەوەی ناسیونالیســـتە تورکەکان کە لەسەردەمی شەڕی سارد و بەپاڵپشتی بـــێ چەندوچونی خۆرئاوا، خۆیـــان وەک منداڵێکی بەنازی سیستمی خۆرئاوایی دەبینی.

دووەم: نوشوســـت و پاشەکشـــەی حیزبـــە ناسیونالیســـتەکانی تورک لە ناوەوە و سەرکەوتنی باڵێکی دینی میانەڕەو، نیشانەیە بۆ لاوازبوونی هەندێ لە پێگە بنەرەتییەکانی ئایدۆلۆژیای کەمالیستی.

سێهەم: نوشوستی دەزگا ســـەربازییەکەی دەوڵەت لەوەی چارەی کێشە سیاسییەکان بکات و گەیشتنی چارەسەری سەربازی بەبنبەست.

چوارەم: گەیشتنی ئەو خەباتە مەدەنییەی کە خەڵکی کورد لە تورکیا دەیکەن بە کۆمەڵێک دەســـتکەوتی گرنگ.

ئەوانە پێکڕا، لە نیشـــانە گەورەکانی قۆناغی پۆست کەمالیزمن لە تورکیا، چونکە ئەوانە گورزی کوشندەن لە وێنەی تورکیای کلاسیک و کەمالیست.

❖ **یەکێـــک لە مەترســـییەکان ئەوەیە سیاســـەتی تورکیـــا خەڵکی بـــە جۆرێک مۆبیلیزەکـــردووە، بە جۆرێک خەڵکی خســـتۆتە ســـەر ڕێ کە هاودەنگی لەســـەر نەبوونی کورد و گەلانی تری تورکیا هەیە. فەلسەفەی یەک دەوڵەت، یەک زمان و یەک نەتەوە، لـــە دروشـــمە نەگۆڕەکانـــی ئەو سیاســـەتەن. ئەم دروشمانە بوون بە کۆتی سەخت لە ملی دەوڵەتەکە و هەمـــوو پلانێکی گران ئـــاڵاون. ئایا چۆن دەکرێت دەوڵەتێـــک دەســـتبەرداری نزیکەی ســـەدەیەک لە پاشخانی خۆی بێت و بەرەو ئاسۆیەکی تەواو جیاواز ڕوو وەربگێڕێت؟**

– لەسەدەی بیستدا هەموو وڵاتێک دەیتوانی سنووری خـــۆی داخات و بە نـــاوی ســـیادەتی نەتەوەییەوە نـــاوەوە لـــە دەرەوە دابڕێت. یاســـای ســـەرەکی ئیشـــکردنی کۆمەڵگاکان جیاکردنـــەوەی ناوەوە بوو لـــە دەرەوە. دەوڵەتی نەتەوە هێڵێکی ئاســـنینی لە نێوان خۆی و جیهاندا کێشـــابوو. ئـــەم جیاکارییە دەرفەتێکی دەبەخشـــییە دەوڵەت تـــەواوی ئەجندە خەیاڵییەکانی خۆی جێبەجێبکات. هەموو دەوڵەتێک دەیتوانـــی ئەتیـــک و ئەخلاقیاتـــی خـــۆی هەبێت، بەگشـــتی دروســـتبوونی جۆرە بەهـــا و مۆراڵێکی گەردونی نامومکین بوو. لەســـایەی سالاربوونی ئەو ئەتیکە سیاســـییە لۆکالانەوە ئەتاتورک دەیویســـت شوناسی کورد و ئەرمەن بسڕێتەوە. دوای هەرەسی کۆمۆنیزم و شـــەڕی عێراق ئەو ئەگەرە ســـەریهەڵدا کە جۆرە مۆراڵێکی گەردونی، سیســـتمێک لە نرخی یۆنفرســـال دابمەزرێت کە ببێتە مایەی تێکشـــکانی ئەو ئەتیکـــە لۆکالانە.. هەڵبەت هەر دوای شـــەڕی عێراقیـــش، دەرکەوت کـــە بەربەســـتەکانی بەردەم دروســـتبوونی ئەو مۆراڵە گەردونی و سەرتاسەرییە لەوە گەورەترە کە پێشتر پێشبینی دەکرا. ئێستا بە گشـــتی هەموو لەو ساتی قەیرانەدا دەژین کە جیهان لە نێوان تێکشـــکانی ســـیادەتی سیاسیانەی لۆکاڵ و نەگەیشـــتنی نرخە گەردونی و یۆنفرســـالەکان بە هەموو جێگایەک تووشـــی بووە. بـــەڵام لەو بەینەدا راســـتییەک هەیە کە حاشا هەڵنەگرە ئەویش ئەوەیە کە جیهان ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی دێرین.. ئەو دیوارەی کۆمەڵگاکان بـــەدەوری ماڵی خۆیاندا هەڵیاندەچنی، روخا و ئێستاش هەر لە ڕوخانی بەردەوامدایە. هۆی ڕوخانەکـــە بەپلەی یەک دەگەڕێتـــەوە بۆ کاریگەری تەکنۆلۆژیا و گۆڕینی ســـتایلی ژیان لەسەر تەواوی ئەســـتێرەکە. بە واتایەکی تر مێژووی ناوخۆیی هەر کۆمەڵگایـــەک ناتوانێت بەتەنیا پشـــت بە فاکتەرە ناوخۆییەکانی خۆی ببەستێت.. ئەمڕۆ کولتوور و کاڵا جیاوازەکانـــی جیهان وەک با بیانبات بە خێراییەکی بێبەربەســـت بـــە نێویەکـــدا دەچن و بـــە دونیادا بڵاودەبنەوە. مرۆڤایەتی بـــە چەندەها تۆڕی گەورە پێکەوە بەســـتراوەتەوە. پەیوەندییکردن بەدەرەوە و دوورەوە ئاســـانتر و خێراترە لە پەیوەندی بە نزیک و هاوسێوە..لێرەوە گەڕانەوە بۆ سەدەی بیست، بۆ جیهان و زیهنییەتە داخـــراوەکان کاری نەکردیە. لە نـــاو تورکیا و لە هەموو جیهاندا هێزگەلێکی زۆرهەن کە خوویان بەو نیگارە کلاسیکییەی دنیاوە گرتووە. ئێوە زۆر لەســـەر هەقن لەوەســـفتاندا بۆ زیهنییەتی تورکـــی. بۆ ئەو لووتبەرزییەی ناســـیونالیزمی تورک چاندوێتـــی.. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەم هێزە وەک جـــاران تەنیا هێز نییـــە و چیتریش لەتورکیا دەزگا عەســـکەرییەکان ناتوانـــن تورکیا ببەنەوە بۆ ساڵانی هەشـــتا.. سووربوون لەســـەر ئەوەی کورد بوونی نییە، ئەمڕۆ تێزێکی زیان بەخشـــە کە تورکیا دەیەوێت بە کەمترین خەســـارەتەوە لێی دەربچێت.

کرانەوەی تورکیا بەســـەر دۆزی کـــوردا بەتەنیا لە گۆڕانی مەنتالیتەیتی تورکییـــەوە نەهاتووە، بەڵکو لەو ڕاستییەوە هاتووە کە تورکیا خۆی لە ناوەڕاستی گەردەلوولێکی جیهانیـــدا دەبینێتەوە کە خۆرهەڵات بە خۆرئاواوە گرێدەدات. تورکیا تەنیا لە یەک کاتدا دەتوانێـــت بەهێز و مۆدێرن بێت کە بە ئەرکی خۆی وەک پردێکی کولتووری و ئابووری و ئەخلاقی لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەڵبستێت. سیاسەتمەداران و ڕۆشـــنبیرانی تورک ئەو راســـتییە باش دەزانن کە تورکیا ڕێـــگای خۆرئاوایە بۆ خۆرهـــەڵات و ڕێگای خۆرهەڵاتە بۆ خۆرئاوا.. تاکە شوێنێکیشە کە هەردوو جیهانەکە بتوانن بەڕاستی لە ناویدا بچنە دیالۆگێکی عەقلانییەوە. کەمالیزم لەوەدا نوشوستی هێنا تورکیا بـــکات بە خۆرئاوا و شوناســـە خۆرهەڵاتییەکەی لێ بســـتێنێتەوە، ئیســـلامی توندڕەویش ناتوانێت ئەو پەیوەســـتە مێژوویـــی و کولتوورییـــەی تورکیا بە خۆرئـــاواوە بپچڕێـــت. تورکیای نوێ گـــەر عاقڵانە ئەو ململانێیـــە بەڕیوەنەبات، لەبەر دەم مەترســـی پارچەپارچەبووندایە.. پاموک لە ڕۆمانی بەفردا ئەو هەلاهەلابوونە کولتووری و ئەخلاقی و سیاســـییەی بـــەوردی وەســـفکردوە. لەتورکیـــای ئۆردوگانـــدا هەوڵێکی گەورە هەیە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و وەک یەکـــی هەموو ئەو مەیلە دژ و شوناســـە ناکۆکانە.. ئۆردوگانییـــەت هەوڵێکە بـــۆ پڕکردنەوەی ئەو درزە قووڵانەی کەمالیزم دروستیکردوە.. تورکیا لەبەردەم دوو ڕێگادا وەســـتاوە کە هیچیان ناچنەوە سەر شا ڕێگەکەی کەمالیزم.. گەر تورکیا بەدیوی ئیســـلامدا بشکێتەوە و باڵی دینی تەواو زاڵبێت، ئەوە بەزەرەری گووتـــاری ناسیونالیســـتی تورکییە، گـــەر بەدیوی غەرەبزەدەگیشـــدا بشـــکێتەوە، هـــەر ناچاری ئەوە دەبێت ریفۆرمی قووڵ ئەنجامبدات .. ناســـیونالیزمی ســـەردەمی گلۆبالیزم مەحاڵە وەک ناســـیونالیزمی سەردەمی جەنگی سارد بێت ...لەبەرئەوە واتێدەگەم کـــە ئەو هزر و تێفکرینە کورتبین و نائینســـانییەی ناســـیونالیزمی تورکـــی ناتوانێت درێـــژەی هەبێت. ئۆردوگانییەت تاکە فۆرمێکە لە کەمالیزم لەم ساتەدا بتوانێت بژی .. هەر فۆرمێکی لەوە توندتر، بەتەنیا زیانـــی بۆ کورد نابێت، بەڵکـــو زیانە گەورەکەی بۆ تورکیا خۆی دەبێت.. تەواو وەک ســـەدام حوسەین کە زیانە گەورەکەی بۆ عێراق و عەرەب بوو، نەوەک بۆ کورد.. لەو باوەڕەدام ناسیونالیستە توندرەوەکانی ناوچەکە زۆر شت لەســـەدام حوسەینەوە فێربوون، وەک چۆن شـــەڕخواز و توندڕەوەکانـــی ئەوروپا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا زۆر شت لە هیتلەرەوە فێربوون..

❖ **لە کاتێکدا کە هێشـــتا زمانـــی کوردی و هەموو زمانەکانـــی دیکە زمانی قەدەخەکـــراو و تابوون لە وڵاتەکەدا، بـــە بۆچوونی ئێوە تاچەند گەلی کورد و گەلانی تری تورکیا قۆناخی تواندنەوە و سڕینەوەیان تێپەڕاندووە؟**

– بەبـــڕوای من ســـەردەمی تواندنـــەوەی میللەتان تەواو بەسەرچوو، هەلومەرجی سیاسی و کولتووری جیهانی کۆتایی بەو مەترســـییە هێناوە. کێشـــەکە ئەمڕۆ کێشەی توانەوە نییە، بەڵکو پێداگرتنە لەسەر فراوانکردنـــی ئازادییە سیاســـییەکان و بەهێزکردنی توانا و قابیلییەتی کولتووریی. لەسەردەمی ئەمڕۆدا، ســـەردەمی ســـاتەلایت و ئینتەرنێت قەدەخەکردنی زمـــان هیچ نییە جگە لە جۆرێـــک لە گەمژەیی. ئەو عەقڵییەتەی تا ئێســـتا زمان قەدغـــەدەکات، جۆرە عەقڵێکە هێشتا تەپوتۆزی سەدەی نۆزدەی پێوەیە.. لەســـەردەمانی پێشـــوودا کەدەوڵەت نەیهێشـــتبایە رادیـــۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە بە زمانێکی دیاریکراو پەخشـــببن یان دەربچن، بۆئەوەبوو لـــەو ڕێگایەوە خەڵکی ناچاربکات ســـوود تەنیا لە زمانی رەســـمی وەربگـــرن. ئەمڕۆ تاکە دەزگایـــەک دەوڵەت بتوانێت بەراستی زمانی تێدا قەدەغەبکات، بواری خوێندنە.. دەســـەڵاتی دەوڵـــەت بەســـەر جیهانـــی میدیـــا و ڕۆژنامەگەری و کتێبدا بەجۆرێکی گەورە نزمبۆتەوە. بەبڕوای من گەر لەداهاتوودا قسەمان لەسەر مێژووی زمانی کورد کرد، بەتایبـــەت لە تورکیادا نابێت ئەو ڕۆڵە مێژووییە گەورەیەمان لەیاد بچێت کە ئینتەرنێت و ســـاتەلایت لە رزگارکردنی ئەم زمانەدا بینیویانە.. ئەوەی بەپلەی یەکەم مەترســـی ســـڕینەوەی زمان و کولتـــوور و بیرکردنەوەی کوردانـــەی لەنێوبرد و هەڵیگرت، نـــە کرانەوەی عەقڵییەتـــی تورکی و نە دەسکەوتی سیاســـی خەباتی کورد بوو، بەڵکو ئەو کەســـانەبوون کە ئینتەرنێت و ساتەلایتیان داهێنا. ئەمـــڕۆ هەرکـــەس و لە ماڵـــی خۆیـــەوە دەتوانێت بنکەیەکی پەخش و پێگەیەکی هەواڵ و ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترونی دامەزرێنێت و سەدان هەزار خوێنەریش بۆ خۆی مسۆگەربکات، جگە لەوەی دامەزراندنی کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئاســـانییەکی وەها بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە کە بیرکردنەوە لەقەدەغەکردنیان بۆتە کارێکی بێئەنجام. لێرەوە قسەکردنی بەردەوام لەسەر ســـڕینەوە و نەمان لای کوردیشەوە نیشانەی تێنەگەیشتنە لەو هەقیقەتە سیاسییە تازە و گەورانە کە ئەم سەردەمە لەگەڵ خۆیدا هێناوێتی و دەیهێنێت. بەبڕوای من ئێستا مەترسییەکان لە چەشنێکی ترن،

**پانتورکیزم، نەیتوانی زمانێکی قسەکردن لەگەڵ ئەویدیدا بدۆزێتەوە، هەموو ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە ناتوانن زمانی هاوبەش لەگەڵ ئەوانی دیدا بدۆزنەوە درەنگ یان زوو مەحکومن بە مردن**

**کرانەوەی تورکیا بەسەر دۆزی کوردا بەتەنیا لە گۆڕانی مەنتالیتەیتی تورکییەوە نەهاتووە، بەڵکو لەو ڕاستییەوە هاتووە کە تورکیا خۆی لە ناوەڕاستی گەردەلوولێکی جیهانیدا دەبینێتەوە کە خۆرهەڵات بە خۆرئاواوە گرێدەدات**

ململانێکـــە ئەمڕۆ لە نێوان زمان و زماندا نییە، واتە ســـەردەمێک بتوانێت زمانێک زمانێکی دی بکوژێت لـــە بەینچووە، بـــەڵام پێمان ناوەتە ســـەردەمێکی دییەوە کە ســـەردەمی جەنگە لە نێـــوان کولتووری ئەکتیڤ و کولتووری پاســـیڤدا. کولتووری ئەکتیڤ ئەو کولتوورەیـــە کە دەتوانێـــت زۆرترین بەرهەمی ســـینەمایی و تەلەزفزیۆنـــی و ئەدەبـــی و هونەری بەرهەمبهێنێـــت و ئەوانی تر ناچاربـــکات ڕووبکەنەماڵی و پێی ئاشنابن، هەروەها خۆشی زۆرترین شت لە کولتـــوور و زمانەکانی دی وەردەگرێت. بۆ نمونە ئەمڕۆ کولتووری ئەنگلۆسەکسۆنی ئەکتیڤترین جۆری کولتوورە لەســـەر ئاســـتی دنیا، واتە لە کولتووری فرانکۆفۆنی و گێرمانی و ئەســـکەندیناڤی و سلاڤی چالاکتـــرە و هەیمەنەیەکـــی بێچەندوچونی جیهانی هەیە. لەم جەنگەدا ئەوەندەی قسە لەسەر هەیمەنە و باڵادەســـتی هونەرێکە بەسەر هونەرێک و زەوقێکە بەســـەر زەوقێک و وێنەیەکە بەسەر وێنەیەکدا قسە نییە لەســـەر باڵادەســـتی زمانێک بەسەر زمانێکدا.. هەڵبەت لەم جەنگەدا هێـــزی ئابووری و بازاڕ ڕۆڵی ســـەرەکی دەبینن. بۆ نموونە، گەر شەڕی جاران دژ بە زمانێـــک بەپلەی یەکەم فەرمانبەرانی سانســـۆر و پۆلیس و ســـەربازان جەنـــگاوەری بووبن، جەنگی ئەمـــڕۆ جەنگاوەری تـــری هەیە کـــە کۆمپانیاکانی ریـــکلام و کۆمپانیاکانی دروســـتکەری ســـی دی و بنکە گەورەکانی چاپەمەنـــی و فیرما زەبەلاحەکانی دروستکردنی فیلم و سیریالن. لەم جەنگەدا کولتووری پاسیڤ کولتوورێکە هەم کەم بەرهەمدەهێنێت، هەم کەم وەردەگرێت، هەم کەم وەردەگێڕێت و فورسەتی خۆناساندنیشی کەمە. بەبڕوای من ئەم جەنگەیان بۆ میللەتانی بچوکی وەک ئێمە ســـەختترە، تورکەکان لەو ڕووەوە بەرچاوڕوونییەکی گرنگیان پێوەدیارە، بە پێچەوانەی ئێمەی کوردەوە کە هێشتا بە زیهنییەتی پێش ســـاڵانی نەوەد کاردەکەین. ئەمە جەنگێکە لە جۆرێکی تر.. چونکە لە ســـێ بەش یان سێ بەرەی گـــەورە پێکدێت، بەشـــی یەکەمیـــان کولتوورییە، ئەوەیە کە بتوانیت خۆت بەرهەمی فیکری و هونەری و ئەدەبـــی سەرنجڕاکێشـــێت هەبێت، خـــۆت ببێتە بەرهەمهێن و مەســـرەفکەر، نێرەر بۆ کولتوورەکانی تـــر و وەرگر بۆ بەرهەمی ئەوانی تر، کە هەڵبەت بۆ میللەتێکی ژێردەســـت و نەخوێندەوار و کەم کادێری وەک ئێمە زۆر زۆر ســـەختە ئەم شەڕە وەک ئەوانی تر ببەین بەڕێوە. بەشـــێکی دی ئـــەم پێکدادانەش سیاســـییە، واتە کولتوورێک هەوڵدەدات ببێتە ڕێگر لـــە بـــەردەم گەشـــەی کولتوورێکی تر و کۆســـپی

**قەدەخەکردنی زمان هیچ نییە جگە لە جۆرێک لە گەمژەیی. ئەو عەقڵییەتەی تا ئێستا زمان قەدغەدەکات، جۆرە عەقڵێکە هێشتا تەپوتۆزی سەدەی نۆزدەی پێوەیە**

گەورە دەنێتە بەردەم بەرهەمهێنان و خۆناســـاندنی، بـــۆ نموونە تورکەکان هەوڵێکـــی جیددی دەدەن کە شـــتی کوردی نەگاتە دنیای دەرەوە، بازاڕی نەبێت، نەخوێندرێتەوە. بەڵام ئەم شـــەڕە بەشێکی دیکەشی هەیە کە ئابوورییە، واتە ئەوەی کە بەرهەمیدەهێنێت دەبێت بینەر و مەســـرەفکەری بۆ بدۆزێتەوە، کلیلی بینەر و مەسرەفکەریش لە گیرفانی خاوەن بنکەکانی پەخش و کەناڵەکانی میدیـــا و کۆمپانیا گەورەکانی ریکلامدایە. لێرەوە یەکێک لە مەرجە گرنگەکانی ئەم جەنگە ئەوەیە چۆن پارە دەخەیتە بواری کولتوورەوە. لە ڕاســـتیدا ئەوەی بڕێکی زۆر لەســـەرمایەی خۆی نەخاتە بواری کولتوورەوە لە شـــەڕی مان و نەمانی کولتووریدا دەچێتە دوای دواوە.. بە کورتی جەنگی مان و نەمان فۆرمی تـــری وەرگرتووە، زمانی نەبوو یان مردوو ئەو زمانە نییە کە کەس قسەی پێناکات، بەڵکو ئەو زمانەیە کە بیرناکاتەوە و بەرهەمناهێنێت و کولتـــووری نییە. ئەو زمانـــەی کولتووری نەبێت، ناتوانێـــت وەچەکانـــی داهاتووی خـــۆی فێربکات، کولتووریان هەبێت.

❖ **تروســـکەی هیوایـــەک ئەوەیـــە کە پـــاش ئەو هەموو نکوڵی لێکردنە، ئێســـتا، ئەگەر بۆ مەبەستی سیاسییش بێت، سیاسەتوانانی باڵای وڵاتەکە دان بە هەبوونـــی کورددا دەنێن، بەڵام تا ئێســـتا بە دەنگی نـــزم باس لەو هەڵە کوشـــندانە دەکەن کە لە ٨٠-٩٠ ساڵی ڕابردوودا ڕوویانداوە، دیارە ئەو دەنگانە دەبێت بەهێزتر و کاریگەرتر بن. پێتانوایە چۆن دەکرێت ئەو دەنگ نزمانە بەهێز بکرێت و ئەو تروسکەی هیوایانە بکرێن بە ئاسۆی فراوانتر بۆ بینینی ڕاستییەکان؟**

- یەکێـــک لـــە ســـیفەتە گەورەکانی هەمـــوو جۆرە توندڕەوییـــەک ئەوەیـــە پەرچەکردارێکـــی ویژدانی قووڵ لە ناو ئینتلکتوئێل و ڕۆشـــنفیکرانی نەتەوەی باڵادەستیشدا دروستدەکات. قەت لە مێژوودا نەبووە میللەتێک سەرتاسەری دژی میللەتێکی دیکەبێت. من لە منداڵییەکی زوودا فیلمی تاراس بۆلبام بینی کە لە کارێکی گۆگۆلەوە وەرگیراوە، لە نواندنی یۆل براینەر و تۆنـــی کێرتس بوو کە لەســـەر جەنگـــی قەوقاز و پۆلۆنیا بوو سەردەمێک لەسەر خاکی ئۆکرانیا بەشەڕ دەهاتن. لـــەو دەمەوە راســـتییەکی بچوک فێربووم، کـــە دوو نەتەوە چەنـــد دوژمنی یەک بن هەمیشـــە جێگایەک بۆ خۆشەویســـتی دەمێنێتەوە.. هەمیشە یەکێک دێـــت ئەو ئیجماعی کینەیە بشـــکێنێت و لە ناوەڕاستدا باس لە خۆشەویستی بکات. لە ڕۆمانەکەی گۆگۆڵدا، خۆشەویســـتییەکە عەشقی ژنێکە، بەڵام لە ئێستادا مۆتیڤی خۆشەویستی لە نێوان میللەتاندا لە



سەردەمی تاراس بولبا و گۆگۆل زۆرترن.. بەبڕوای من بەهێزکردنی رووی دیموکراسی کوردستان، بەهێزکردنی خەباتی مەدەنی، دروســـتکردنی کولتوورێکی بەهێز، دوورکەوتنـــەوە لە چاندنی کینەی ناسیونالیســـتی، گۆڕینی کوردســـتان بۆ سەنتەرێکی دیالۆگ لە نێوان گەلانی ناویندا بە کۆ لە خزمەت بەهێزکردنی دۆستانی کوردیشـــدایە. لە خۆرهەڵات ســـەدەیەک لە کینە و رق و شـــەڕ لە نێوان میللەتەکانمانـــدا هەیە، هەموو کەسێکی عاقڵ دەزانێت ئەم دۆخە جگە لە ماڵوێرانی و هەرەســـی ئابووری و لاوازی سیاســـی هیچی تری بۆ خۆرهـــەڵات نەهێناوە.. خۆرهەڵات پێویســـتی بە هاوپەیمانییەکـــی زیاتر لە نێوان شـــەپۆلە لیبرال و دیموکراسەکاندا هەیە، ئەوانەی باوەڕیان بە جەنگ و سڕینەوەی یەکدی و کینە نەماوە. من لەو باوەڕەدام، یەکێک لە کێشـــە گەورەکانـــی خۆرهەڵات ئەوەیە کە دیالۆگـــی تاکتیکی و کورتخایەن لـــە نێوان پێکهاتە سیاســـییەکانیدا هەیە، دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەوەی ئەورووپای کـــردە هێزێکی گەورە ڕەچاوکردنی ســـتراتیژێکی ئەوروپـــی هاوبـــەش بوو. هـــاوکاری زانستی و ئابووری و کولتووری درێژخایەن زۆر خێرا ئەوروپایان لە وێرانە و خۆڵەمێشی خۆی هەستانەوە و کردیانە زلهێزێکی گەورەی دنیا. ئێمە لە خۆرهەڵات زەمینەیەکی گەورەتر و پاشخانێکی کولتووری گەورە و ژێرخانێکـــی ئابـــووری گەورەمان هەیـــە.. ئەوەی ناهێڵێت خۆرهەڵات هێزی ڕاستەقینەی خۆی و توانای ئابووری و کولتووری خۆی بۆ جیهان ئاشـــکرابکات، ناسیونالیزمی توندڕەوە.. خۆرهەڵات بەبێ هاریکاری و لێکنزیکبوونـــەوە ناتوانێت لەم دۆخە ناجۆر و لاواز و هەڵوەشـــاوەی خۆی دەرچێت. لە ئاســـتی دووردا بڕوانیـــن جێگایەکی وەک تورکیا چەند دەبێت کار بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپـــا بکات، دەبێت هێندەش کار بـــۆ خۆرهەڵاتێکـــی پـــڕ ئارامی بـــکات.. بەبێ چارەسەرکردنی کێشـــەی کورد، خۆرهەڵات هەمیشە خۆرهەڵاتێکی نائارام دەمێنێتەوە، وادەزانم زانینی ئەو ڕاستییە تاکە زامنێکە کە ڕۆشنبیران و سیاسەتوانانی میللەتانی دی تێبگەن کە چەوساندنەوەی کورد هەم کارێکی نائینســـانی و هەم بازرگانییەکی بێ قازانج و هەم شـــەڕێکی دۆڕاوە. واهەستدەکەم ئەمڕۆ ژمارەی ئـــەو کەســـانەی ئەم ڕاســـتییە دەزانـــن و دەرکیان پێکـــردوە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە گەورەبووندایە. بۆ ئەوەی دەوڵەتەکانـــی ناوچەکە بچنـــە قۆناخێکی مێژوویی نوێـــوە، دەبێـــت دان بە تـــەواوی مافەکانی خەڵکی کوردا بنێن، لـــەو ڕێگایەش زیاتر هیچ ڕێگایەکی دی بۆ پاشەڕۆژ نییە.



سیاسی
ساڵی دووەم ● ژمارە (٨) ● کانوونی یەکەم و شوبات ٢٠١١

چ چارەنووسێکە ئێمە هاتینە ئەم وڵاتە؟ با بێین لەشەرەفەددین ئەڵچی بپرسین.. لەم ماوەی دواییەدا کەس ناوی شەرەفەددین ئەڵچی نابـات، ئەمــە لەکاتێکدایە کــە ئەڵچی ســیمبوڵی سەردەمێک بووە. سیمبوڵی ئەو شتانەی کە لەتورکیادا باسیان لێوە نەکراوە و تابۆ بوون. شـــەرەفەددین ئەڵچی لەسەردەمی ســەرۆک وەزیر ئەجەوید دا وەزیری نیشتەجێکردن بوو، ساڵی (١٩٧٩) کاتێک لەشــارەکەی خۆی لەباشــووری خۆرهەڵاتی ئاناتۆڵـدا دوو میوانی بــۆ دێن و لەگەڵیاندا بەکوردی قســە دەکات دەبێتە مایەی وروژاندنی پارتە بەرهەڵســتکارەکان و میدیاکانی ئەوکاتەی تورکیا. ئەڵچی کاتێک بینی میدیاکان وازی لێناهێنــن، ناچاربوو بەرگری لەخۆی بــکات. بۆیە ڕیپۆرتاژێک لەگــەڵ ڕۆژنامەی حورییەت لەئەنقەرە ســازدەکات و ئەوکاتە لەوەڵامی پرســیارێکی نوێنەری ڕۆژنامەی حورییەت لەئەنقەرە دەڵــێ: «مەگەر چی تێدایە کە من بەکوردی قســەم کردووە؟ من کوردم و لەتورکیایشــدا کورد هەیە. ڕێزیش لەسنوورەکانی میســاقی میللی دەگــرم». کاتێک کە ئەڵچی ئەمەی گوت. ئەوکاتە لەتورکیادا قیامەتی سوور بەرپابوو. دوێنی بەتەلەفۆن قســەم لەگەڵی کرد. ڕەنگە ئێستا باســی ئەو شتە بۆ ئەڵچی بکەین مایەی گاڵتەجــاری بێت و پێکەنینی پێبێت. بەڵام ئەم گوتەیــەی ئەڵچی لەکاتی خۆیدا بــووە هۆی زەمین لەرزەیەکی سیاســی لەتورکیادا. ئەڵچی دەڵێ: «لەبەر ئەو قســانە منیان بەجوداخواز تاوانبار کرد. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ یەکێک هەڵسێت و مانیفێستۆی سەربەخۆییش ئاشکرا بکات بەقەد ئەوکاتە نابێتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ».

بەهۆی ئەم قەیرانــەوە ســەرۆکوەزیران ئەجەوید وەزیرەکانی کابینــەی خۆی کــۆ دەکاتەوە و دانیشــتنێکی ١٩ کاتژمێری سازدەکات. بەڵام قســەکەی ئەڵچی کاریگەری لەسەر ئەجەوید دانابــوو. بۆیە ئەجەوید هەوڵی بەرگریکــردن لەئەڵچی داوە و لەبەرامبەر میدیاکانیشدا گوتویەتی: «ئەڵچی باسی جوداخوازی ناکات بەڵکو تەنیا گوتویەتی من کوردم».

### ٢٧ مانگ زیندان

لەدوای ئــەم ڕووداوە بۆ ماوەیەکی کەم کودەتای ١٢ی ئەیلوول دەکــرێ و کودەتاچییەکانیش ئەڵچییــان لەبیرنەکردووە و لێی خۆش نەبوونە. بۆیە هەرچەنــد ڕۆژێک دوای کودەتاکە بەهۆی ئەو قســانەوە «من کوردم و لەتورکیــادا کورد هەیە» لەلایەن کودەتاچییەکانەوە بە ٢٧ مانگ سزای زیندان مەحکوم دەکرێت. هەر لەوکات و ساتانەدا تائێستا ئەڵچی خاوەن هێڵێکی سیاسی ڕادیکاڵ و لەدژی پەککەیە. بەهۆی ئەوەی کە ســەرۆک هۆزە لەناوچەکەی خۆیدا خەڵکی ڕێزی لێدەگرن. ئەڵچی لەدژی شەڕی چەکدارییە. وەک ئەجەوید گوتبووی «لەڕابردوودا سیاسەتمەدارە کوردە ســەربەخۆکان لەپەکەکە زۆرتر مایەی مەترسی بوونە»، بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەمیشــە لەجیاتی سیاســەتێکی نەرمی کوردی سیاسەتێکی توندڕەوی کوردی هەڵبژاردووە.

ئەڵچی لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆ گەشــبینە و دەڵێ: «لەکوێیەوە بۆ کوێ، ناتوانم هەستبکەم، چونکە هەستم نەماوە بەڵام بەگەشبینییەوە ســەیری هەنگاوەکانی پەرلەمان دەکەم. بۆ مــن مایەی خۆشــحاڵییە. گفتوگۆکردنی مەســەلەی کورد لەنێــو پەرلەمانی تورکیادا بەشــێوەیەکی دیموکراتی منی زۆر خۆشــحاڵ کردووە. بۆیە پێویستە کوردەکانیش لەمە تێبگەن. ڕەنگە پرۆژەی کرانەوە نەتوانێ وەڵامی هەموو پێداویستییەکان بداتەوە، بەڵام ڕێگایەکی باشــە بۆ چارەســەرکردنی پرســی کورد.»

### سیاسەت ڕێگای کردەوە ئێستا دەوری کۆمەڵگایە

من گەشبینم زۆربەی جاران لەم لاو ئەولاوە جێگای خۆشحاڵی و گەشبینی هەیە. گفتوگۆکردنی پرسی کورد لەنێو پەرلەمانی تورکیادا ســەرەڕای ئەو هەموو خۆپیشــاندانان و ناڕازیبوونانە ڕووداوێکــی مێژوویی گەورە بوو. لــەو ڕۆژەوە کە ئەنجومەنی گــەورەی میللەتــی تورک (پەرلەمــان) دامەزراوە تا ئێســتا یەکەمجــارە کە بەمجۆرە بەڕاشــکاوی مەســەلەی کورد لەنێو پەرلەمانــی تورکیادا دەخرێتــە بەر باس و گفتوگۆ. ڕاســتە سەبارەت بەپرســی کورد بیروڕای جیاواز هەیە. ئەوکاتە لەنێو پەرلەماندا بارودۆخەکە ئاڵۆزبوو. سیاســەتمەدارەکان جارێکی دیکە ئەویان ســەلماند کە کولتووری لێبووردەییان ئاستەنگ کردووە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەموو سەرکردە سیاسییەکان لەســەر ئەم خاڵە هاوکۆکن کە لەتورکیادا پرســی کورد هەیە و هۆکارەکەشــی دانەنانــە بەناســنامەی کــورد. گوتەکانی ئەحمــەد تورک بە هێــز و خاوەن کاریگەری بــوون. تەنانەت دەنیز بایکاڵیــش ڕەخنەی لەحکومەت کرد و گوتی: «بێن با بەڕاســتی بەڕووی کورددا بکرێینەوە.» ئەردۆگانیش بەگوتەی بەهێز بەرگری لەپــڕۆژەی کرانەوەی دیموکراتــی کرد. لەکاتی دانیشــتنەکانی پەرلەماندا خاڵی هاوبەشیش لەنێوان سەرکردە سیاســییەکاندا هەبوو. لەجیاتــی ئەوەی بێین ســووکایەتی بەدانیشتنەکانی پەرلەمان بکەین پێویستە گەشبین بین بەوەی کە ئیتر پرسەکە بەرەو چارەسەرکردن دەڕوات.

### نیوەی گڵاسەکە پڕ بووە

مــن بایەخم بەگوتەکانــی دەوڵەت باخچەلی ســەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەژادپەرســتی (MHP) دا، چونکە پەیامی زۆر گرنگی دا. دەوڵەت باخچەلــی گوتی: «بەمجۆرە یا بەو جۆرە پێویستە ئەم پرسە چارەسەر بکرێت» ئەمە شتێکی زۆر گرنگە. یەکێــک لەپەیامەکانی ئەوە بوو کە ئەگەر لەم وڵاتەدا ئیدیعای ئــەوە دەکرێت کە هەندێک لەهاوڵاتییانی ئێمە کێشــەی زمانی دایکییان هەیە ئەوکاتە پێویســتە دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت کە بەزمانی زگماکی خۆیان قســەبکەن. ئەمە هۆکاری ئاســتەنگ کردنی پرســەکە نییە و دەســتووریش هۆکاری ئاستەنگ نییە بەڵکو هۆکاری ئاستەنگەکان ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە. منیش دەڵێــم: «کاتێک کۆی ئەمانە یەکبخەینەوە ئەوا نیوەی گڵاسەکە پڕ دەبێت».

شــەرەفەددین ئاڵچی دەڵێت: «ئــەم گفتوگۆیانە کە کۆتاییان بە بــڕوای کارت کوورت (تورکی چیایــی) لەنێو کۆمەڵگای تورکیــا هێناوە بــۆ ئێمەی کورد و بۆ کۆمەڵــگای تورکیایش شتی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشن. بەساڵان بوو کە ئێمەی کورد لەبەر ئەو بیروڕایە شەرمەزار دەکرا بڵێین کوردین. بۆیە ناکرێ ســووکایەتی بەدانیشــتنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی تورکیا لەسەر پرسی کورد بکەین چونکە ئەو دانیشتنانە باسی گۆڕانی مێژوویی دەکەن لەتورکیادا. بۆیە من دەڵێم سیاســەت ڕێگای کردەوە و ئێستاش دەور و نۆرەی کۆمەڵگایە».



دیمانە:
ئاسلی ئایدنتاشباش میللیەت

شــەرەفەددین ئــاڵچی سیاسەتمەداری کورد و سەرۆکی (KADP):

# سیاسەت ڕێگای کردەوە و ئێستاش نۆرەی کۆمەڵگایە

دەوڵەتی تورکیا هەمیشە لەجیاتی سیاسەتێکی نەرمی کوردی سیاسەتێکی توندڕەوی کوردی هەڵبژاردووە

# ئۆتۆنۆمیی دیموکراسی.. مۆدێلێک بۆ پاراستنی پەکەکە



**یافوز بەیدار**

«ئۆتۆنۆمیی دیموکراسی دەسەڵاتێکی ئەژدیهایی شێوە مارکسی بە کوردەکان دەبەخشێت»، ئەمە ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکی زۆرباش و درێژ بوو کە دوێنێ لەم رۆژنامەیەدا بڵاوبوویەوە.

ئەو «پرۆپۆسەڵانەی» پارتی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (DTK) کە کاریگەریەکی زۆریی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ی لەسەرە بووە هۆی تووڕەبوونی تورکە لیبراڵ و چەپەکان و هەروەک ئەو کوردانەش کە نوێنەرایەتی چەندین ڕاوبۆچوون دەکەن جگە لە PKK. ناوەڕۆکی ئەو پرسە کە لە هەفتەی ڕابردوودا لە دیاربەکر پێشکەشکرا، قسە و باسێکی زۆری بەدوا داهات و ڕوون بویەوە کە چەندین لەو ڕۆشنبیر و چالاککوانانەی بۆ ئەوێ بانگهێشتکرابوون هەستیانکرد کە ئەوان وەک ئامرازێک بەکارهاتوون بۆ ڕەوایی دان بە چەندین پێشنیاری مشت و مڕ هەڵگر.

کاتی هاتبێت یان نەهاتبێت، ئەو هەوڵەی DTK لە ئەنجامی پێویستیەکان و فشاری سیاسەتی واقیعی بووە. ئەو هەڵچوونانە چاوەڕوانکراو بوون، لەبەرئەوەی ئەو «هێزەی» لە پشتیەوەیەتی فاکتەرێکە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت. هەروا ئاماژەیەکی ڕوونیشە بۆ ئەو ناکۆکیەی نێوان واقیع بینەکان و توندڕەوەکان، هۆشداریەکی توندیش بوو بۆ پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار (AKP) و ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان کە تا ئێستا لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هانی پرۆسەی ئاساییکردنەوە و ئاشتەواییان داوە.

یەکێک لە شیکردنەوە هەرە وردەکانی کێشەی پرسی تورکیا کە کرابێت شیکردنەوەکەی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بوو. لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی حوریەت، تاڵەبانی گوتی «ناکرێت چاوەڕوانی گۆڕانکاری و بازدانێکی گەورە بین لەکاتی گۆڕانی سیاسەتێک بۆ سیاسەتێکی تر، بەڵکو دەبێت بە ئاگاییەوە سەیر بکەیت کە ئایا لە گۆڕەپانەکەدا چی ڕوودەدات. کورد لە دیاربەکر و شارەکانی تر ئازادانە کۆدەبنەوە، نوێنەرانیان لە پەرلەماندا هەیە و داواکاریەکانی خۆیان بە ئاشکرا دەردەبڕن، بە ئارەزووی خۆیان شت چاپ دەکەن و پەخش دەکەن. چیتر کەس نکۆڵی لە ناسنامەی کوردی ناکات، لە شار و گوند و قاوەخانەکاندا لەگەڵ یەکتر بە کوردی دەدوێن و زمانی کوردی لە قوتابخانە تایبەتەکان دەگوترێتەوە. هەموو ئەمانە بەر لە ١٠ ساڵ تەنانەت بیریشی لێنەدەکرایەوە. ئەوەی AKP لە ناوچە کوردیەکان کردوویەتی، بەتایبەتی پرۆژە ئابووریەکان، گرنگیەکی زۆری هەیە. دەستکەوتەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو یەکسانە بە دەستکەوتەکانی ئەو سی ساڵەی تێپەڕیوە. ئێمە لە عێراقدا هەڵەمان کرد کە تەنها جەختمان لەسەر داواکاریە سیاسیەکان دەکرد نەک ژێرخان و بواری کشتوکاڵ. چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا بەندە بە حکومەت و گەلەکەی. ئەگەر خەڵکی عێراق قەبوڵیان نەکردبوایە، ئەوا ئێمەی کورد نەماندەتوانی مافەکانی خۆمان بەدەستبهێنین. لەبیرتان بێت تەنها دوو ملیۆن لەو دوانزە ملیۆنەی دەنگیان بە دەستوورەکە دا کورد بوون. ئەوانەشی لە تورکیا ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەن هەر خەڵکی ئەو وڵاتەن، بۆیە پێویستە لەناو خۆیاندا بە ڕێککەوتنێک بگەن.»

دوای خوێندنەوەی پرۆپۆزەلەکەی DTK، بە ڕوونی بۆم دەرکەوت کە ئامانج لێی دامەزراندنی مۆدێلێکە لەسەر شێوازی لینین – ستالینی بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە تەواو نامۆیە و هەر هەمان شێوازە حەماس لە غەزە پەیڕەوی دەکات. ئەم مۆدێلەش بۆ تەحەدا کردنی مۆدێلە دیموکراسیە شارستانیەکان دیزاین کراوە ئەوانەی لە ئیسپانیا و کەنەدا و بۆسنیا ....هتد هەیە، لە جیاتی ئەمەش دەسەڵاتی ڕەها دەدات بە ئەو کەسانەی بەناوی PKKوە شەڕیان کردووە بۆ سەپاندنی ئارەزووەکانیان بەسەر خەڵکی ناوچەکە. ئەمەش هیچ دەرفەتێک بۆ میانڕەو و لیبراڵ و کۆنسەرڤاتیڤەکانی ناوچەکە ناهێڵێتەوە تاوەکو قسەی خۆیان تێدا بکەن. ئەو مۆدێلە ستوونیە بۆ پاراستنی PKK داهێندراوە و لەسەر حیسابی مافی تاکەکانی ئەو ناوچەیە.

کوردە کۆنسەرڤاتیڤەکان ئێجگار گرنگن. هەرچەندە یەکگرتنێک لەنێوان هەندێ لە ئەندامە نیمچە مارکسیەکانی ناو PKK و کوردە ئیسلامیەکان لە بەرەی شەڕ لەپێناو دانپیانان بە ناسنامەی کورد هەبووە، بەڵام ئەو هاوپەیمانیە لەسەر بنەمایەکی زۆر لاواز دامەزراوە و ئەگەری دابەشبوونی هەیە. بە مانایەکی تر، ئەو هاوپەیمانیە کاتی بووە و لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا سەنگی AKP لەو ناوچەیەدا زیاتر هەستی پێدەکرێت.

«کوردە لاوەکان» کە لە لایەن سەڵاحەدین دەمیرتاشەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، بڕیاریانداوە لە واقیع دووربکەونەوە. پێیانوایە AKP پشت دەبەستێت بە ململانێی دانانی دەستوورێکی نوێ و، فشارخستنە سەر ئەجندای ئەو کارەش دەبێتە هەڕەشەیەکی بەهێز بۆ گۆشەگیرکردنی AKP. دەمیرتاش دەزانێت «ئۆتۆنۆمیی دیموکراسی» و پرسی زمانەکە دەبێتە ئامرازێک بۆ خزمەتی پارتی بزوتنەوەی نەژادپەرست (MHP) بۆ ئەوەی «خۆی کۆبکاتەوە» و بتوانێت لە ١٠٪ی هەڵبژاردنەکان تێپەڕبکات کە ئێستا زۆر نیگەرانیەتی.

ئاماژەکان نیشانیدەدەن کە هێڵی PKK- پارتی ئاشتی و دیموکراتی (DTK – BDP) بەردەوام دەبێت بۆ داڕشتنی ستراتیژێک لەسەر بنەمای هێز و فەرامۆشی و هەستەوەریەکانی ئەو پرۆسە ئینتیقالیە و، وابکەن عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک کاراکتەری سەرەکی – ئەگەر بکرێت تاکە کاراکتەر – تێکەڵی پرسەکە بکەن بۆ دیاریکردن و داڕشتنی ڕێچکەی کاری کوردەکانی تورکیا. تاڵەبانی بڕوای وایە حاڵی حازر توندڕەوی ترسناکترین هەڕەشەیە لەسەر ئەو ئاساییکردنەوە ناکامڵە، لەبەرئەوەی – ئەگەر بەردەوامی پێبدرێت – دەبێتە هۆی دروستبوونی لێکچوونێکی کوشندە لەنێوان شۆفینیە تورک و کوردەکان. ئەو نیگەرانیەی ئەمیش ڕاستەقینەیە.

**سەرچاوە: رۆژنامەی زەمان-ی تورکی**

# کێشەی کورد و خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسی



**ئیحسان داغی**

ئەو ڕاستیەی ئەمڕۆکە ئێمە باسی لێوە دەکەین «ئۆتۆنۆمیی دیموکراسی» و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پاڵ زمانی تورکی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، شتێک نییە جێگای نیگەرانی بێت بەڵکو هیوا بەخشیشە. ئەمەش مانای ئەوەیە دووبارە سیاسەت گەڕاوەتەوە سەر باس و خواسی پرسی کورد.

تا ئەوکاتەی توندوتیژیی پێوە دیار نییە و هانی توندوتیژی نادات، ئەوا ئەگەری سەرهەڵدانی ڕێککەوتنێک لەنێو گفتوگۆ سیاسیەکاندا بوونی دەبێت. بۆ ماوەیەکی زۆرە پرسیار لە کورد دەکرێت کە چییان دەوێت، ئەوا ئەمڕۆ هەندێک دەرکەوتوون و چەند داواکاریەکیان هەیە. جا ئێمە حەز بکەین یان حەز نەکەین، باشترە گفتوگۆی بکەین نەوەک لە دژی بجەنگین.

ناوەڕۆکی ڕەشنووسی ئۆتۆنۆمیی دیموکراسی کە لەلایەن کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراسی (DTK)ەوە پێشکەشکراوە گفتوگۆیەکی زۆر هەڵدەگرێت. چەندین خاڵی تێدایە کە لەڕووی دیموکراسیەوە هیچ مانایەک نابەخشێت و، چەند پێشنیارێکیش لەخۆدەگرێت کە خەڵکی ناوچەکە نیگەران دەکات، ئەمانیش وەک مەسەلەی یەکەی بەرگری لەخۆکردن و سۆڤیەتە کوردیەکان (مەبەست لێرەدا هاوشێوەی دەوڵەتە سۆڤیەتەکانە: وەرگێری کوردی).

سەرەڕای ناوەڕۆکەکەی، ئاشکرایە کە پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP) لە هەوڵدایە بۆ داڕشتنی ئەجێندایەک لەسەر پرسی کورد لەو وڵاتەدا. ئەوان تەواو حەقی خۆیانە بۆ ئەو کارە. بەڵام پێدەچێت ئەو پێشبڕکێیەی BDP لەگەڵ پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار (AKP) دەیکات، زیان بە خودی پارتەکە بگەیەنێت. پێموایە BDP خۆی سەری لێشێواوە کە چۆن لەگەڵ پرۆسەی چارەسەرەکە بچێتە پێشەوە و دەیەوێت لایەنی گفتوگۆکەری بەرامبەری «دەوڵەت» بێت کە ئەمیش لە سوپا و هێزە ئەمنیەکان و دەزگای هەواڵگری پێکدێت. ئەو هەڵبژاردنەی BDP و پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) بەم بەهانەیە ڕەتدەکرێتەوە کە «تەنها لەگەڵ ئەو لایەنە دەتوانم ئاشتی بەرقەرار بکەم کە بەرامبەری جەنگاوم.»

لەگەڵ ئەوەشدا لەودیوی ململانێ و دەمەقالیەکانەوە ستراتیژێکی ساسیی قوڵ بوونی هەیە. BDP نایەوێت هیچ «کاراکتەرێکی سیاسی»تر تێکەڵی پرۆسەی دۆزینەوەی چارەسەر بێت بۆ پرسی کورد. دانانی دەوڵەتیش وەک لایەنی بەرامبەر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کردن لەم ڕووەوە بۆ ئەوان شیاوە، لەبەرئەوەی لە کۆتاییدا وادەردەکەوێت BDP تەنها لایەنی سیاسی بووە کە فشاری کردووە و چارەسەریەکی دۆزیوەتەوە، هەروەها دەوڵەت نەیتوانیوە سیاسیانە کێبڕکێی BDP بکات.

پێم وابێ کاتێک دەڵێم «کێبڕکێ کردن لەگەڵ AKP بە زیان لەسەر BDP دەشکێتەوە» ڕوون و ئاشکرایە. لەکاتێکدا دەوڵەت بەم شێوەی ئێستای ناتوانێت ئەڵتەرناتیڤێک لە جێگای وەلائی سیاسی کوردی دابنێت تەنانەت ئەگەر گفتوگۆی چارەسەریەکیش بکات، بەڵام AKP دەتوانێت. لە ڕاستیدا AKP تاکە ڕکابەری BDP یە تەنانەت لە غائیبی پرسی کورد و پێویستیی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ پرسەکە.

BDP و PKK دەترسن لەوەی AKP ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە هێنانە کایەی چارەسەرێک بۆ پرسی کورد، بەمەش وەک بەهێزترین پارتی سیاسی دەستدەگرێت بەسەر سیاسەتی کوردی و بەمەش هێڵی BDP/PKK دەڕوخێنێت.

هەر لەبەر ئەو ترسەش بووە BDP و PKK هەر لەسەرەتاوە لە «دەستپێشخەریەکەی» حکومەت بە گومان بوون. گوایە دەیەوێت بە تەنها خەڵاتەکە بۆ خۆی بێت و لەگەڵ کەسی تر بەشی نەکات. سەرباری ئەوەش هەردوو پارتە کوردیەکە نیگەرانن لەوەی ڕەنگە دەرئەنجامەکەی لە بازنەی سیاسیی کوردی بیانخاتە دەرەوە. ئەو «دوو دڵی و نیگەرانیە» – ترس لەوەی چارەسەرێک بۆ پرسی کورد ببێتە «لەناوچوونیان» – گەورەترین فاکتەرە لەنێو لایەنی کوردی کە ڕێگای چارەسەری بلۆک کردووە.

ئەوان نیگەرانن لە کاریگەری و دەرئەنجامەکانی AKP کاتێک سەرکردایەتی هەر چارەسەریەک بکات. لەکاتێکیشدا AKP تاکە ڕکابەریەتی لەناو کوردان، BDP تەواو ترسی لەوەیە ڕەنگە هەر کارێکی لەم جۆرە جەماوەری AKP لەناو کورد بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبکاتەوە. ئەو کاتە چی بۆ BDP و PKK دەمێنێتەوە؟

هێڵی BDP حەز بە کێبڕکێ ناکات. بەڵکو خوازیارە بە پاڵپشتیی باڵە چەکدارەکەی وابکات مۆنۆپۆلی دەسەڵات و نوێنەرایەتی بکات لەناو سیاسەتی کوردیدا. پێویستە پێیان ڕابگەیەنرێت کە وەها ئامانجێک بەردەوامی بەخۆیەوە نابینێت. لەمەش زیاتر، ڕێگای زاڵبوون بەسەر «دوو دڵی و نیگەرانی» لەنێو سیاسەتی مەدەنی کوردی ئەوە نییە هەڵسیت بە مۆنۆپۆل کردن بەڵکو خۆت پێشبخەیت تاوەکو بتوانیت کێبڕکێی ڕکابەرەکانت بکەیت بە شێوازی دیموکراسی.


من بڕوام وایە پێویستە BDP دەستبەرداری ئەو «دوو دڵی و نیگەرانیە» بێت. ئەو پارتە تا ئێستاش بەهێزترین بزوتنەوەی سیاسیە لەناو کورددا و هەروەهاش دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر کێشەکەش چارەسەر بکرێت. سەرکردایەتی پارتەکە دەبێت بڕیارێک بدەن: ئایا بەژدار دەبن لە چارەسەریەکە یان هەروا بە ترساوی دەمێننەوە کە هەر چارەسەریەک بە سەرکردایەتی AKP دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەوان، بەمەش ڕێگە دەگرن لە بەرقەراربوونی ئاشتی و ڕەفاهیەت بۆ کوردان؟ پێم وابێت هیچ نیگەرانیەکی ناوێت بۆ قۆناغی دوای چارەسەر.

سەرکردەکانی BDP و PKK پێویستە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستیە ببنەوە: ئەمڕۆکە دەوڵەت لەلایەن AKP وە بەڕێوەدەچێت و پرسی کوردیش بەهۆی ئەو پارتەوە چارەسەردەکرێت کە لەناو حکومەت بێت. هیچ ڕۆژێکی باشتر بۆ چارەسەر جگە لە ئەمڕۆکە نابینرێت.

**سەرچاوە: رۆژنامەی زەمان-ی تورکی**

هەواڵنامەی کتێب

# ئۆجەلان جارێکی دیکە تابلۆیەکی رەش و سپی کێشا



## «دەوڵەت و پەکەکە لەچارەسەریدا چەقیانبەستووە»

ڕێبەری دەستگیرکراوی پەکەکە عەبدوڵلا ئۆجەلان:

**ئا: ستار ئەنوەر**

عەبدوڵلا ئۆجەلان لەرێگەی پارێزەرەکانیەوە رایگەیاندووە ئـەوان نە سیسـتـەمی فیدراڵی و نـە کۆنفیدراڵی و تا دەوڵەتی سەربەخۆش ناخوازن، ئەگەر دەوڵەتێکیشیان بۆ دروستبکرێت ئەوان قەبوڵی ناکەن، بەڵکو ئەوان وەکو کورد دەخوازن لە چوارچێـوەی کۆماردا وەکو هاوڵاتی ئازاد بژین، داواشـی لە کاربەدەسـتانی تورکیا کردووە تا مانگی ئادار وەڵامی دەستپێشـخەرییەکەی بدەنەوە و هەنـگاوی پراکتیکی بنرێت، بەپێچەوانە ئەو لەدوای ئەو ماوەیە لەپێڤاژۆیەکە دەکشێتەوە.

ئۆجـەلان داوای لـە (AKP) کـردووە بـە زووترین کات بڕیاری ئاشـتی بدات، هەروەهـا ئاماژەی کردووە لەرەوشـی ئێستادا دەوڵەت و سـوپا ئاشتی دەخوازن بەڵام لەلایەن AKPەوە ئاستەنگیان بۆ دروستدەکرێت، راشیگەیاندووە ئەگەر تا مانگی ئادار ئەنجامێکی ئەرێنی بەدینەکرێت رەنگـە پێڤاژۆیەکە رووبەرووی مەترسـی جیددی ببێتەوە.

### ناوبژیوانی نێوان دەوڵەت و پەکەکە!!

ئۆجەلان هەروەها ئامادەی خۆیی نیشانداوە تا ناوبژیوانی نێـوان دەوڵەت و پەکەکە بـکات، لەمبارەیەوە ئۆجەلان ئاماژەی بـە دیدارەکانی لەگەڵ کاربەدەسـتانی دەوڵەت کـردووە هەرچەنـدە لەمانگی رابـردوو هیـچ دیدارێک ئەنجامنـەدراوە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئـەو دیدارانەی لێرە ئەنجامدەدرێـن بریتیە لە دیالۆگ، نـەک رێکەوتننامەی فەرمـی، مەبەسـتیش لـەو دیدارانە تەنهـا چۆنییەتی ناوبژیوانیکردنی نێـوان (پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا)یە، هەر کاتێک گەیشـتین بە رێکەوتنامە ئـەوکات لەبارەی چەند خاڵێکی سەرەکی قسە دەکەین.

ئۆجەلان لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی تائێستا لەبارەی هیچ خاڵێکی دیاریکراو گفتوگۆیان نەکردووە، هۆکارەکەشـی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە حکومەت تا ئێسـتا بڕیاری نەداوە، هەرچەنـدە منیش نازانم ئـەو کاتـەی رێکەوتننامەکان چوارچێوەیەکـی فەرمـی وەردەگـرن گفتۆگـۆکان بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات.

ئۆجـەلان لەبـارەی کاتێکـی گونجاو سـەرەتای مانگی ئاداری هەڵبـژاردووەو دەڵێت ئەو کاتە کاتێکی گونجاوە، ئەگەر تـا ئەوکاتە ئەنجامێکی ئەرێنـی دەربکەوێت ئەوا پێڤاژۆیی ئاشـتی واتادار دەبێت، ئـەوکات منیش دەڵێم ئاشـتی پیرۆزە، بەڵام ئەگەر تا لەم پێڤاژۆیەدا ئەنجامی ئەرێنی دەرنەکەوێت ئەوا پێڤاژۆیەکە بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار زۆر خراپتر لەرابردوو دەستپێدەکات.

ئۆجـەلان لەبـارەی هەڵوێسـتی خـۆی، روونیکردەوە لەکاتێکدا پێڤاژۆیەکە بەرەو ئاراستەیەکی نەرێنیدا بڕوات ئەوا لە دۆخێکی وەهادا ئەویش ناتوانێ هیچ بکات، تەنانەت ناتوانێت کاری ناوبژیوانیش درێژە پێبدات، پەیوەندی بەو کارەوە نامینێت.

### « AKP لەبەردەم چارەسەری ئاستەنگە»

ئۆجـەلان هەڵوێسـتی حکومەتی AKP بەو شـێوەیە نرخاند: «دەوڵەت بۆ ئاشـتی لەگـەڵ من کۆدەبێتەوە و دیالۆگ دەکات و هەوڵدەدات، سـەرکەوتوو بێت ئەنجامی باشی دەبێت، بەڵام تائێستا حکومەت بڕیاری خۆی نەداوە. حکومەت نە بڕیاری ئاشـتی و نە بڕیـاری رێککەوتننامە دەدات.

ئۆجەلان ئاماژەی ب ەناسـنامەی ئەو کەسانە نەداوە کە لەگەڵی دانیشـتوون بەڵام ئەوەی ئاشکرا کردووە ئەوانەی لەگەڵ ئەودا دانیشتوون لێی تێدەگەن و هەست بەمەترسی قۆناخەکەو هەستیاری رەوشەکە دەکەن، ئۆجەلان هەروەها پێشـبینی ئەوەشیکردووە رەوشـەکە هێندە مەترسیدارە دەکرێت هەمان ئاڵۆزی عێراق لەتورکیا رووبدات بەڵام ئەو تائێستا رێگەی نەداوە.

### «حکومەت پێویستە بڕیاری ئاشتی بدات»

ئۆجەلان داوای لەسـەرۆک وەزیران کـرد خاوەنداری لە دیدارەکانی ئیمرالی بکات، لەبەرئەوەی سـەرۆک وەزیران رایگەیانـدووە دەوڵەت لەگەڵ من دانیشـتووە، بۆیە داوا لە سـەرۆک وەزیران دەکەم تەنها یەک وشـە بدرکێنێ و لەپەرلەمان بڕیاری ئاشـتی بدات، یەک بڕیار بۆ ئاشـتی بەسە دواتر هەموو شـتێک دەکەوێتە سەر رێگای خۆی، ئۆجەلان هەروەها پرسیاری ئەوە لەئەردۆغان دەکات: ئایا دەیەوێت ببێتە کەسێکی وەکو ئۆزاڵ یاخود وەکو چیللەر؟ ئۆجـەلان بەبیری هێنایەوە ئۆزال رۆژێک پێش کوشـتنی شـاندێکی رەوانەی لای ئەو کردبوو، لەمبارەیەوە گوتی: «تێروانینی ئاک پارتی کە دەڵێت هێزی من بەشی ئاشتی ناکات راست نییە، چونکە تۆ حکومەتی پێویستە بڕیاری ئاشتی بدەیت».

### نامەی بۆ کاربەدەستان ناردووە!

ئۆجەلان بەبیری هێنایەوە ئەو پێشتریش گوتبووی پێویستە حکومەت بڕیاری ئاشـتی بدات، ئاماژەی بە ناردنی چەند نامەیەک کرد، کە پێشووتر بۆ هەریەک لە (عەبدوڵلا گویل و ئەردۆغان)ی ناردووە بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدراوەتەوە، ئۆجەلان وەڵامنەدانـەوەی بەرپرسـانی حکومەتی بەوە پێناسـەکرد کە ئەوان بڕیاریان بۆ ئاشتی نییە، ئۆجەلان لـەم نێوەندەدا ناوی ژمارەیەک رۆشـنبیر و کەسـایەتی باڵای تورکی وەکو نموونە هێنایەوە، باسـی لەهەڵوێستی (حەنەفی ئاقچی و محمد ئاغار و ئەشرەف بدلیسی و جەم ئەرسـەڤەر) کرد کە داوایانکردووە لەگەڵ ئاپۆ دابنیشن، هەرچەندە ئەوانە لەرابردوو وەکو ئۆجەلان باسـیکردووە دژایەتیانکـردووە بـەڵام ئەوکاتەی گەیشـتوونەتە ئەو بڕوایەی بەهێز و شـەڕ کێشەکە چارەسەر ناکرێت ئەویان وەکو ناونیشان هەڵبژاردووە.

ئۆجـەلان لەدرێـژەی دیـداری لەگـەڵ پارێزەرەکانیدا سیاسەتی AKP بەرامبەر پرسی کورد هەڵسەنگاندووە و رایگەیاندووە کە ئاک پارتی تا ئێستا هەڵوێستی لەبەرامبەر چارەسـەرکردنی پرسـی کورد روون نییە بەڵکو «تەنها گفتوگـۆ دەکـەن و لەژێرەوەش بڕیـاری پاکاتاوکردنیان داوە». ئۆجەلان نموونەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی لەدژی کەجەکە هێنایەوە و گوتی: «بەپێشنیاری هەندێک کەسی ئەکادیمی و ناوەندی زانکۆ و رۆژنامەوانان ئۆپەراسـیۆن لـەدژی کەجەکە ئەنجامدراوەو ئاماژەی بەوەشـکرد ئاک پارتی کۆمەڵێک حیسابی لەسەر دەستگیرکردنی ئەندامانی کەجەکە کردبوو، لەو بڕوایەشدابووە ئەگەر ئەوانە دەستگیر بـکات بزووتنەوەکە لەناو دەچێـت، بەڵام لەناو نەچوون، پلانەکەیان مایەپووچ بوو، ئۆجەلان گوتی: «ساڵی ٢٠١٠ پێماندەڵێت پلانەکەی AKP هەرەسیهێناوە».

### ئۆزکۆک پێڤـاژۆی چارەسـەری پێشکەشـی حکومەت کردبوو

ئۆجەلان ئاشکرایکرد لەسەرەتای دەسەڵاتی AKP ژەنڕاڵ (حیلمی ئۆز کۆک) پڕۆژەیەکی چارەسـەری پێشکەشـی حکومەت کردبوو، بـەڵام لەبەرئەوەی حکومەتی AKP ترسا بوو ئەو پڕۆژەیەی نەخستە بواری جێبەجێکردنەوە، ئۆجـەلان ئەوەشـی بەبیرهێنایـەوە، ئـەوکات هەندێک رۆژنامەنووسـان لەبارەی ئەو پڕۆژەیە بابەتیان نوسیووە، ئۆجـەلان لەمبارەیەوە رایگەیاند: «هێـزی دەرەوە رێگر بوون لەجێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، ئێسـتاش ئاک پارتی لەشـوێنی هەوڵدانی چارەسـەری دەخوازێت، بەهەندێک شـتی دیکە سـەرقاڵمان بکات کە هیچ پەیوەندیان بەو مژارەوە نییە».

ئۆجەلان بەمشـێوەیە درێژەی بە قسـەکانیدا: «AKP بەردەوام لەهەوڵی فراوانکردنی بنکە جەماوەرییەکەییدایە، AKP دادگای بـاڵای بەگوێـرەی بەرژەندییەکانی خۆی رێکخستەوە، ئێسـتاش لەو چوارچێوەیەدا وەکو دەبینین ژمارەیەک ژەنڕاڵی لەسەر کار دوورخستۆتەوە و هەوڵدەدات تا هەڵبژاردنی داهاتوو دەسەڵاتەکەی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست».

> داوا لە سەرۆک وەزیران دەکەم تەنها یەک وشە بدرکێنێ و لەپەرلەمان بڕیاری ئاشتی بدات، یەک بڕیار بۆ ئاشتی بەسە دواتر هەموو شتێک دەکەوێتە سەر رێگای خۆی

> ئۆجەلان بەبیری هێنایەوە ئۆزال رۆژێک پێش کوشتنی شاندێکی رەوانەی لای ئەو کردبوو، لەمبارەیەوە گوتی: «تێروانینی ئاک پارتی کە دەڵێت هێزی من بەشی ئاشتی ناکات راست نییە، چونکە تۆ حکومەتی پێویستە بڕیاری ئاشتی بدەیت»

AKP دادگای باڵای بەگوێرەی بەرژەندییەکانی خۆی ڕێکخستەوە، ئێستاش لەو چوارچێوەیەدا وەکو دەبینین ژمارەیەک ژەنراڵی لەسەر کار دوورخستۆتەوە و هەوڵدەدات تا هەڵبژاردنی داهاتوو دەسەڵاتەکەی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست

**«هەندێک هێز لەدەرەوە ئاراستەی AKP دەکەن»!!**

ســەرۆکی (پەکەکە) عەبدوڵا ئۆجەلان بانگەشــەی ئەوەی کردووە هەندێک هێزی دەرەوە AKP بەڕێوە دەبەن، نموونەی ئــەو خاڵانەی هێناوەتەوە: «AKP لەناوچەکە پارەیەکی زۆر خەرج دەکات، ئەو پارەیە هی AKP نییە، بەڵکو لەدەرەوە بۆی دێت، موســڵمانێتی ئەوان موسڵمانێتییەکی ساختەیە، موســڵمانێتی راســت و دروســت دیموکراتییە، بەڵام ئەوان خەمی گەورەیــان بریتیە لەپاراســتنی بەرژەوندییەکانیان، خەمی ئــەو خەڵکەیان نییــە دەمرێت، ئــەوان ئێچیرقانی هەڵبژاردن و دەنگەکانن».

ئۆجــەلان وەکــو پشتراســتکردنەوەیەک بۆ شــرۆڤەکانی، لێدوانێکــی جێگــری ســەرۆکی AKP (بلێند ئارینچ)ی هێناوەتەوە، کە گوتبووی «ئامانجی ئێمە لەناوبردنی ئەوانە». ئۆجەلان بەوشێوەیە درێژەی بەقسەکانیدا: «ئێستا ٢ هەزار ئەندامی کەجەکە دەســتگیرکراون، ئەگــەری ئەوەش هەیە ١٠ هەزاری دیکەش دەســتگیر بکەن، ئەوە پرۆژەی AKP یە، ئەوان پرۆژەی چارەســەریان نییە، جگە لەوەی AKP بڕیارێکی ناوەندی نییە بۆ چارەسەری، AKP لەماوەیەکی کورتدا ١٥٠٠ مەلای دامەزراندووە، بێگومان دامەزراندنی ئەو مەلایانەش بەبێ مەبەست نییە».

**«پێویستە دەنگی AKP لە کوردستان نەگاتە ٥٪»**

ئۆجــەلان هەروەها ووتی: پێویســتە دەنگەکانی AKP لە کوردستان نەگاتە ٥٪ لەبەر ئەوەی قازانج کردنی هەدەنگێک لەلایەن ئــاک پارتییەوە دەبێتە بەهێزکردنی بەرەی شــەڕ، بەپێچەوانــەش کەمکردنەوەی دەنگی AKP و قازانج کردنی لەلایەن پارتەکانی دیکەوە خزمەت بە پێڤاژۆیی ئاشتی دەکات، لەبەر ئەوەی ئێســتا AKP دەخوازێت هێزێکی ٥٠ هەزاری ســەربازی لەلایەنگرانی ئامادەبکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێک.

**(دەوڵەت و پەکەکە) لەچارەسەریدا چەقیانبەستووە!**

ئۆجەلان رایگەیاند لەماوەی ٥ ســاڵی رابــردوودا دەوڵەت و پەکەکە لەنێو چارەســەریدا چەقیانبەستووە، بۆیە ٣ مانگی داهاتوو بۆ هەردوولا زۆر گرنگ دەبێت و بۆیە پێویستە هەموو لایەک ئەرکی خۆیــان جێبەجێ بکەن. ئۆجەلان لەمبارەیەوە هۆشداریدا ئەگەر لە ٣ مانگی داهاتوو پێڤاژۆیەک پێشنەکەوێت ئەوا شەڕی کۆمەڵایەتی ســەرهەڵدەدات و کاریگەری بەسەر هەموو کایەکانــی کۆمەڵگا بەتایبەتی رێکخراوکانی کۆمەڵی مەدەنی دەبێت، «هەر بۆیە داوا لەسەرجەم سەرمایەگوزاران دەکــەم ئــاگاداری ئــەو مەترسیــە بــن، مــن ســەرجەم داواکارییەکانی ئێوە ئیمزا دەکەم، لەگەڵ ئەمەشــدا پێویستە هۆکاری بەگەڕەنەخستنی سەرمایە لەکوردستان روونبکرێتەوە، پێویستە هێزی ئەوەتان هەبێت بڵێن هۆکارەکەی شەڕە». ئۆجەلان لەبارەی چەقبەستنی پێڤاژۆیی ٥ ساڵی رابردوو زیاتر گوتی: « AKP ئاستی شەڕی بەرز نەکردەوە، دەوڵەتیش چارەسەری پێشنەخستووە، هەردوولا لەجێی خۆیان چەقیان بەستووە، دەوڵەت و پەکەکە هەمان قسە دەکەن، ئەگەر تا مانگی ئادار چارەســەری پێشنەکەوێت ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ هەیە».

**دیداری ئێوان کەمال کلچدارئۆغلو و سەرانی BDP زۆر گرنگە**

ئۆجەلان لەبارەی کەمال کلچدار ئۆغلو گوتی: «پێویســتە کلچــدار ئۆغلو کــراوە بێت بۆ دیــداری لەگەڵ (BDP)، ئۆجەلان پێشنیاری بۆ کلچدار ئۆغلو کردووە ئەگەر دەخوازێت هەنگاوی تازە بۆ ئاشتی و دیموکراسی و چارەسەری پرسی کورد دەستپێبکات پێویستە کەمالیزم دیموکراتیزە بکرێت و هەنگاوی تازە بنێت بۆ تەوافقی کورد و تورک.

**«دەستووری بنچینەیی (بەڕێوەبردنی دیموکراتیک)ە»!**

ســەرۆکی پەکەکە دەستنیشــانیکرد لەپێشخستنی ئاشتیدا رۆڵــی کۆنســەی شــارەکان زۆر گرنگە، گوتــی: «مۆدێلی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیک سیســتەمێکی کوردانە، نیوەی ئەرکــی ریالیزەکردنــی ئــەو پرۆژەیە بۆ شــاراوانییەکان دەگەڕێتەوە، شــاراوانییەکان دەتوانن کاری خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی لەچوارچێوەی دەستووری بنچینەیی بەڕێوەببەن. بەڵێنی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی بۆ ســاڵی ١٩٢٤ دەگەڕێتەوە، ئەوکاتــە یاســای خۆبەڕێوەبردنــی دیموکراتی بــۆ کوردان پەسند کراوە، پێویستە ئەو مژارە ئێستا فراوانتر باسی لێوە بکرێت».

**« AKP هیچ پرۆژەیەکی چارەسەری نییە»**

ســەرۆکی پەکەکە عەبدوڵا ئۆجەلان رایگەیاند AKP هیچ پرۆژەیەکی چارەســەری نییە، ئەمەش بۆ ئایندەی تورکیا زۆر مەترســیدارە، نــە دەوڵەت و نە AKP چارەســەری ناخوازن، ئەمەش زەمینەی لەناوبردن دەخولقێنن، ئەریەکان دەڵێــت AKP ئامرازی هێزە داگیرکەرەکانە (مەبەســتی هێزە نێودەوڵەتییەکانە). ئەم گوتەیە زۆر ســەرنجراکێش و راستە. « AKPئامرازی حیســاب پرسینەوەیە بەدەستی هێزە داگیرکەرەکان و دەخوازن لەرێگەی ئیسلامیەوە کوردان لەناوبەرن، ساڵی ٢٠٠٣ هەوڵیاندا لەرێگەی عوسمان و بۆتان (ئەندامانی سەرکردایەتی پەکەکە) ئێمە لەناوبەرن، ئێستاش دەیانەوێ بەهەمان شێواز ناوەرۆکی شڤان پەروەر و کەسانی تر پوچەڵ بکەنەوە و تەسلیمیان بگرن».

**«نامەی گرۆپانی ئازادییە»**

ئۆجەلان لــەدوا لێدوانی خۆیدا لەرێگــەی پارێزەرەکانییەوە رایگەیاند کــە دەکرێت نامەی (دیاربەکــر) ببێتە گۆرەپانی تەحریــر و ئازادی، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر چارەســەری پێشنەکەوێت، «من بەردەوام گوتومە ئێوە پاراستنی رەوای خۆتان بکەن، چاوەڕێی من مەکەن، پێویستە KCK و BDP و DTK لە ئامەد بەشێوەیەکی بەرپرسانە کاربکەن.





# ئاپۆ بەدوای چ لەرێگایەکدا دەگەڕێت؟!



● ئەحمەد ئالتان

گەورەترین پرسی تورکیا کێشــەی کوردە، وڵات، مرۆڤەکان ئەو کاتــەی کات و وزەی خۆیان لەپێناو ئــەو رێگایە تەرخاندەکەن، رێگەی خۆیان لەدەســت دەدەن، پێویستە ئەو کێشەیە پارەسەر بکرێت، بەڵام ئەو کاتەی باس لە چارەسەری دەکەن هەندێک هێز هاوار دەکەن، ئێمە چارەســەری دەخوازین، بەڵام چارەسەریەکی وەها ناخوازین. باشــە ئێوە چارەسەریەکی چۆن دەخوازن؟ ئایا چارەسەرییەکی وەها دەخوازن ئەو کاتەی تورکە نەژادپەرستەکان قبوڵیکەن کەکورد تورکن و لەناســنامەی خۆیان بێبەشــکراون، یاخــود دەخــوازن PKK چــەک دابنێت؟ ٢٥ ســاڵە دەوڵەت کەوتۆتە دوای ئەو ئامرازە بەســەرچووە، ئەو ئامرازە بەسەرچوە بەکاردەهێنێــت و بەو هۆیەشــەوە هەزاران مــرۆڤ هەوڵیاندا کێشەکە چارەسەر بکەن سوودی نەبوو، ئەگەر ٢٥ ساڵی دیکەش بەو شێوازە کاربکات سوودی نابێت.

بەشێک لە کوردان لەژێر ناوی مۆزائیکەوە بەدوای چارەسەرییەک دەگەڕێن، بەگوێرەی ئەو چارەســەرییە بەرێوەبەرایەتی هەرێمی خۆســەری دیموکراتــی کوردان دابمەزرێــت، PKK ش وەکو هێزێکی چەکدار دەرفەتی ئەوەی هەبێت ئازادانە بجولێتەوە، ئایا ئــەوە مومکینە؟ ئەگەر ئەو چارەســەرییە گونجــاو بوایە لە ٢٥ ساڵی رابردوو ئەو چارەســەرییە پێکدەهات، بەڵام لەبەر ئەوەی چارەسەرییەکی گونجاو نەبوو پێکنەهاتووە.

لە ٢٥ ســاڵی رابدوو هەموومان بووینە شــایەدی لەدەســتدانی هەزاران کەس، بە فیڕۆدانی سەدان ملیۆن دۆلار لە هیچ سوودێکی نەبووە.

هەردوولا ئەو هێزەیان نییە بتوانن لەرێگەی چەکداریدا چارەسەری یــەک لایەنە بەســەر ئــەوەی دیکە بســەپێنن، شــەڕێک لەو چوارچێوەیەدا تەنهــا دەبێتە مایەی زەرەری زیاتر ئەنجامەکەی ناگۆڕێت.

پێویســتە رێبازێکی دیکە بدۆزینەوە، پێویســتە تورک هەبوون، ناسنامە و زمان و چاندی کوردان پەسند بکەن، پێویستە کوردیش لەرێگــەی هەڵبژاردنەوە بەرێوەبەرایەتی هەرێمەکان قازانج بکات، ئایا پەسند کردنی ئەوەی کە کورد کوردە و ئەو مندااڵانە بەزمانی دایکیان بخوێنن کارێکی هێندە زەحمەتە.

هیچ هێزێک نانوانێت ئەو راستیە بگۆرێت. PKK ش ناتوانێت ئەو هەرێمەی کە داوای دەکات بە چەک پارێزگاری لێبکات، بەڵکو پێویستە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە هەوڵبدات ئەو مافە قازانج بکات و بیپارێزێ، لەبەر ئەمەش پێویستە نەتەنها کورد، بەڵکو هەوڵی قەناعەت پێهێنان و رازی کردنی تورکانیش بدەن.

ئەگەر لەرەوشــێکی وەهادا هەردوو لا پۆزسێونی خۆیان نەگۆڕن چۆن دەتوانن دەرفەتی ئاشتی برەخسێنن؟ پێویستە پێش هەموو شــتێک ووشــەی نەفرەت لەناو بچێت، بەڵام لە دوای ٢٥ ســاڵ کارێکی ئاسان نییە.

ئۆجەلان لە ئیمراڵی لەگەڵ بەپرســانی دەوڵەت دیدار سازدەکات هێندەی من تێگەیشــتووم بەدوای رێگای لەنــاو بردنی نەفرەت دەگەرێــت، هەروەها ئەوەی من دەیبینم ئەو دەزانێت ئەو رێگایە لە کوێــدا تێدەپەرێت، رێگای بریتیە لــەوەی ئەوەی لە تورکان لەســایەی پرســی کورد ئەو ئازارەی کورد چەشتوویانە ببنە هاوخەمیان و لەو پــرس و ئازارانە تێبگەن، ئەو رێگایە بەمانای تورکبوونی کوردان کۆتایی دێت.

پارێزەرانی ئۆجەلان لەگەڵ زۆر کەس و لایەن دادەنیشن و ووتوێژ دەکەن یەکێک لەوانە (حوسین گول ئێرجە)یە. حوسین گول ئێرجە یەکێکە لەسەرکردەکانی گرووپی گوڵەن.

دوای ئەوەی حوسین گول ئەرجە لەرێگــەی ووتارێک ئاماژەی بــە دیتنی پارێزەرانی ئۆجەلان کرد رووبەرووی رەخنەیەکی توند بــۆوە، من ئێتاگەم بۆچی هێرش دەکرێتە ســەر حوسین گول ئەرجە، ئەگەر ئێوە نەتەوەپەرستی شۆڤێنیستن وابیر دەکەنەوە رووبــەرووی ناهەقی و بوونەتــەوە، ناســنامەیەک نییە بەناوی کــوردان، مندااڵنی کورد مافی خوێندنــی زمانی زگماکیان نییە، یاخود کورد ناتوانن ئەو مافە پیادەبکەن، ئەو کات مافی خۆتانە لە گول ئەرجە پەســت بن، بەڵام ئێوە کەســانی بیروکراتن وابیر دەکەنەوە مرۆڤ هەموو وەکو یەک دروســتکراوە و هەموو کەسێک عەبدی یەزدانە کەواتە بۆ چــی لەووتارەکەی گول ئەرجە هێندە پەستتان دەکات؟

کارەکەی حوسین گول ئێرجە بریتیە لەکاری موسلمانێکی باش، ئەو کاتەی دراوســێکەی ئێوە بەسکی برسی خەو سەر بنێتەوە، لەگەڵا ئێش و ئازارەکانی خەو بکات، ئایا دەتوانن بە ئاسوودەیی بخەون، ئایا موسلمانێتی لەو بارەیەوە هەڵوێستی چی دەبێت؟ ئایا نەتەوەپەرســتێک گوێ لە دراوسێکەی نەگرێ دەبێت ئاستی موسڵمانێتی چۆن بێت؟

بەرای من پێویســتە موسلمانی راســت و دروست دەست بخاتە چارەســەر کردنی ئەو چارەســەری پرســی کوردەوە، نەتەنها فەتــواڵکان بەڵکو ســەرجەم پیاوانی ئاینی پێویســتە هەوڵو تواناکانیان بخەنەگەڕ.

لەســەرجەم تورکیا ئۆجــەلان تاکە کەســە دەتوانێت چەکەکان بێدەنگ بکات، ئۆجەلان بۆ ئەوەی ئاشتی سەربگرێت لەرێگایەک دەگەڕێت بەبێ ئەوەی پشتگیری گەلەکەی لە دەست بدات، بەڵام لەیاد مەکە لەو وڵاتە تورک دەژین، هیواکانی خۆت پەیوەست مەکە بەشێوازی هەرەشە ئامێز، هەوڵبدە چارەسەریەک بدۆزەرەوە. گەلێــک لە تــورک و کوردان لە ئاپۆ بێزارن بــەڵام ئەو بێزارییە راســتیەکە ناگۆڕێت، تەنها پەیوەســتبوون بە رابــردوو داهاتوو رووناک ناکاتەوە.

ئەگەر ئەو زەڵامەی دوێنێ شــەری دەخواســت ئەمرۆ ئاشتی دەخوازێــت بۆ ئەمــەش هەوڵدەدات پێویستە هەمــوو لایەک پشــتگیری لێبکەن بۆ کردنەوەی رێچکەی ئاشــتی. لەشــوێنی ئــەوەی بێزار بــن و بێ ئارامی خۆتان بەســەر حوسین گول ئەرجە بەتەقێننەوە، ئێوەش ووشــەی نەفرەت لەناو بەرن دەست بەپێڤاژۆیەکــی تازە بکەن، ئەو کارە بۆ موســلمانێتی خێرە، بۆ دیموکراسی ئەرکە، بۆ ئاشتی سەقامگیرییە بۆ بەختەوەری هەموو مرۆڤەکان پارمەتیدەرە.

● لە رۆژنامەی تەرەفی تورکی



هەواڵنامەی کتێب

# لەپێناو چارەسەریی پرسیی کورد

لەکۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی ٢٠١١/٢/١٨ لەشاری وان بەڕێوەچوو و ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. لەدووەم ڕۆژدا سەرۆکی CHP کەمال کلچدار ئۆغڵو بەشداری تێدا کرد، ڕایگەیاند کە CHP لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێگای سێیەم بەکاردێنێ و گوتی: «نامانەوێ ئەو پرسە لەسەر بنەمای ئەتنیکی و ئایینی چارەسەربکەین، بەڵکو دەمانەوێ لەدەرەوەی سیاسەتی AKP و BDP ڕێگای سێیەم بۆ چارەسەرکردن بەکاربهێنین».

لەکۆبونەوەکەی شاری وان-دا لەئەندامانی CHP و کەسانی ئەکادیمی نوێنەری دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕیش سپی و بیزنسمانەکان بەشداربوون. بڕیاروایە پارتی کۆماری گەل ڕاپۆرتێک بۆ چارەسەری پرسی کورد ئامادە بکات، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە ناکەوێتە چوارچێوەی کاری CHP بۆ هەڵبژاردنی مانگی حوزەیرانی داهاتوو، بەڵکو تەنها وەکو بانگەشەی هەڵبژاردن ئاماژەی بۆ دەکرێت.

**پەروەردە بەکوردی بەڵێ، بەڵام ئێستا نەخێر**

ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٠ لەشاری وان سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (CHP) کەمال کلچدار ئۆغڵو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکرد و وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی دایەوە. کلچدار ئۆغڵو دانی بەوەدانا کە سیاسەتی ئەوان لەهەرێمی کوردان نێگەتیڤ بووە، گوتی: «هۆکاری کۆبوونەوەی ئێمە لێرە ئەوەیە گوێ لەو کەسانە بگرین کە وەکو CHP بیر ناکەنەوە، ئێمە لێرەدا هەم وەکو کۆبوونەوە و هەم وەکو گوێگر ئامادەبووین».

کلچدار ئۆغڵو گوتی: «لەکۆبوونەوەی واندا تەنها باس لەپرسی کورد نەکرا بەڵکو پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتی، بکەر نادیارەکان، توندوتیژی دژی ژنان، ریفۆرمی ئیداری، مەرجی سەربەخۆیی شارەوانییەکان و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی CHP گفتوگۆمان کرد».

کلچدار ئۆغڵو ڕوونیکردەوە، کە ئامادەبووان ڕایانگەیاندووە کە تێگەیشتنی CHP بۆ پرسەکانی هەرێمەکە نێگەتیڤە،

گوتی: «ئەوان لەچەند ڕۆژی داهاتوو جارێکی دیکە لەگەڵ ریش سپی و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەرێمەکە کۆدەبنەوە، ئەو کەسانەی کە وەکو ئەوانیش بیرناکەنەوە گوێیان لێدەگرێت».

لەبارەی ڕۆلی عەبدوللا ئۆجەلان بۆ چارەسەری پرسی کورد کلچدار ئۆغڵو گوتی: «لەکۆبوونەوەکە مژارێکی وەها باس نەکراوە».

لەوەڵامی پرسیارێکدا تایبەت بەپەروەردە بەزمانی زگماکی، کلچدار ئۆغڵو گوتی: «پێویستە پەروەردە و هەبوونی زمانێکی دیکەی زگماکی دیکە پەسند بکرێت، ئەوان لەو کۆبوونەوەیەدا دەربارەی ئەو پرسە گفتوگۆیان کردووە، بەڵام کلچدار ئۆغڵو بەدووری زانی دەرفەت ڕەخساندن بۆ پەروەردە بەزمانی زگماکی بتوانێت کێشەکان چارەسەربکات».

لەپرسیارێکی دیکە ئایا کلچدار ئۆغلو چۆن پێناسە و باسی پرسی کورد دەکات؟ گوتی: «ئەوان (ڕێگای سێیەم) بەکاردەهێنن و پرسی کوردیش لەنێو ڕێگای سێهەمدایە».

پارتی گەلی کۆماری پێشووتر لەبارەی پرسی پەروەردە بە زمانی کوردی پێشنیاری کردبوو فێربوونی ئەو زمانە لەڕێگای خول و وانەی تایبەت بێت و نەبێتە ئەرکی دەوڵەت، بەڵکو پەروەردەی فەرمی تەنها بەزماتی تورکی بێت.

سەرۆکی CHP لەبارەی ڕێژەی ١٠٪ کە وەک بەربەستی هەڵبژاردن بۆ پێشبڕکێی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەبەردەم پارتە سیاسییەکان دانراوە، گوتی: «ئێمە دەمانەوێ ڕێژەکە لە ١٠٪ەوە بکرێتە ٧٪. هەروەها هەندێک لایەنی دیکەش داوادەکەن ڕێژەکە بگاتە ٥٪، CHP لەدژی ئەوانیش نییە».

# CHP بەدوای ڕێگەچارەی سێیەمدا دەگەڕێ!

**سەزگین تانرکوڵو: پرسی کوردیش وەکو چەندین پرسی دیکەی ئەو وڵاتە پرسی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤە**

لەلایەکی دیکەوە، جێگری سەرۆکی CHD و بەرپرسی پێشوو مافەکانی مرۆڤ پارێزەر سەزگین تانرکوڵو دوای ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی چووە نێو ریزەکانی پارتی کۆماری گەل، ڕۆژی لەدیدارێکیدا لەگەڵ میدیاکانی تورکیا لەبارەی چارەسەری پرسی کورد، وەکو ڕابردوو قسەی نەکرد، کە خاوەن هەڵوێستی رادیکاڵانە بوو لەبارەی چارەسەری پرسی کورد، ئەو بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ داوای پەروەردەی زمانی کوردی نەکرد، ڕایگەیاند کە «پێویستە CHP ڕاپۆرتی چارەسەری پرسی کورد ئامادەبکات» و گوتی: «چارەسەری پرسی کورد بەبێ بەشداری CHP ئەنجامگیر نابێت، ئێستاش ئەو ئەرکە تەنها لەسەر ملی CHP نییە بەڵکو ئەرکی خەڵکی ناوچە کەناراوییەکانیشە هەوڵ بۆ چارەسەری بدەن، کە زۆربەیان لایەنگر و هەواداری ئەو پارتەن».

سەزگین تانرکوڵو لەدرێژەی ئاخاوتنەکانیدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە CHP بازنێکی چەپ و سۆسیال دیموکراتی تورکیایە. گوتی: «ئێستا CHP خاوەن ئەو ئیرادەیە بۆئەوەی ببێتە پارتێکی سۆسیال دیموکرات و لەبەرئەمەش ئەو بڕیارەی داوە لەسەرۆکایەتی بەشداریبکات. هەروەها ڕوونیکردەوە کە لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٠ خەڵکی کەناراوییەکان ئەوانەی دەنگیان بە CHP داوە لەدژی چارەسەری پرسی کورد نین. بەشێک لەنوێنەرانی ناوچە کەناراوییەکانی تورکیا ئەویان کردۆتە بەرپرس».

تانرکوڵو گوتی: «لەسەرەتای دامەزراندنییەوە پارتی کۆماری گەل بەردەوام هەوڵیداوە کێشەکان چارەسەر بکات بەشێوەیەک کە یەکسانی و دادپەروەری و دیموکراسی لەئامێز بگرێت، لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین پرسی کوردیش چارەسەر بکەین».

سەزگین تانرکوڵو ڕەخنەی لەئاک پارتی گرت و گوتی: «ئەوکاتەی ئاک پارتی باسی لە کرانەوەی دیموکراسی بەڕووی کوردان کرد، هیچ پرۆژەیەکی ئامادەکراوی لەبەردەست نەبوو و بڕیاری نەداوە بەچ شێوەیەک ئەو پرسە چارەسەربکات».

وێڕای ئەو ڕەخنانەی بۆ پارتی داد و گەشەپێدان، سەزگین تانرکوڵو ڕەخنەی لەڕاپۆرتەکەی CHPش گرت و گوتی: «پێویستە CHP سەر لەنوێ ڕاپۆرتی کوردی ئامادەبکات، نابێت CHP لەژێر گوشاری ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە پاشەکشێ بکات».

بەڵام سەزگین تانرکوڵو هیچ ئاماژەیەکی بە بەرنامەی CHP نەکرد و ئامانجەکانی پارتەکەی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕوون نەکردەوە، هەروەها هیچ ئاماژەیەکی بە پرۆژەکەی پارتی ئاشتی و دیموکراتی بۆ مۆدێلی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەناوەندەکانی خوێندن و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت نەکرد. بەڵکو بەگشتی باسی ڕێوشوێنی چارەسەری کرد.

سەزگین تانرکوڵو ڕایگەیاند داخوازیەکانی تێڕوانینی CHP لەبارەی چارەسەری پرسی کورد لەکارنامەی هەڵبژاردنی ٢٠١١ شوێنی گرنگی پێدەدرێت. هەروەها گوتی: «پرسی کوردیش وەکو چەندین پرسی دیکەی ئەو وڵاتە پرسی دیموکراسی ومافەکانی مرۆڤە، CHP لەوچوارچێوەیەدا پرسەکە چارەسەردەکات».

لەکۆتایی ئاخاوتنەکانیدا سەزگین تانرکوڵو ڕوونیکردەوە کە پارتی کۆماری گەل CHP لەپێناو چارەسەری پرسە هەڵواسراوەکانی تورکیا ڕاپۆرتی ئامادەکردووە، بەڵام ئاشکرای نەکرد «ئایا پرسی کورد دەبێتە یەکێک لەو پرسانە یان نا؟!».



پارتی کۆماری گەل بۆئەوەی هەڵوێستی خۆی لەبارەی پرسی کورد ئاشکرا بکات لەشاری وان کۆنگرەیەکی سازکرد

# بزوتنەوەی کوردو دیموکراسی



تەها ئاکیۆل *

لەهاوینـی رابـردوودا لەفرۆکەدا لەگەڵ عوسـمان بایدەمیر کەوتنـە لای یەکتر. لەکاتی قسـەکردندا گفتوگۆ هاتە سەر دیموکراسییەتی تورکیا. سەبارەت بە رۆڵـی قەڵەمە لیبراڵەکان وەهام پێگوت: «لەنێو کورداندا دیموکراتی بەمشێوەیە دەرناکەون کە رەخنە لە پەکەکە بگرن. وەک چـۆن لیبراڵەکان رەخنە لە دەوڵەت و سـوپا دەگرن. بەدڵنیاییەوە پێویسـتە بزووتنەوەی کوردیش بەدیموکراسی ببێت».

ئەمـە بیرۆکەیەکی منە، کە لەزووەوە پاراسـتومە. تەنهـا بەدیموکراسـی بوونی دەوڵەت بـەس نییە بۆئەوەی پرسـی کورد بەبێ خوێن چارەسەر ببێت، لەهەمانکاتـدا بەدیموکراسـی بوونـی بزووتنەوەی کوردیش بۆ ئەمە پێویسـتە.هەروەک چۆن ئێسـتا بزووتنەوەی کوردی بەدیموکراسـی بوونی کولتووری نەبینیوە، لەژێر گوشاری تۆتالیتاریانەی PKKشدا نەرمبوونێک نابینرێ.

بەپێچەوانەوە لەحاڵەتی راگەیاندنی «بێ چالاکی» بۆ ماوەیەکی درێژ PKK بورغوەکانی تۆتالیتاری زیاتر توند دەکات و گوشـارەکانی زیاتـر دەکات. گومان لەوەدەکات کە «بـێ چالاکی» هەلومەرجێکی نەرم بخوڵقێنێ و بزووتنەوەی کوردی تووشـی میکرۆبی دیموکراسی ببێت.

## رەخنە لەخۆگرتن واتا چی؟

ئێوە دەزانن کە عوسمان بایدەمیری سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر کاتێک گوتبوی «شـەڕی چەکداری رۆڵی خۆی تەواو کردووە» رووبەڕووی کاردانەوەی توندی ئۆجەلان هات و تەنانەت لەلایەن لاوانەوە رووبەڕووی هەڕەشـە بـوەوە. ئۆجـەلان بۆئـەوەی بایدەمیـر پاشەکشـێ لەم ئاخاوتنەیدا بـکات، داوای رەخنە لەخۆگرتنی لێکردبوو. لەئایدۆلۆژیە تۆتالیتاریەکاندا رەخنە لەخۆگرتن زاراوەیەکی تایبەتە، ستالین هەموو (خائینەکانی) ناچاری رەخنـە لەخۆگرتن کردبوو. کاتێک دەگوترێت رەخنە لەخۆگرتن واتە لێستنەوەی هەموو ئەوەی تفاندویەتیەوە و بەمەش کەسـایەتی سـووک دەکات و لەناوی دەبات. دوێنێ لەرۆژنامەی (تـەرەف) کورتولوش تایس نووسـی بایدەمیریش رەخنـەی خۆیـدا و بە کەجەکە گوت: «قسـەکانم ئامانجەکەمیان تێپەڕاند، مەبەسـتم ئەوە نەبوو کە بانگەوازی چەکدانان لەڕێکخستن نەبوو».

دوای ئەوەی لەسـایتی پەکەکـە لەپێناوی KCK

راگەیاندراوێـک بڵاوکرایەوە کە نابـێ کەس رەخنە لەتێکۆشـانی چەک بگرێت! کورتولوش تایز دەڵێت واتای ئەمە روونە دەڵێت کەس ناتوانێ گوشار بخاتە سەر هێزە چەکدارەکان بۆ ئاشتی.

ئەگەر دەوڵەت ئازادییەکا قەدەخە بکات داوای لەسەر تۆمار دەکەن، کە هەڵیوەشێنێتەوە تا دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا دەچن.

بەڵام کاتێک PKK قەدەخە دانێت هیچ شتێک نییە، کە سیاسـەتمەدارانی کورد بیکـەن جگە رەخنەدان و ملکەچکردن. تەنانەت مەترسـی ئەوەش هەیە کە وەکو (حیکمەت فیدان) بشکۆرێت.

### سیاسەتی چەکدارانە

(بێ چالاکی) رادەگەیەنن ئەمە باشە. بەڵام لەلایەکی ترەوە کۆنترۆڵی توتالیتاریانە بەو رادەیە دەسەپێنێت و رەخنەگرتن لەتێکۆشانی چەکداری قەدەغە دەکات، باشە ئەمە گوزارشت لەچی دەکات؟!

تابلۆیەکـی وەها هەیـە: «بەهای سیاسـی گوتە زانسـتییەکانی ئەحمەد تورک، ئایسـەل توگلوک، عوسمان بایدەمیر، گولتان کشاناک و هی وەکو ئەوان چی یە؟».


بەداخەوە دوێنێ جارێکی تر لە لێدوانەکانی ئۆجەلاندا دەرکەوت کە لێدوانی زانستی هیچ بەهایەکی سیاسی نییە.

ئۆجەلان لەکاتی درێژکردنەوەی (بێ چالاکی) تا ١ی مارت ئەگەری هەڕەشەی شەڕی ناوخۆیی دا و هۆکاری تورەبوونیشی لەوانەی کە گوتیانە (چەک رۆڵی خۆی تەواو کرد) چی بووە، خستەڕوو. ئۆجەلان ئاشتستاش لەگۆشەی لوولەی چەکەوە سەیری سیاسەت دەکات. سیاسەتی دیموکراتیانە هەرس ناکات.

لەم رەوشەدا پێویستە سیاسەتمەدارانی کورد وەکو ئەوەی (باسـک) لەئیسـپانیا کردی، بە رێبیوان و دەنگێکی بڵنـد لەدژی ئەوە بوەسـتنەوە و لەدژی سیاسـەتی چەکدارانـە بوەسـتنەوە و پارێزگاری لەدیموکراسی بکەن. چەک هەموو رێگایەک دادەخات و خوێـن و مـردن بۆ هەمـوو کەسـێک دەهێنێت. هەرچی دیموکراسـییە، هەموو رێگاکانی چارەسەری دەکاتـەوە. بۆیە سیاسـەتمەدارانی کـورد و تورک لەتاقیکرنەوەدان بۆ دیموکراسی.

* پێشکەشکاری بەرنامەی سیاسی لە کەناڵی CNN Turk

# عەبدوڵڵا گویل و دیموکراسی



حوسنی مەحلی

سـەرۆک کۆمار عەبدوڵڵا گویل لەسەر رێگەی تاران بەو رۆژنامەنوسانەی گوت کە یاوەری بوون، ئەو رووداوانەی کە لەمیسـر روویاندا کاردانەوەیەک بوو لەبەرامبەر ئەو گوشـارانەی کە لەو وڵاتەدا لەسـەر خەڵکەکە کەڵەکە ببوو. تەنها لەمیسر نا بەڵکو لەهەموو جیهانی ئیسلامیدا دیموکراسـی و ریفۆرم بۆتە پێویسـتییەک. لەمیسـردا شارسـتانیەتێکی و گەورە و خەڵکێکی بەکەرامەت هەن بەڵام لەمیانی سیستمێکی چروک نابێتە وڵاتێکی بەهێز. لەوکاتـەی پارتـی داد و گەشـەپێدان هاتۆتە سـەر دەسـەڵات لە ٢٠٠٢وەوە بەرێز عەبدوڵـڵا گویل بەردەوام پەنجەی لەسـەر ئاماژەی هاوشـێوە داناوە چ لەوکاتەی سەرەکوەزیران بوو چ لەوکاتەی وەزیری دەرەوە بوو یان سەرەک کۆمار بوو.

### بەبیرهاتنەوەیەک بۆ ئێوە

لەوکاتـەی کە وەزیری دەرەوە بوو لەحوزەیرانی سـاڵی ٢٠٠٣ لەقسـەکانی لەگـەڵ (فیکـرەت بیـلا) ئاماژەی بەوەدا کە هۆکاری رەوشـی ئێسـتای وڵاتی ئیسـلامی رژێمەکانیەتـی. داخرانـی کێشـەکان، ناشـەفافیەت. باڵادەستی بەپشتبەستن بەزۆرینە و...تد. واتە شێوازی بەڕێوەبـردن هۆکاری سـەرەکیە. دواکەوتوویی ئەمڕۆی وڵاتانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆئەو رژێمانە.

سیستمی پادشـایەتی و میرایەتی داخران و پشتبەستن بەستەمکاری لەو رژێمانەدا کۆسپی هەرە سەرەکی بەردەم پێشکەوتنی ئەو رژێمانەیە. پێویستە ئەو راستیانە، ئەو سەرۆکانەش ببینن کە ئەم وڵاتانە بەرێوە دەبەن.

بەرێز گویل سـێ رۆژ پێش بڵاوبوونەوەی ئەم قسـانەی لەرۆژنامەی میللیەت بەشـداری لەکۆنفرانسی (IKO) کرد و ئاماژەی بەوەدا کە لەوڵاتانی ئیسـلامیدا ریفۆرم و دیموکراسـی پێویستە. بەڵام بەرێز گویل نە لەقسەکانی لەگەڵ (فیکرەت بیلا) و نە لە تارانیش باسی لەوە کردبوو کە لەپشت سـەرۆکە دیکتاتۆرەکان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیـە. کاتێک گویل ئەم قسـانەی دەکرد من لەشـام و بەیـروت دەسـوڕامەوە، هەرکـەس دەیگوت بەرێز گویل گفتوگۆیەکی باشـی هێنایە کایەوە و باسی قسەکانیان دەکرد. چونکە لەسەردەمی سەرەکوەزیرانێتی دا پێشـنیاری ١ی مارس رەتکرا بۆوە کە پەیوەست بوو بـە بەکارهێنانی خاکی تورکیا بۆ لێدانی عێراق و ئەوەی بۆخەڵکـی هەرێمەکە سـەلماندبوو کـە تورکیا چەندە بەکەرامەتـە. خەڵکی هەرێمەکـەش رژگاری خۆیان لەو هەڵوێستی تورکیادا بینیبۆوە.

بۆیە هەرکاتێک باسی میسر و تونس دەکرێت من دەڵێم خەڵکی ئەو وڵاتانە ئیلهـام لەتورکیاوە وەردەگرن، واتە رووداوەکە لەیەک خولەک دەستی پێنەکرد و بەرووداوی (مافی مەرمـەرە)ش کۆتایی پێنەهات. تورکیا بەهەموو شـتێکی خۆیەوە بۆ خەڵکی ئەم جوگرافیایە مۆدێلێکە، لەبەرئەوەی لەقۆناخە هەستیارەکاندا هەڵەی نەکردووە. لەدیاریکردنی چارەنووسـی ناوچەکـە رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت. با هیچ کەسێک گومانی لەمەدا نەبێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە، دەڵێم سەردانەکەی سەرۆک کۆمار گویل بۆ ئێران زۆر گرنگە.

دوای ئەردۆغان کە لەتوانایدا هەبوو سەبارەت بە بابەتی پیتاندنی یۆرانیۆم باوەڕ بە عەجەمیەکان بهێنن، ئەمڕۆکەش هەمان ئەو عەجەمانە ئەگەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش بێت دەیانەوێت باوەڕ بەتورکیا بهێنن و لەنزیکەوە بەدوای دیموکراسیەکەیدا بچن. لەوانەیە بەرپۆبەرایەتی ئێران و بەتایبەتیش (مێشک داخراوەکانی) دەورووبەری ئەحمەدی نەژاد بەکرانەوەکانـی ئەردۆغان و گویل و ئەحمەد داود ئۆغلو خۆشحاڵ نەبن.

لەوانەیە درێژە بکێشـێت، بەڵام ئەمـە هەر رووددات. چونکـە لە٣٠٪ ئێـران ئازەرین واتە بەرەگـەز تورکن. لەگەڵ ئەمەشدا نیوەی ئێرانیەکان بەتورکی قسەدەکەن، ئێرانیـەکان لەنزیکەوە سـەیری تەلەڤزیۆنە تورکیەکان دەکەن و سـاڵانە لەملیۆنێک زیاتر وەک گەشـتیار دێنە تورکیا و ئەوەی لەژیانی ئەوێ بۆ خۆیان دەکەنە دەرس و ئەنجامی لێ دەردەخەن. تورکیا دراوسێیەکی ئێرانە و وەکو ئێرانیش ئیسلامیەکان لەسەر دەسەڵاتن.

لەو بارەیەوەشـدا زۆرینەی خەڵکی ئێـران بەتورکیاوە پەیوەستن، هەر هەواڵێک دەخوێننەوە و گوێیان لێدەبێت وڵاتی خۆیان بەتورکیا بەراورد دەکەن و پرسـیار دەکەن ئایا کام مۆدێل باشترە.

بەبۆچوونی مـن وەڵامی ئەوپرسـیارە دەبێـت ئەوانە بیدەنەوە کە سەردەمێک دروشمی (تورکیا نابێتە ئێران) بەرزدەکەنەوە، لەوانەیە لەئێرانیشدا هەندێک دەوروبەری تاریـک بڵێن (ئێران نابێتە تورکیـا). ئەو هاوارکردنانە لەسەردەمێکدا هاوشێوەی ئەوەی لەتورکیادا هەیە سوود بەکارەکـە ناگەیەنێت. چونکە مێژوو لۆژیک و راسـتی خۆی هەیە، هەرچی مێژووشـە دەتوانێت بیسـەلمێنێت بـۆ ئێمە و عەجەمـەکان و تورکـەکان و عەرەبەکان و کـوردەکان و هەموو ئـەو نەتەوانەی هەزار سـاڵە لەم جوگرافیایەدا بەیەکەوە دەژین و ئەو پەیامەش بگەیەنێت کە بەیەکەوە باوەڕمەندین و رێز لەیەکتر بگرین، هەر لەم جوگرافیایەشدا دەتوانین کێشەکان چارەسەربکرێت.

ئەنجامەکانی سـەردانەکەی سـەرۆک گویـل بۆ ئێران ئەوە نیشانی دۆسـتە ئێرانیەکان دەدات کە مێژوو باش بخوێننەوە و باش لێی تێبگەن!.

* لە رۆژنامەی ئاکشام-ی تورکی

هەوڵنامەی کتێب

# بۆچی ئاک پارتی گەڕایەوە سەر بۆچوونی کۆنسەرڤاتیڤانە دەربارەی پرسی عەلەوی و کورد و سیاسەتی دەرەوە؟

## پاڵپشتیی لیبراڵ-دیموکراسی بۆ حکوومەتی AKP دەکەوێتە مەترسییەوە

شوله کولو یلماز- ئیستانبوڵ

نزیکەی گشت لایەن و چین و توێژەکان بە بەرهەڵستکارە سەرسەختەکانی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP)یشەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە تورکیا لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا لەژێر حوکمی ئاک پارتیدا بە چەندین ریفۆرمدا تێپەڕیوە.

سەرەڕای ئەوەی خۆی وەک پارتێکی کۆنزێرڤاتیف پێناس دەکات، ئاک پارتیی دەسەڵاتدار توانیویەتی تورکیا لەچەندین بواردا بەرەوپێش ببات و ئەمەش بە یارمەتیی ئەو کارە بروابپێدەرانەی بۆ پاڵپشتی کردنی پرۆسەی دیموکراسی کردویەتی. ئەو کارانەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕای گشتی و ڕۆشنبیرە دیموکراتخوازەکان پاڵپشتیەکی گەورەی بکەن. هەرچەندە لیبراڵەکان دەستخۆشیان لە پارتی دەسەڵاتدار کردووە کە لەو چەند ساڵەدا چەندین ڕیفۆرمی فراوانی بە ئەنجام گەیاندووە بەڵام لەم دواییانەدا نیگەرانیی خۆیان لەمەڕ دوا ناکۆکی و مشت و مڕەکان دەربڕیوە کە حکومەت هەڵوێستێکی تەواو «کۆنسەرڤاتیڤانەی» لەبارەیانەوە نیشانداوە. ئەگەر تێبینی ئەوەش بکەین هەڵبژاردنی پەرلەمان نزیک بووەتەوە و ئەمەش وایکردووە چاودێران و لێکۆڵەروان بگەنە ئەو ئەنجامەی پارتی دەسەڵاتدار دەستی بە بانگەشەی هەڵبژاردن کردووە و ئەو کارانەشی بۆ ڕاکێشانی «دەنگی نەتەوەپەرست و کۆنسەرڤاتیڤەکان»ە.

گولەی گوکتورک ستوونووس لە ڕۆژنامەی بوگون (Bugun) پرسیار دەکات و دەڵێت: «چی بەسەر ئاک پارتیدا هاتووە؟ بۆچی خۆی تێکەڵی هەندێ کار و ڕەفتار دەکات وەک قەدەغەکردنی کحول، سزادانی شانۆی-سەدە مەزنەکە- (The Magnificent Century) (شانۆیەکە باس لە خاوەن شکۆ سوڵتان سولەیمانی عوسمانی دەکات لەکاتی خواردنەوەی کحول و دڵداریکردن لەگەڵ ئافرەتان) و وەسفکردنی پەیکەرێک بە شتێکی «ناپەسند و بەد» کە ئەم کارەش دەبێتە هۆی تووڕەبوونی عەلمانیەکان؟ بۆچی ئاک پارتی گەڕایەوە سەر بۆچوونی کۆنسەرڤاتیڤانە دەربارەی پرسی عەلەوی و کورد و سیاسەتی دەرەوە؟» گۆکتورک پێیوایە زەحمەت نییە پێشبینی ئەوە بکەیت کە ئەو گۆڕانە لە سیاسەتدا پەیوەستە بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، هەروەها ئاشکرای دەکات کە ئەو هاوڕایە لەگەڵ ئەو چاودێرانەی بڕوایان وایە پارتی دەسەڵاتدار هەوڵدەدات پاڵپشتیی نەتەوەپەرستەکان بەدەستبهێنێت و لە سەدا پەنجای دەنگەکان لە هەڵبژاردندا بباتەوە.

گۆکتورک دەڵێت: «چەندین نووسەری کۆنسەرڤاتیڤیش لەبارەی ئەو ستراتیژیە دەنووسن و پاڵپشتیی دەکەن. ئەوان دەڵێن ئەو جۆرە هەوڵانە پاڵپشتیی لیبراڵ-دیموکراسی بۆ حکومەت دەخاتە مەترسیەوە بەڵام حکومەت دەتوانێت پشتگیریی خەڵکێکی زیاتر بۆ خۆی دەستەبەر بکات. ئەوان وەها دەڵێن، بەڵام من چەندین کێشەی جددی لەو شێوازی کارکردنەدا دەبینم.»

ئەحمەد ئاڵتان-یش لە ڕۆژنامەی تەرەفی لیبراڵی ڕەخنە لە حکومەت و بەتایبەتیش سەرۆک وەزیران دەگرێت. ئاڵتان پێیوایە پلانەکانی سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ خۆ کاندیدکردنی بۆ سەرۆکایەتی وڵات لە پشت ئەو گۆڕانکاریانەی ئەو دواییەی دێت لە سیاسەتەکانی لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگی جەماوەر. لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵتان پێیوانییە ئەردۆغان بەردەوام بێت لە پەیڕەوکردنی سیاسەتە دیموکراسیەکان ئەگەر هەروا لە هەڵوێستی دیموکراتیانە بە دوور بێت.



هەواڵنامەی کتێب

# AKP لەبەرامبەر سوپا پاشەکشێ دەکات!

سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەرەف ئەحمەد ئاڵتان لەوتارێکدا ڕایگەیاندووە پارتی دەسەڵاتدار AKP لەگەڵ سوپا ڕێککەوتوون بە هێشتنەوەی سیستەمی وەسایەتی عەسکەری. ئاڵتان نوسوێتی کە AKP لەڕابردوو بۆ خۆدزینەوە لەپرسی کورد بوو بەدەنگی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لە (فەرماندەی هێزی سوپا و وەزارەت سیادییەکان پێکدێت و لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە سەرپەرشتی دەکرێت). ئاڵتان باس لەوە دەکات کە سەرۆکوەزیران لەڕاگەیاندنەکەیدا هەمان ئاخاوتنی ژەنراڵەکانی دووبارە کردەوە کە لەکۆبوونەوەکە بەشداریانکردووە.

هەروەها لەیاسای لێپرسینەوەی خەرجیەکانی بودجەی دەوڵەت AKP بڕیاری دابوو کە بودجەی سوپا لەلایەن دادگاوە لێپرسینەوەی لەبارەیەوە بکرێت و ئەنجام و پێشبینیەکان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکات. بەڵام ئەوکاتەی یاساکە لەپەرلەمان دەنگی بۆدرا بەتایبەت لەلایەن AKP چەند مادیەک دەگۆڕدرێت کە ئەنجامی پێشبینیەکان لەڕای گشتی دەشارێتەوە. ئەحمەد ئاڵتان بیروڕای وایە لەسەر داواکاری سوپا بەڕێککەوتنی هەردوولا پێکهاتووە. لەماددیەکی دیکەی دەستووریدا کە ئەیلولی ساڵی پار لەڕێگەی ریفراندۆمەوە دەنگی لەسەر دراوە سیستەمی ئەو دەزگایە، دەزگایەکی سەربەخۆیە، بۆ ئەوەیە هەرکاتێک هاوڵاتیەک هەستبکات دەزگای میری ناهەقی بەرامبەر دەکەن، بتوانێ سەر لەو دەزگایە بدات و مافی هاوڵاتیان بپارێزێت.

ئەوکاتەی حکومەت ئەو یاسایەی وەکو داواکاریەک بۆ گۆڕینی بەشێک لەدەستوور پەسندکرد، لێکۆڵینەوەی بەرامبەر دەزگا سەربازیەکانی لەسنووری ئەو یاسایەبوون، بەڵام ئێستا پەرلەمانتارانی AKP دەیانەوێ گۆڕانکاری لەو ماددەیە بکەن، بەشێوەیەک لێکۆڵینەوەکان (شکایەتی هاوڵاتیانی دەزگاکانی سوپا لەخۆنەگرێت).

هەروەکو ئاڵتان باسی کردووە ئەو ڕێککەوتنە پاشەکشەی AKP یە لەبەرامبەر سوپا، بەمەش دەسەڵاتی سوپا بەهێزتر و فراوانتر دەبێت.

ئەحمەد ئاڵتان هۆکاری ئەو ڕێککەوتنە دەگەڕێنێتەوە بۆ داخوازی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان تایبەت بەسیستمی سەرۆکایەتی تورکیا. هەروەها ئاڵتان نووسیوێتی ئەردۆغان دەخوازێت هەردوو سەرۆکایەتی تورکیا قۆرخ بکات لەڕێگەی دوو پارتی جیاوازەوە. داواش لە ئەردۆغان دەکات دەستبەرداری ئەو بیرۆکەیە بێت، ڕوو لەسیستمی دیموکراسی بکات، خەڵکیش لەبەرئەمە دەنگیان پێداوە.








# لە ١٠٪ جەنەراڵی سوپای تورکیا دەسگیرکراون

سوپای تورکیا بەیەکێک لەگەورەترین و بەهێزترین سوپای جیهان دادەنرێت. ژمارەی ئەندامانی ئەو سوپایە هی شارەزاو نەشارەزا لەهەندێک ڕۆژگار گەیشتونەتە زیاتر ٨٠٠،٠٠٠ ئێستا لەنێو سوپای تورکیا ٣٦٤ جەنەراڵی ئاکتیف هەیە. لەنێویاندا ٢٩ جەنەراڵ بەتۆمەتی بەشداریکرن لەدۆزی ئەرگەنەکۆن ناویان هاتووە، هەروەها ئێستا ١٧٠ ئەفسەری تاکتیفی تورک لەسەر ئەرکبوون هەندێکیان خانەنشین کراون بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، ئەو جەنەراڵانەی دەسگیردەکرێن لەزیندانی (سیلڤیر)سەربازی لێپرسینەوەیان لەگەل دەکرێت.

ئەو دۆزانەی سوپای تورکیا لەسەری تۆمەتبار کراون.

١. دۆزی باڵیۆز: جێگری فەرماندەی سەربازی (کۆر جەنەراڵ) ............ فەرماندەی هێزە دەریایەکانی باکوور (کۆرمینال) محمد ئۆتۆزبیر ئۆغلو، فەرماندەی هێزەکانی دەریایەکانی باشوور کۆرمینال قادر ساغدیج، کۆر جەنەرال مستەفا کۆرکوت ئۆزلایسرن، کۆر جەنەرال ئایهان تاش، توم جەنەرال عەبدوڵلا والای، توم جەنەرال کوربوز کایا، توم جەنەرال حەسەن فەهمی جانان، توم جەنەرال سەلیم ئەرکال بەکتاش، توم جەنەرال ئەحمەد یاوز، توم جەنەرال خەلیل حەلواجی ئۆغلۆ، توم جەنەرال بەکر مەمیش، توم جەنەرال احسان بالابانلی، توم جەنەرال ڕەمەزان جەم گوردەنین، توم جەنەرال عەلی سالع جەتین، توگ جەنەرال نورەدین ئیشق، توگ جەنەرال کاقاسم ئەردەن، توگ جەنەرال گولهان گۆگای، توگ جەنەرال بلند عومەر میرئۆغلو، توگ جەنەرال عەلی ئایدن، توگ جەنەرال محمد فاتیع ئلیلگار، توک ئامیرال لەوەند گۆرگەچ، توگ ئامیرال عەبدوڵلا گاڤرە میرئۆغلو، جگە لە ١١٥ ئەفسەری دیکە.

٢. دۆزی پرۆڤکسیۆن ئەوانەی سەر بەهێزەکانی دەریان.
ئەفسەر ئەرجان کیرتەپە، ئەفسەر ئەمرە تۆنات، ئەرەن گۆنایی، ئەفسەر فاروق ئاکین و سینان ئەفەنۆیان.

٣. دۆزی ساختە کاری: ئالبای ئەحمەد زەکی ئۆچول.

٤. دۆزی سیخووری: ئەفسەر کەمالەدین جەکار، ئەفسەر زەکی مەستەن، ئەفسەر جەم جاغلار، ئەفسەر ئەمین تۆلگا ئۆجار، بین ئەفسە رئەردینچ بلند.

ژمارەی ئەو هێزانەی لەژێر فەرمانداری ئەو جەنارالانەن:
لە ٢٩ (جەنەراڵ و ئامیرالی) دەستگیرکراو (٣) کەس لەوانە پێش دەستگیرکردنیان لەسەرکار دوورخرابوونەوە.

هەروەها هەندێک دۆزی دیکەش هەیە وەکو:
فەرمانداری لیوای ٨ کۆر جەنەراڵ کۆکرت ئۆز ئەرسەلان کە فەرمانداری ٤٠ کەسی کردووە.
فەرمانداری توم جەنەراڵ احسان بالابالی بەرپرسی ٨،٠٠٠ کەس.
فەرمانداری لیوای پەروەردە توگ جەڕال قاسم ئەردەم ئەرک بەرپرسیارێتی ٤٥٠٠ کەسی هەیە.
فەرمانداری ٥٢ی تیمەن زرییۆش توم جەنەراڵ عەبدوڵلا والای بەرپرسی ١٠ هەزار کەس.
فەرماندەی هێزە دەرياييەکان- باشوور کۆرمینال محمد ئۆتوز میرئۆغلو ١٥٠٠٠ کەس.
فەرماندە احمد تورکمان بەرپرسی ٣٠٠٠ کەس.
فەرماندەی هێزەکانی ئەسکەندەروونە توگ جەنەراڵ محمد فاتح بەپرسی ٣٠٠٠ کەس.
فەرماندەی گروپەکانی باشوور جەم عەزیز چامال ٢٥٠٠ کەس.
فەرماندەی هێزەکانی جەندرمە لەتۆقات توگ جەنەراڵ بلند عومەر میرئۆغلو ٥٠٠کەس.

## سەردەمی دەسەڵاتی مەدەنی لەنێو سوپای تورکیا

دوو جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری نێوخۆیی تورکیا دەبنە ئەندامی شواری باڵای سەربازی، لەچوارچێوەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرباز و بەهێزکردنی باڵی سڤیل چاوەڕێ دەکرێت ئەندامانی سڤیل لەو دەزگایە زیادبکرێت. کە ئێستا لەکۆی ١٤ کەس تەنها ٥ سڤیلن. هەروەها باس دەکرێت ژمارەی ئەندامانی شواری باڵای سەربازی ٥ سڤل و ٥ سەربازبێت، ئێستا هەریەک لەسەرۆک وەزیر و جێگری و وەزیری کاروباری نێوخۆیی ئەندامی شواری باڵای سەربازی لەنێو باسکی سەربازیدا سەرۆک ئەرکان و فەرماندەی هێزی ئاسمانی، دەریایی، وشکانی فەرمانداری ژەندرمە پێکبێت. بەمشێوەیە ٥ سڤیل و ٥ سەرباز دەبێت. جێی باسە، باڵاترین دەسەڵات، دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرە لەشواری باڵای سەربازی.





هەواڵنامەی کتێب

# ویکیلیکس گڕژی دەخاتە نێو پێوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا

دوای ئـەوەی پێگـەی ئەلیکترۆنـی ویکیلیکـس بەڵگەنامەکانـی بڵاوکـردەوە و بەشـێکی زۆری بەڵگەکانیش تایبەت بوون بەڕەوشی نێوخۆی تورکیا و پەیوەندیەکانـی لەگـەڵ وڵاتانی تـر و بەتایبەت ئەمریکا، گرژیەک کەوتە نێو پێوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا.

هەرچەنـدە لەمـاوەی ڕابردوو ئەردۆغـان و ئۆباما لەڕێی پێوەندیەکی تەلەفۆنیدا تاوتۆی ئەم بابەتەیان کرد و هەردووکیان لەسـەر ئەوە هاوڕابوون کە نابێ مەسەلەی ویکیلیکس کاربکاتە سەر پێوەندییەکانی هەردوولا و هیوایان خواسـت پەیوەندیەکانیان پەرە پێبدەن. بەڵام لەڕاسـتیدا بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان لەلایەن ویکیلیکسـەوە لـەواری کرداریدا کاردەکاتە سـەر ئەو پێوەندیانە چونکـە بەڵکە و زانیاریەکان گومان دەخەنە پەیوەندیەکان. بەتایبەت بەشێک لەو بەڵگانە بەئامانجی دروستکردنی بێ باوەڕی و ناکۆکی لەنێو حکومەتەکـەی ئەردۆغان بڵاوکراونەتەوە، کە تێیـدا ئاماژە بەوە کراوە ئەحمەد داود ئۆغلۆ ڕووی تورکیای وەرگێڕاوەتـە ڕۆژهەڵاتی ناوین و دەیەوێت لەمیانـی بیرۆکەکەی ئیسـلامیانە (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نوێ) دابمەزرێنێت. هەروەها باس لەوەش دەکرێت کە داود ئۆغلۆ لەمیانی بەکارهێنانی نفوزی خۆی کاریگەری دەخاتە سەر ئەردۆغان و بەویستی خۆی ئاراستەی دەکات.

هەڵبەتـە بڵاوکردنـەوەی بەڵگە و زانیـاری وەها لەکاتێکی وەکو ئێسـتا هەرچۆنێک بێت کاردەکاتە سـەر سیاسـەتی گشـتی تورکیا، چونکە ئەدای حکومەت لەچارەسـەرکردنی کێشـە نێوخیەکان و دیاریکردنی سیاسـەتی دەرەوە بەگوێرەی پێویست دەگۆڕێت.

زۆربەی سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەوانانی تورکیا بۆئەوە دەچن کە ئیسـرائیل لەپشت ئەم کارەی ویکیلێکس دابێت، چونکە پێیانوایە ئیسرائیل لەوە نیگەرانە کە ئەنقەرە هەوڵی ئەوە دەدات لەژێر ناوی موسڵمانێتی کاربکاتە سـەرەڕای گشـتی عـەرەب و لەبەرامبەر تەلئەبیب دا بیورژێنێت. هەروەها ئیسرائیل نایەوێت تورکیا لەمیانی سیاسەتی نوێی لەناوچەکەدا خاوەن پێگەیەکی بەهێزبێت. هەڵبەتە ئەمە تەنها گومانێکە و تائێسـتا هیچ بەڵگەیەکی وا لەبەردەستدا نییە کە ئیسرائیل لەپشت ئەم کارەوە بێت. هەر لەپەیوەندییە تەلەفۆنەکەی ئەردۆغان و ئۆباما. ئەردۆغان ئاماژەی بەوەدا کە ئیسـرائیل دەبێـت داوای لێبوردن بکات سەبارەت بەهێرشەکەی سەر کەشتی گەلی ئازادی و قەرەبووی زیانەکان بکاتەوە و هیواشی خواست کە پێشکەوتنەکان بەو ئاراستەیەدا بڕوات.

خاڵێکی تر کە ڕۆژەڤی تورکیا بەهەستیاری لەخۆی دەگرێـت، مانەوەی گومانە لەنێـوان لایەنی کوردی و حکومەتی تورکیا بەرامبەر بەیەکتری، سـەرەڕای ئـەوەی چاوپێکەوتـن و دیدارەکانـی هەردوولاش بەردەوامن، ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنی تورکیا بکەین ئەوا دەبینین بەشێک لەنووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتە بە باشە سەیری داواکارییەکانی لایەنی کوردی ناکەن کە لە لوتکەدا خۆی لەپرۆژەی (بەڕێوەبردنی دیموکراتیانە) دەبینێتەوە، بەشی هەرە زۆری ئەمانە لەگەڵ ئەو چارەسـەریانەدا نیـن و پێیانوایە ئەمە ڕێگە لەبەردەم دابەشـبوونی تورکیا دەکاتەوە. یان ناڕاسـتەخۆ دەڵێن واقیع و ڕاسـتینەی کۆمەڵگای تورکیا ڕێگە بەم چارەسەریە نادات.

لایەنی کوردیش بەتایبەتی پەکەکە پێیوایە حکومەتی فێڵبازانە دەیەوێت قۆناخەکانـی هەڵبژاردن ببڕێت و بـە گۆڕینی چەند ماددەیەکی دەسـتووری خۆی لەمەسـەلە بنەڕەتیەکان بدزێتەوە. بۆ سـەلماندنی ئەم بۆچوونانەشـیان وەکو بەڵگە، بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان نیشاندەدەن.

سـەرەڕای بوونی چاوپێکەتـن و دیالۆگیش، بەڵام واپێدەچێت لەم ماوەیەی داهاتوودا ئەم گومانانە زیاتر پێشبکەون و زەق ببنەوە و قۆناخێکی تری قەیراناوی و ئاڵۆز لەپرۆسەی چارەسەری کێشەی کورددا بێتە پێشەوە. چونکە حکومەت بۆ هەنگاوەکانی گۆڕینی دەستوور ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی کردۆتە مەرج. واتـا دەیەوێت دوای هەڵبـژاردن هەندێک هەنگاوی عەمەلی هەڵبگرێت. بەڵام هەرچی لایەنی کوردیشـە چاوەڕوانـی ئەوە دەکات بـەر لەهەڵبژاردن وەڵامی کردارەکی داخوازیەکانیان بدرێتەوە.

<<<
**زۆربەی سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەوانانی تورکیا بۆئەوە دەچن کە ئیسرائیل لەپشت ئەم کارەی ویکیلێکس دابێت، چونکە پێیانوایە ئیسرائیل لەوە نیگەرانە کە ئەنقەرە هەوڵی ئەوە دەدات لەژێر ناوی موسڵمانێتی کاربکاتە سەرەڕای گشتی عەرەب و لەبەرامبەر تەلئەبیب دا بیورژێنێت**










هەواڵنامەی کتێب

«تورکیا دەیەوێت ئەندەلوس بگەڕێنێتەوە و تۆڵەی گەمارۆدانی ڤیەننا لە ١٦٨٣ بسەنێتەوە»



## ویکیلیکس:موسڵمانێتییەکەی داود ئۆغلو کار لەئەردۆگان دەکات!

**ئاژانسەکان:**

لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی ماڵپەڕی ویکلیکس دا ئاماژەی خراپ دەربارەی وەزیری دەرەوەی تورکیا (ئەحمەد داود ئۆغلو) بەدیدەکرێن، کە بە (مەترسییە گەورەکە) ناودێر کراوە. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە بە ناسنامەی موسڵمانێتی خۆی کاری کردۆتە سەر سەرۆکوەزیران (ئەردۆغان). دوای ئەوەی بەم بەڵگانەی لە ویکیلیکس ئاشکرا کراون و لەڕۆژنامەی (ئەلپەیس، لۆمۆند، شپیگیل، گاردیان، نیویۆرک تایمز) بڵاوکرانەوە، ئەمریکا بەهۆی ئەو ٢٥٠ هەزار تەلەگرافەی کە لەهەموو لایەکی دنیا بۆی ڕەوانەکرا تووشی قەیرانێکی دیپلۆماسی بوو. یەکێک لەو زانیاریانەی کە لەبەرواری مانگی شوباتدا لەڕێگەی باڵیۆزەکانەوە بەنهێنی گەیانراوەتە بەرپرسانی ئەمریکا ئەوەیە، کە باڵیۆزی ئەمریکا لەئەنقەرە لەتەلەگرافێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وڵاتەکەی لەڕێگەی پۆلێک ڕاوێژکاری لاواز و ناتەواو بەڕێوەبردووە. لەهەمان تەلەگرافدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئایندەی تورکیا بەئاراستەی یەکێتی ئەوروپا نییە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی (گاردیان)ی ئینگلیزی سەرچاوەی دووەمی هەرە گەورەی بەڵگەنامەکان باڵیۆزخانەی (تەلئەبیب)ە، کە ٧٩١٨ بەڵگەی بەدەستداوە. واتە دووقاتی باڵیۆزی ئەمریکا لەئەنقەرە.

**موساد: (TSK) تاچەند بێدەنگ دەبێت؟**

بەرپرسی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل (موساد) (مەیرداگان) لەمانگی ئابی ٢٠٠٧دا لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕاوێژکاری کاروباری سیاسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (ولیام بۆرنس) گوتویەتی ئیسلامیەکان بەخێرایی پێشدەکەون، مەرەقمە بزانم کۆمەڵەی سیاسەتمەدارانی تورکیا (TSK) تاچەند لەبەرامبەر ئەو ڕەوشە دەمێنێت. هەروەها لەکۆبونەوەیەکدا ئاماژەی بەوەداوە کە مەترسی برایانی موسڵمانی ئوردن و حەماسی فەڵەستینی بەسەرکەوتوویی تێپەڕاندووە و هیچ ئومێدێک بۆ فەڵەستینەکان لەئارادا نییە.

**حەز لەحکومەتی ئەردۆغان ناکەم**

**بەڵگەنامەکان پێوەندییەکانی تورکیا و ئازەربایجانیش دەخاتە نێو تەنگژەوە**

سەرۆکی ئازەربایجان (ئیلهام عەلییێف) لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە لە (باکۆ) دەڵێت: «حکومەتەکەی ئەردۆغانم هیچ خۆشناوێت». عەلێیف پێیوایە هەڵوێستی ئەنقەرە بەرامبەر ئیسرائیل دوژمنکارانەیە،ئەگەر عەرەبیش بێ دەنگ بن ئەو بێ دەنگ نابێت، ڕەوانەکردی هاوکاری لەلایەن ئەردۆغانەوە بۆ حەماس و غەززە وەک بیانوی قسەکانی نیشاندەدات.

لەبەڵگەنامەکاندا وەکو (مەترسیدارێکی گەورە) باس لە (ئەحمەد داود ئۆغلو) کراوە. دەگوترێت کە داود ئۆغلو بۆتە عوسمانییەکی تازە و کاردەکات بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەی دۆڕانەکانی (ئەندەلوس و ڤیەننا) کاردەکات. جگە لەمە باڵیۆزی پێشوی ئەمریکا لەئەنقەرە (جەیمیس جیفری) بۆ (بڵند ئارینج)ی جێگری سەرۆکوەزیران گوتویەتی: باڵدۆگ (BULLDOG)ی ئەردۆغانە «باڵدۆگ- جۆرە سەگێکە».

ئەو بەڵگانەی کە لەلایەن (ویکیلیکس) بڵاوکردونەتەوە ئەوە نیشاندەدات دیپلۆماتە ئەمریکیەکان گومانیان کردووە لەتورکیا کە وەکو هاوبەشێک ببێت ڕەوشێکی وا لەئارادایە کە موسڵمانەکان دزەیان کردۆتە ناو ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کە لەئەنقەرە هەیە. دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لەگومانێکی قوڵدان لەمەسەلەی متمانەی تورکیا لەگەڵ ئەو تەلەگرافانەی کە لەلایەن باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەئەنقەرەوە بەنهێنی هاتوون، مەیلی ئیسلامی لەحکومەتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان نیشاندەدات.

وا باس لەبەڕێوەبەرایەتی تورک دەکات کە پارچەبووە، بەگوێرەی ئەمەش سیاسەتی ڕاوێژکاری (ئەردۆغان) بە (ئەحمەد داود ئۆغلو)شەوە ئەنقەرە تێپەڕناکات.

**ناڕەحەتی لە (عوسمانلی نوێ)**

ئەمریکییەکان لەڕوانگەی (عوسمانلی نوێ)ی ئەحمەد داود ئۆغلو ناڕەحەتن. لەچاوپێکەوتنێکدا دیپلۆماتە ئەمریکیەکان ڕاوێژکاری حکومەت لەئاستی هەرە بڵند ئاگادار دەکەنەوە کە داود ئۆغلو نفوزی موسڵمانێتی لەبەرامبەر ئەردۆغان بەکاردەهێنن. داود ئۆغلو وەکو (مەترسیدارێکی گەورە) پێناسە دەکات. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ئەمریکا ڕاوێژکارێکی دیکەی AKP بەئاماژەی «تورکیا دەیەوێت ئەندەلوس بگەڕێنێتەوە و تۆڵەی گەمارۆدانی ڤیەننا لە ١٦٨٣ بسەنێتەوە» سەرنجڕادەکێشێت.



# گومانی تورکیا



**فیکرەت بیلا ***

دوای ئەوەی ویکیلێکس بەڵگەکانی ئاشکراکرد. تورکیا یەکێک لەو وڵاتانەبوو کە لەسەرەتادا گومانی خۆیان بۆئەو بەڵگانە نیشاندا.

عەبدوڵلا گوڵ سەبارەت بەم بابەتە (مەرەمەرەدەکەم کە نابەڵگەکانی پەیوەست بەئیسرائیلیش بڵاودەکرێنەوە) دەستەواژەیەکی بەمشێوەیە سەیری بەکارهێنا. جگەلەمە پەیامێکی وای دا (هەست بەمەرامێکی تایبەت دەکەم) هەرچی ڕەجەب تایب ئەردۆغانیشە لەهەڵسەنگاندنەکانیدا ئاماژەی بەوەدا تاچ ڕادەیەک بەویکیلێکس باوەڕدوکرێت؟ وەهەروەها گوتی تخونی ئەو بەردە بکەون کە لەلاباڵە بابیبینین.

هەرچی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای میللی تورکیا محمد علی شاهینە ڕایگەیاند کەلەو باوەڕادانەبووە کە سەرەڕای بوونی نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دزەبکرێت. شاهین سەرنجی بۆئەوە ڕاکێشا بەگوتەکانی کە لەوانەیە گەلەکۆمەیەک لەئارادابێت کە ئامانجی سیاسی هەبێت هەروەها ڕاگەیاندنی هەندێ لەوەزیرەکانیش هەرلەو چوارچێوەیەدابوو.

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەتورکیادا لەلوتکەی دەوڵەتیش بەهەمان ئاراستەدا گومان دیاری کراون. ئەم گومانە ئاراستەی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکرا. لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی ئاشکراکردنی ئەو زانیاری و بەڵگانە لەقازانجی کێدایە وەزیرەکان سەرەداوی ئیسرائیلیان دابەدەست. سەفیری ئیسرائیل لەئەنقەرە لەلێدوانێدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەو تێڕوانیانەی ئیسرائیل وەکو سەرچاوەی ئەو بەڵگانە دەستنیشان دەکەن دوورن لەڕاستی. بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیە نەبووە هۆی ئەوەی کە تێڕوانینەکانی دەسەڵات لەئاستی هەربەرزدا بگۆڕێت. ئەوانەی پەنجە بۆ ئیسرائیل درێژدەکەن ئەمە لەبەرامبەر هەڵوێستی ڕەجەب تایب ئەردۆغان لە (DAVOS) داڤۆس، دەربارەی هێرشی سەر (مافی مەرمەرە) وەهەروەها ئەودەنگەی کە دەربارەی ئێران لەنەتەوەیەکگرتوەکان دراوە ئەنجام دراوە، ئایا تەنیا تورکیایە؟

هەڵبەتە ئەمە سەرنجی ڕاکێشابوو کە ویکیلێکس زۆرینەی بەڵگەکانی دەربارەی تورکیایە. ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەمریکا لەساڵای دوای زیاتر بەئێرامە و ئەفغانستانەوە پەیوەندی دابوو لەگەڵ ئێران لەتەنگژەیەکی گەورە دابوو پێش داگیرکردنی عێراقیش قەیرانی ١ی ئادار هاتە ئاراوە (قەیرانی ١ی ئادار مەبەست لەو بڕیارەیە کە لەئەنجومەنی باڵای تورکیا درا، بۆ ڕێگە نەدانە ئەمریکا بۆئەوەی خاکی تورکیا بەکاربهێنێ بۆلێدانی عێراق. کەبووە هۆی ئەوەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و تورکیا ئاڵۆز بێت، ئەوا پێویستە بەشتێکی ئاسایی وەربگرین کە بەڵگەکان زیاتر سەبارەت بەتورکیان.

بەڵام ئەوبەڵگانەی کە ئاشکراکراون تەنها سەبارەت بەتورکیانین. بەڵگەی سەبارەت بەچەندین دەوڵەتی تر ئاشکراکراون.

گەلێ بەڵگە سەبارەت بەسەرۆکە گەورەکانی جیهانیش بۆڕای گشتی ئاشکراکراون بۆیە وائاسان نیە کە بگەینە ئەو ئامانجەی کە ڕووداوی ویکیلێکس تەنها تورکیاو ڕەجەب تایب ئەردۆغان کردۆتە ئامانج و گەلەکۆمەیەکی سیاسی یە لەدژی ئەنقەرە. ئەگەر لێرە بەدواوە ئەو بەڵگانەی کەئاشکرا دەکرێن بەتایبەت تورکیا بکەنە ئامانج ئەوکاتە دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی جیاوازتری بۆبکرێت.

ئەوزانیاریانەی کە ویکیلێکس بڵاویکردونەتەوە لەو نوسینانە پێکدێت کە باڵیۆزەکانی ئەمریکا بۆ واشنگتۆنیان ڕەوانە کردووە. ئاشکراکردنی ئەو بەڵگانە پێش هەموو کەسێک بریندارکردنی ئەمریکایە ئەمە ڕێگا لەبەرئەوە دەکاتەوە کەوا واشنگتۆن بە باوەڕی خۆی بەباڵیۆزو دیپلۆماتەکانی دا بچێتەوە. ئەگەر لەڕوانگەی بەتورکیاش لەم مەسەلەیەوە بڕوانین ئەوا دەبێت تورکیا و ئەمریکا باڵیۆزەکانی ڕەخنە بکات هەم لەبەرئەوەی باڵیۆز دوور لەئەرکی باڵیۆزێتی و دوور لەئسلوبی دیپلۆماتی، بەبێ ئەوەی پشت بەدانشتنێکی جدی ببەستێت، بەشێوەی قسەی پاش ملە و بەبێ بەڵگە، قسە سەبارەت بەسەرۆک وەزیر و وەزیرەکان و سیاسەتمەداری تورک دەکات بۆئەملاو ئەملا. هەم لەبەرئەوەی ئەم بەڵگانە نەپاراستوە پێویستە ڕەخنە بکرێت.

*** گۆشەنووس لە ڕۆژنامەی میللییەت-ی تورکی**

هەواڵنامەی کتێب




لەچەند مانگی داهاتوودا ئەردۆگان لەگەڵ سوپایەک لەپیاوانی کاری وڵاتەکەی سەردانی عێراق دەکات



# بەهێزبوونی نفوزی تورکیا لە عێراق ئەمریکا نیگەران دەکات

هەواڵنامەی کتێب





ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی لەڕاپۆرتێکی دوور و درێژدا بە بایەخەوە باس لەفراوانبوونی ڕۆڵی تورکیا لەعێراق دەکات و دەڵێت: «ئەمڕۆ تورکیا خاوەن نفوزێکی بەهێزە لەعێراق، ئەم ڕۆڵە نوێیەی تورکیا هەر لەباکووری عێراقەوە تا باشوور هەستی پێدەکرێت و بۆتە جێگەی نیگەرانی و دڵتەنگی ئەمریکا».

هەروەها (نیۆرک تایمز) باس لەوەش دەکات کە نفوزی تورکیا لەباکووری عێراق (هەرێمی کوردستان) ئەوەندە بەهێزە هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێ ڕکابەری بکات بەڕادەیەک لە نفوزەی ئێرانی لەناوچەکانی دیکەی عێراق بەهێزترە.

ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی ناوبراو هێما بۆ ئەوەش دەکات کاتێک ئەمریکا باجێکی زۆری دارایی و مەعنەوی داوە و بەسەدان سەربازی خۆی لەعێراق بەکوشتنداوە وڵاتێکی وەک تورکیاش لەسەرەتای پرۆسەکە لە ٢٠٠٣ ئامادەنەبوو بەشداری بکات، کەچی ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو خەبات و قوربانیانەی ئەمریکا بەخشیویەتی ناڕاستەوخۆ هەریەکە لەئێران و تورکیا دەیخۆن و سوودی لێوەردەگرن، ڕاپۆرتەکەی (نیۆرک تایمز) لەبەشێکی دیکەیدا دەڵێت: «باڵادەستبوونی نفوزی تورکیا لەگۆڕەپانی عێراقدا کە لەبنەڕەتدا شوێنی ڕکابەری هەریەک لەئێران و ئەمریکایە، نیشانەیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی (هێزی نەرم) لەلایەک و سەربەخۆیی و وابەستە نەبوونی سیاسەتی دەرەکی تورکیایە، لەلایەکی دیکەوە نفوزەی تورکیا لەعێراق لەزاخۆوە بەرەو بەغداو لەوێشەوە بەرەو بەسرای دەوڵەمەند بەنەوت درێژ بۆتەوە. لەبەغدا و لەهەڵبژاردنەکانی ساڵانی ڕابردوودا تورکیا بەئاشکرا پشتگیری بۆ گروپە عیلمانیەکەی ئەیاد عەلاوی ڕاگەیاند، ئەمەش نوری مالیکی سەرەک وەزیرانی پەست و نیگەران کرد».

لەناوەڕاستی عێراقیشدا تورکیا پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ سەدرییەکاندا هەیە، لەم ماوەیەی دوایشدا شاندێکی پێکهاتوو لەئەندام پەرلەمانەکانی کوتلەی سەدری سەردانی تورکیایان کرد تا لەوێ ڕاهێنان و زانیاری دەربارەی ئەتەکێت و پرۆتۆکۆکی پەرلەمانی وەربگرن.

لەباکووریش هەنگاوەکانی تورکیا بەئاراستەی دامەزراندنی پێوەندی تۆکمە و بەتین لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمە کوردیەکە دەستپێکردوە، ئەو هەرێمەی کە تاماوەیەکی نزیک بەر لەئێستا تورکیا بە سەرچاوی هەڕەشەو گەڤ لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیای دەزانی.

لەهەولێر بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی هەردوولا ئاوێنەی یەکدی بوونە، نزیکەی (١٥) هەزار هاوڵاتی تورک لەو شارەدا کاردەکەن، کۆمپانیا تورکیەکان لەهەرێمی کوردستان سێ بەشی کۆمپانیا بیانیەکانی ئەو هەرێمە پێکدەهێنن، بەربەست و ئاستەنگەکانی ڕابردوو سەبارەت بە سەفەرکردن لەنێوان هەردوولا هەڵگیراون و کۆنسوڵخانەی تورکیا ڕۆژانە (٣٠٠) ڤیزا بەهاوڵاتیانی هەرێمەکە دەدات و بزاڤی ئاییی تورکیا (١٩) قوتابخانەی لەناوچەکەدا هەیە، بەرپرسانی تورکیا ئەو حاڵەتە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەحاڵەتی سنووری نێوان ئەمریکاو مەکسیک دەچووێنن.

لەم ماوەیەی دواییدا تورکیا گرێبەستێکی بە بری بە (١١) بلیۆن دۆلار لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک مۆرکرد بۆ دامەزراندنی بۆڕی غازی پرۆژەی نابوکۆ، تاکو غازی عێراق بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ تێپەڕبوونی بەخاکی ڕوسیادا بەرەو ئەوروپا بگوازرێتەوە.

لەشاری کۆنسوڵخانەی تورکیا زۆر ئەکتیڤ و بەجموجوڵە، دانیشتوانی ئەو شارە پێیانوایە کە کۆنسوڵخانەی ناوبراو نێوەندی دیپلۆماسیە کە ڕێک و بەربە کاردەکات.

نێوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی تورکیا پێیانوایە کە لەداهاتوویەکی نزیکدا عێراق دەبێتە گەورەترین بازاڕ بۆ کاڵاکانی تورکیا دوای ئەوەی قەبارەی بازرگانی هەردوولا لە ٢٠٠٦ – ٢٠١٠ بۆ (٦) بلیۆن بەرز بۆتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرەکوەزیرانی تورکیا لەمیانی ئەو ئاهەنگە ڕێزلێنانەی کە یەکیەتی بەڵێندەرانی تورکیا بۆی ڕێکخستبوون، ڕایگەیاند کە لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا هاوشان لەگەڵ شاندێکی بازرگانان و گەورە وەبەرهێنەرانی تورکیا سەردانی عێراق دەکات. لەماوەیەکی نزیکیشدا ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری کاروباری دەرەوە ڕەوانەی عێراق دەکات بەمەبەستی ئامادەکارییەکانی ئەو سەردانە، ئەردۆگان باسی لەوەش کرد کە لەو ماوەیەدا عێراق دەبێتە گۆڕەپانێکی فراوانی وەبەرهێنانی تورک.

ئەو لێدوانانەی ئەردۆگان لەکاتێکدایە کە پەیوەندیە دووقۆڵیەکانی هەردوولا گەشبینی و فراوانبوونی بەرچاویان لەهەردوو ئاستی سیاسی و ئابوری بەخۆوە بینیوە.

تورکیا لەبارودۆخی ئێستای عێراقدا، کە تاڕادەیەک ڕووەو ئارامی دەچێت، دەیەوێت گەورەترین سوودمەند بێ لەقۆناخی ئاوادانکردنەوەی عێراقدا و کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە زۆرترین پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدەن.

شیاوی باسە، سەرۆکوەزیران ئەردۆگان لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ دووجار سەردانی عێراقی کردووە، سەردانە چاوەڕوانکراوەکانی لەکاتێکدایە کە چەند مانگێکە حکومەتی ناوخۆی عێراقی فیدراڵ پێکهێندراوە و پێوەندییەکان لەئاستێکی پێشکەوتوودان.





# ئیسلامییەکانی تورکیا لە سۆفـــــیگەریەیوە بۆ کورسی دەسەڵات

تەیاری عیلمانی لەتورکیا لەماوەی زیاتر لە (٨٠) ساڵەی رابردوودا وێڕای توندوتیژی و چاوسوورکردنەوە و تۆقاندنی هێزە ئیسلامییەکان، نەیتوانی بەر لە تەوژمی ئیسلامی سیاسی بگرێ و رێگە نەدات ئیسلامییەکان بگەنە عەرشی دەسەڵات.

گرتنە دەستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەساڵی ١٩٦٦ لەلایەن حزبی رەفاهی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی (نەجمەدین ئەربەکان) وێستگەیەکی یەکلاکەرەوە بوو لەو ململانێ مێژووییە درێژخایەنەی کە گۆڕەپانی سیاسی تورکیا لەنێوان سوپا و هێزە عیلمانییەکان لەلایەک و ئیسلامی سیاسی لەلایەکی دیکەوە بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت دوای ئەوەی کۆماری تورکیای هاوچەرخ هەر لەسەردەمی دامەزرێنەرەکەیەوە (کەمال ئەتاتورک) بەئاشکرا ئایینی لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیاسەت جیاکردەوە و (پارتی کۆماری گەل)یش کە هێزێکی عیلمانییە وەک تاکە حزب بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ حوکمڕانی تورکیای گرتەدەست.

بەڵام سەرباری ئەم هەوڵە چوڕوپڕانەی تورکیا ناوە ناوە حزب و تەیاری سیاسی کە ئیسلامیان وەک پەیڕەو پرۆگرام هەڵبژاردبوو، لەگۆڕەپانەکە سەریانهەڵدا، لەوانە: (پارتی دیموکراسی، بەسەرکردایەتی (جەواد رەفعەت ئەتلخان) و (پارتی هەڵسانەوەی نیشتمانی) و (کۆمەڵەی بیوک تۆگۆ) و (پارتی بەرگریکردن لەئیسلام) بەڵام چارەنووسی سەرجەم ئەو پارت و بزووتنەوانە داخستن و چارەنووسی سەرکردەکانیشیان دەستگیرکردن بوو.

سەردەمی حوکمڕانی ئەتاتورک بەتوندترین سەردەمەکانی کۆماری تورکیا دادەندرێت بەرامبەر بەئیسلامییەکان، ئەتاتورک بڕیاری قەدەغەکردنی حیجاب و عەمامەی پیاوانی ئایینی دەرکرد، پیتی عەرەبی نووسینی بۆ لاتینی گۆڕی، ئیسلامییەکان و زۆرینەی میللەتی تورکیا و ئەو بڕیار و هەوڵانەی ئەتاتورکیان بە تەحەددا و لاوازکردنی زمانی قورئان وەسفکرد، بەڵام هەوڵەکانی ئەتاتورک بەئاسانی و بێ بەرپەرچدانەوە بەڕێنەکران، دیاترین ئەو بزووتنەوانەی کە بەرامبەر بڕیار و سیاسەتەکانی ئەتاتورک سەریانهەڵدا بزووتنەوەکەی (شێخ سەعیدی پیران یان پالەوی) بوو کە لەساڵی ١٩٢٥ لەناوچەی ئەنادۆڵ بەرپا بوو، دەوڵەتی تورکیا ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆری خستە پاڵ بزووتنەکە، جارێکیان بە بزووتنەوەی سەلەفی و جارێکی دیکەش بە بزووتنەوەیەکی جوداخوازی کوردی وەسفدەکرد، گردبوونەوەی خەڵکێکی زۆری ناوچەکە لە دەوری بزووتنەوەکەی شێخ سەعید، ئەتاتورکی ناچار کرد سوپا رەوانەی ئەنادۆڵ بکا تا دواجار کۆتایی بە بزووتنەکە هێنا و شێخ سەعیدیش لە سێدارەدرا. دوای سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوەیە دەوڵەت ماددەیەکی یاسایی دیکەی خستە نێو بەندەکانی یاسای (خیانەتی نیشتمانی) کەجەختی لە تەخوینکردنی هەر کەس و لایەن و گردبوونەوەیەک دەکرد گەر ئایین وەک هۆکارێک یان ئامرازێک لە کاری سیاسیدا بەکاربێنێ.

لەسەردەمی ئەتاتورکدا بڕیار و رێنماییەکانی سەرۆک کۆمار سەبارەت بە ئایین زۆر بە ورد و توندی لەشارە گەورەکان جێبەجێ دەکرا، بەڵام دوای کۆچی دوایی ئەتاتۆرک و بەهۆی ناڕەزایی خەڵکی دەوڵەت هەندێک نەرمی نواند، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٤٧ بە بڕیارێک وەزارەتی پەروەردەی خوێندنی باڵا رێگەی بە دامەزراندنی قوتابخانەی ئایینی ئەهلی دا، هەروەها وانەی ئایینیش وەک هەر ماددەیەکی دیکەی زانستی لەپرۆگرامی خوێندن چەسپێندرا، هەر دوای مردنی ئەتاتورک دامەزراندنی کۆمەڵە ئاینییەکان رووی لەزیادی کرد، بەرادەیەک لەنێوان ساڵانی ١٩٥٥-١٩٧٨ ژمارەیان گەیشتە هەزار کۆمەڵە، لەهەمانکاتدا رێچکە سۆفیگەریەکانیش وەک (قادری و نەقشبەندی و تیجانی و



بەگداش) بوژانەوەیان بەخۆوە بینی، لەراستیشدا ئەو ڕێچکانە ڕۆڵی گەورەیان لەسەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی بینی و دواتر زۆرینەی سەرکردە ئیسلامییەکان وەک نەجمەددین ئەربەکان و فەتحوڵڵا ئەرگۆن لەمنداڵدانی ئەو ڕێچکە سۆفیگەرانە لەدایکبوون. دیارترین کۆمەڵە ئیسلامییەکانی ئەو سەردەمە کۆمەڵەی (رسائل النور) و قوتابیانی (نور)ە، کۆمەڵەی (رسائل النور) دامەزرێنەرەکەی (بەدیع زەمانی نەورەس) بوو، کۆمەڵەیەک بوو داوای هەماهەنگی لەنێوان زانست و ئیمان دەکرد، سوپا و هێزە عیلمانیەیکان بەربەست و ئاستەنگی زۆریان بۆ کۆمەڵە و ڕابەرانی دروستکرد و بەشێکی زۆریان لەزیندانەکان ئاخنی بە تۆمەتی دامەزراندنی کۆمەڵەیەک کە هەوڵی لەناوبردنی سیستەمی کۆماری دەدات.

سەبارەت بە کۆمەڵەی (قوتابیانی نور)یش کە نزیک بوو لەپارتی (سەلامەی نیشتمانی) ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن نەجمەددین ئەربەکانەوە ڕاگەیەندرا. لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردووش کۆمەڵەی (سولەیمانییە) لەدایکبوو، کە زۆرینەی ئەندامان و ڕابەرانی لە گەورە سەرمایەدار و بازرگانان بوو، ئەو کۆمەڵەیە جموجۆڵ و بزاوتێکی بەهێزی لە پارێزگاکانی باشوور و بەتایبەتی ناوچەی (ئەدەنە) هەبوو، ئەندامانی کۆمەڵەکە پێیانوابوو ئەو یاسا مەدەنیانەی لەتورکیا پەیڕەو دەکرێن یاسای شەیتانین و پێویستە بگۆڕدێن، بۆیە دەوڵەت کەوتە دادگایی و بەندکردنی ئەندام و ڕابەرانی کۆمەڵەکە لەسەرووی هەموویانەوەش دامەزرێنەرەکەی (سولەیمان توفهان) کە ساڵی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کرد و دەوڵەت ڕێگەی نەدا لەمزگەوتی گەورەی (محەمەد فاتح) لە ئیستانبوڵ بنێژرێ، دوای مردنی (سولەیمان) زاواکەی (کەمال کاجار) ڕابەرایەتی کۆمەڵەی (سولەیمانیە)ی گرتە دەست، ساڵی ١٩٧٣ دوای چوونە نێو پارتی (عەدالە)ی عیلمانی، توانی کورسییەک لە پەرلەمان دابین بکات. کۆمەڵەی (نەقشبەند)یش کۆمەڵگەیەکی سۆفیگەری بوو ساڵی ١٩٥٤ لەناوچەی ماردینی کوردنشین دامەزرا، ئەو کۆمەڵەیە سەرەتا لەپارتی (سەلامەی نیشتمانی) بەرابەرایەتی ئەربەکان نزیک بوو، بەڵام دواتر وەلائی خۆی بۆ پارتی (نیشتمانی دایک) کە پارتێکی نەتەوەیی –عیلمانی بوو ڕاگەیاند، لەساڵی ١٩٨٤ کۆمەڵەی نەقشبەندی دووبارە گەڕایەوە باوەش ئیسلامییەکان و بوو بەشێک لە پارتی ڕەفاهی ئیسلامی.

لەساڵی ١٩٢٥ ڕێچکەی سۆفیگەری تیجانی سەریهەڵدا کە شۆڕشی دەروێشەکانی دژی دەوڵەت ڕاگەیاند، بەڵام سوپا توانی کۆنترۆڵی بزووتنەوەکە بکا و (کەمال بیلا ئۆغلۆ)ی سەرکردەی شۆڕشەکە لە سێدارە بدات. قۆناغی گەیشتنی (عەدنان مەندەریس) بە پۆستی سەرۆکی حکومەت قۆناغێکی گرنگ بوو لەمێژووی سیاسی تورکیا، مەندەریس خۆی خاوەنی ئایدیای ئیسلامی نەبوو، بەڵام ساڵی ١٩٤٥ لە پارتی گەل جیابۆوە و پارتی دیموکراسی دامەزراند کە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ بەهۆی ورووژاندنی هەستی ئایینی توانی سەرکەوتن بەدەستبێنی، بەڵام سوپا ئەو گۆڕانکارییەی پێ هەزم نەکرا ئەوە







بوو لەساڵی ١٩٦٠ کودەتای سەربازی ڕوویدا و مەندەریس بە تۆمەتی هەوڵدان لەپێناو لەناوبردنی سستەمی عیلمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی لەسێدارەدرا.

پەرەسەندنی فیکری ئیسلامی سیاسی لەجیهانی عەرەبی ڕەنگدانەوەی دیاری لەسەر شەقامی تورکی و ئیسلامی سیاسی ئەو وڵاتە هەبوو، ئەوە بوو حزبی (سەلامەی نیشتمانی) لەدایک وو، لەنێو منداڵدانی ئەویشدا پارتی (نیزامی نیشتمانی) بە سەرۆکایەتی ئەربەکان دامەزرا، پاشان پارتەکانی (داهێنان و بوژانەوە) و کۆمەڵەی (قوتب)ی سەریانهەڵدا. (حزب الله)ش دەرهاوێشتەی شۆڕشی ئیسلامی بوو لەئێران کە لەگەڵ خۆیدا (پارتی یەکبوون)ی هێنایەکایەوە و بەرێژەیەکی بەرچاو لەنێو کوردە شیعەکان تەشەنەی کرد و لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٦ توانی (٨) کورسی پەرلەمان کۆنترۆڵ بکات.

لەنێو پارتە عیلمانییەکانیش چەندین کەسایەتی ئیسلامی سەریانهەڵدا و پێگەی بەهێزیان داگیرکرد بەتایبەت لەنێو پارتی (عەدالە) کە سلێمان دەمیرێل سەرکردایەتی دەکرد، دەمیرێل لاواندنەوە و خۆنزیککردنەوەی پارتی (سەلامە)ی ئیسلامی پەیڕەوکرد و بەهۆی ئەو سیاسەتەوە پارتەکەی توانی لەهەڵبژاردنەکاندا کورسی زیاتر مسۆگەر بکات. پارتەکەی دیمیریل نەرمی بەرامبەر ئیسلامییەکان نیشاندا، لەسەردەمانەدا بانگدان بەعەرەبی ئازاد کرا و قورئان خوێندنیش لە TV ڕێگەی پێدرا، بەڵام سوپا هەر بەردەوام بوو لە سەر ڕاوەدوونان و زیندانیکردنی ئیسلامییەکان.

گەڤی ئیسلامی سیاسی لەسەر ناسنامەی عیلمانی تورکیا و هەوڵەکان بۆ لکاندنی تورکیا بە یەکیەتی ئەورووپا لەساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ دامەزراندنی پارتی ڕەفاە سەریهەڵدا کە لەساڵی ١٩٩٦ لەهەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا و (نەجمەدین ئەربەکان) ی سەرۆکی پارتەکە سەرۆکایەتی حکومەتی گرتەدەست، بەڵام هەر زوو تەنها دوای ساڵێک سوپا لێی کەوتەخۆ و لەسەرۆکایەتی حکومەت لایبرد و پارتەکەشی داخست. دوا قۆناخ کە بە گرنگ و چارەنووسساز سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی ناودەبرێت، ئەو قۆناغەیە کە لەساڵی ٢٠٠٢ لەسەردەستی قوتابیانی ئەربەکان هاتەکایەوە دوای ئەوەی توانیان سەرکەوتنی گەورە لە هەڵبژاردنەکان بەدەستبهێنن و پارتی (داد و گەشەپێدان)یش ببێتە پارتێکی جەماوەری بنکەفراوان، پارتی ناوبراو توانی سوود لەهەوڵەکانی ئەربەکان وەربگرێت و واقیعیانەتر مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکا و بەوردی بەرنامەسازی لەسەر پرسی گەندەڵی و بێزاری خەڵک لەسەرکردە عیلمانییەکان بکات، تا دواجار توانی (عەبدوڵڵا گویل) سەرکردەی ناوداری پارتەکە بگەیەنێتە کورسی کۆشی کۆماری و (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) یش لەسەرۆکایەتی حکومەت دابچەقێنێ، کە ئەوەش بەپێی بیروڕای پسپۆران ڕووداوێکی مێژوویی دەگمەن و گرنگە لەوەتەی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو.

ڕۆیتەرز



# لووتکەی ئیستانبوڵی تورکۆفۆنی

## دانانی بناغەی کاری ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی زمان تورک

سەمیر ساڵحە

خەونی یەکخستنی دنیای تورکی یان میللەتانی زمان تورک خەونێکی کۆنە، شەڕە بەردەوامەکان و دووبارە دیاریکردنەوەی نەخشەی جیۆسیاسی ناوچەکە بەربەست و لەمپەربوون لە هێنانەدی ئەو خەونە، یەکییەتی سۆڤیەتی پێشوو تا کۆتایی هەفتاکانی سەدەی رابردوو کۆمارە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاستی لەژێر باڵی خۆیدا کۆکردبۆوە، بەڵام دوای لەبەرەیەکهەڵوەشانی یەکیەتی شۆرەوی پێشوو حەماس و جموجۆڵ کەوتە کەوڵی تورکیا تا لەژێر چەتر و سیاسەتی خۆیدا کۆیانبکاتەوە، هەوڵەکانی سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا (تۆرگۆت ئۆزال) لەمڕووەوە دیار و بەرچاون.

رکابەری و ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەیکان لەگەڵ سیاسەتە هەڵەکانی دەوڵەتی تورکیا، هەوڵەکانی تورکیایان هەر لەقالبی خەون و خەیاڵدا هێشتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی جوگرافی گرنگ کە پانتاییەکەی خۆی لە (١١) ملیۆن کم٢ دەدا و ژمارەی دانیشتوانیشی زیاتر لە (٢٥٠) ملیۆن کەسە و بە سامانی سروشتیش دەوڵەمەندە.

دوا لوتکەی ئیستانبوڵ کە سەرباری تورکیا (٤) کۆماری دیکەی ئاسیای ناوەڕاست بەشداریان تێدا کرد و ئۆزبەکستان و تاجیکستان تێدیا ئامادە نەبوون، بە نۆیەم لوتکە دادەنرێت لەوەتەی ساڵی ١٩٩٢ زۆربەی کۆبوونەوەکانیش تورکیا میوانداری کردووە، ئەهمییەتی دوا لوتکەی ئیستانبوڵ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە گوزارشت لە هەست و داخوازی ملیۆنەها تورکی پەرتەوازە بوو لەنێوان کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز و بەلقان، لەژێر دروشمی (خەونی ئاشتەوایی و سەقامگیری و بوژانەوە و بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ باشکردنی پەیوەندییەکان). هەروەک سەرەک کۆماری تورکیاش لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەکەدا رایگەیاند، کۆنگرە هەوڵێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی چەند وڵاتێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی وەک ئەمەریکا و چین و ئێران و ئیسرائیل لەکاروبارەکانمان و تێکەڵکردنی جیهانی تورکییە بەیەکەوە لە ژێر مۆتۆی (قوڵایی ستراتیژی).

لوتکەی ئیستانبوڵ لەکۆبوونەوەکانیدا گەیشتە چەند بڕیارێکی گرنگ لەوانە، دانانی بناغەی کاری ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی زمان تورک، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی سکرتاریەت و دابەشکردنی رۆڵەکان و دیاریکردنی رۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێک وەک رۆژی (زمانی تورکی) لەگەڵ دانانی ئەلفبای زمانی تورکی و فەرهەنگێکی یەکگرتوو و هاوبەش و فراوانکردنی پانتایی هاریکاری کولتووری و زانستی.

لەوەتەی سەربەخۆبوونی کۆمارە تورکەکان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ئەو کۆمارانە بەردەوام لەژێر هەڕشە و چاوسوورکردنەوەی روسیادا بوونە، لە بەرامبەریشدا گەر رەحمەت و هاریکاری ئەمەریکا و ئەورووپا نەبووایە نەیاندەتوانی تا ئەمڕۆ بەردەوام بن، هەروەها زیاتر لە هەوڵ و تەجرەبەیەکیشیان تاقیکردەوە تا هاوشێوەی وڵاتانی ئەندام لە (کۆمنوێلس) یان رێکخراوی وڵاتانی (ئاسیای ناوەڕاست) گردبوونەوەی (شەنگەهای)ی خۆیان لە رێکخراوێکدا کۆبکەنەوە، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکانیان بێ ئەنجامە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بەرهەمی ئەو جوڵە و هەوڵە کۆنە- نوێیانە بەچی دەگات؟ ئایا دەبنە مایەی دروستکردنی یەکیەتییەکی فیدراڵی بەرابەرایەتی تورکیا؟ یان تەنها لە چوارچێوەی گردبوونەوەیەکی ئابووری دەمێنێتەوە؟ یان دەچنە خانەی هەوڵێکی کولتوورییەوە بۆ رزگارکردنی زمانی تورکی لە پەرتەوازەیی؟ یان ئەوەتا پرۆژەیەکی یەکگرتنی سیاسی و ئابووری و کولتووری لێ دروست دەبێ؟

سەرەک کۆماری تورکیا عەبدوڵلا گویل لەکۆبوونەوەکەدا رایگەیاند: «ئێمە ٦ دەوڵەتین بەڵام یەک نەتەوەین». بەڵام ئەوەی مایەی تێبینیە لە لوتکەی ئیستانبوڵدا ئەوەیە کە هەموو وڵاتانی زمان تورک تێیدا بەشدار نەبوون، هەروەها بەهۆی باڵادەستی ئینگلیز و روس لەسەر بڕیاری سیاسی ئەو کۆمارانە، بڕیار و بەیاننامەی کۆتایی بەپێی ئارەزوو و خواستەکانی تورکیا دەرنەچوون و دەستێوەردانی دەرەکیش لەسەر ئەنجام و بڕیارەکانی لوتکەی ئیستانبوڵ روون و ئاشکرابوون.





# تورگوت ئۆزاڵ



ئابووریناسێکی لیبراڵ، وەکو ئەندازیاری بەنداوەکان لە شەستەکانی سەدەی رابردوو دەستی بەکارکرد و ناسرا، دواتر کاری سیاسی گەیاندیە لوتکەی پەیکەری دەسەڵات، لە دەوڵەتی تورکیا پاش ئەوەی کە سەرکردەکانی کودەتاکەی ١٩٨٠ بە کەسێکی گونجاویان بینی بۆ وەرگرتنی تەختی فەرمانڕەوایی لە کەشێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی شڵەژاو سەردەمەکەی ببێتە ماوەی دامرکاندنی ململانێی ناسنامە لە نێوان ئیسلامییەکان و عەلمانیەکان.

بەرادەی پەیوەستبوونی بە عەلمانیەتی رۆژئاوا، هەڵگری پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلامیش بوو، هەرچەندە لە رێگەی خێزانەکەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ تەریقەتی سۆفیگەری نەقشبەندی هەبوو، لە زانکۆکانی ئەمەریکاش خوێندنی باڵای تەواو کرد و شێوازێکی عەلمانییەت فێربوو کە بیخاتە خانەی دڵسۆزەکانی کۆماری کەمالیزم، تا ئێستا کەس ناتوانێ ئەم دوو دیوەی ئۆزال شی بکاتەوە. ئەو نوێژی دەکرد و ٣ جار فەریزەی حەجی ئەنجامدا و ئەندامیش بوو لە پارتی سەلامەتی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتی وەزیران و دواتر سەرۆکایەتی کۆماری وەرگرت بێئەوەی رووبەڕووی سوپا ببێتەوە.

ئۆزال لەساڵی ١٩٨٣ پارتی (نیشتمانی دایک)ی دامەزراند، لەکۆتایی هەمان ساڵ پارتەکەی لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و بەتەنیا توانی حکومەت پێکبێنێ، ئەوکاتە کەنعان ئەڤرەن وەکو سەرکردەی کودەتاچییەکان سەرۆک کۆمار بوو، ئەوکاتەی ئۆزال سەرۆکایەتی حکومەتی تورکیای لەئەستۆدا بوو هاوسۆزییەکی زۆری لەگەڵ چالاکییە ئیسلامییەکاندا نیشاندا، بەڵام رەتی دەکردەوە کە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی رێکخراو لە تورکیادا هەبێ، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی ترس و نیگەرانیەکانی سوپا و ناوەندە عەلمانییەکان. ئۆزال ئەوکاتەی سەرۆک وەزیرانیش بوو پەرۆشی ئەوە بوو نوێژی هەینی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک وەزیری کابینەکەی ئەنجام بدا و زۆربەی موریدەکانی تەریقەتی سۆفیگەرییەکەشی بردە نێو حزبەکەی کە رۆڵی کاریگەریان هەبوو تا بۆ دووەم جار لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٧ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبێنێ، تەنیا بەکردنەوەی رێگە و دەرفەت لەبەردەم بزووتنەوە ئیسلامییەکان نەوەستا، بەڵکو چەند کەسێکی ناسراو بە مەیلی ئیسلامیان کە لەسەرکردایەتی پارتی سەلامەی ئیسلامی دابوون بباتە سەرکردایەتی پارتی نیشتمانی دایک.

لەسەردەمی ئۆزاڵدا قوتابخانە ئاینییەکان بەرفراوان بوون و ئیسلامییەکان خزانە نێو بواری کولتوور و راگەیاندن، چەندین رۆژنامە و خانەی بڵاوکردنەوە و رادیۆ و تەلەڤزیۆنیان دامەزراند، بەشێوەیەکی بەرچاو تێکەڵ بە ژینگەی لیبرالی نوێ بوون، ئەوکاتەی ئۆزال لە ١٩٩١ پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیای وەرگرت رەفتارە ئیسلامییەکانی گەیشتە لوتکە، کاتێک لەکۆشکی کۆماری مەراسیمی خوێندنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەری سازکرد، کە یەکەمجار بوو لە مێژووی کۆماری تورکیا ئەمە روویدات کە دواتر دووبارە نەبۆوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە سوپا لە شوێنی وەستاو کاردانەوەی نەنواند، بگرە ئۆزال دوو خول پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت لەکاتێکدا سەرۆکایەتی کۆمار بەدەست کەنعان ئیڤرن بوو، لەکاتێکدا ژەنەراڵەکان لەبەر هۆکاری کەمتر لەوەی ئۆزاڵ دەیکرد رووبەڕووی حکومەتەکانی پێش ئۆزال ببوونەوە و هەڵیاندەوەشاندەوە، هەروەک لە کودەتاکەی ١٩٦٠ روویدا کە عەدنان مەندەریسی سەرۆکوەزیران و وەزیرانەکەی بە تۆمەتی پاشگەزبوونەوە لە عەلمانییەت لەسێدارەدان، لەکاتێکدا ئیسلامیش نەبوون، ئەو ئازادیەی کە لەسەردەمی ئۆزال بە ئیسلامییەکان درا لەهیچ سەردەمێکی دیکە پێیان نەدرابوو، چاودێران ئەم دۆخە بۆ فاکتەرە دەرەکییەکان دەگێڕنەوە وەک ئەو شەڕەی ئەوکاتە لە ئەفغانستان دژی یەکێتی سۆڤیەت لەئارادابوو، هەروەها ئارەزووی ئەمەریکا بۆ فراوانترکردنی هەست و سۆزی ئایینی لەوڵاتانی ئیسلامی لەنێویشیاندا تورکیا نابێتە پشتگیرییەکی مەعنەوی بۆ موجاهیدەکانی ئەفغانستان، هەروەها فاکتەری ناوخۆیش کاریگەری لەوەدا هەبووە کە ئۆزال دەروازە لەبەردەم چالاکی ئیسلامییەکان بکاتەوە وەک هەوڵێک بۆ لەخۆگرتنی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت و سیستەمە عەلمانیەکەی، ئەمەش بۆ دەرهێنانی بەرە لە ژێر پێی ئیسلامیە رادیکالەکان، بێگومان ئۆزال لەهەموو بۆنە و دەرفەتێکدا دووپاتی دەکردەوە کە ئەو کەسێکی عەلمانییە، پێشیوابوو کە عەلمانییەت لەگەڵ ئازادی ئایین و بیروباوەڕ دژ و ناکۆک نییە، بێگومان ئەمە بەشێوەیەکی رەها لەلایەن رێبازی عەلمانی کەمالیزم رەتدەکرێنەوە کە یەکێک لە کۆڵەگەکانی لەخۆگرتنی ئایین و قەدەخەکردنی سیما و رواڵەتەکانییەتی. سەرەڕای ئەوەی کە سوپا بە توندترین و دڵسۆزترین دامەزراوە بۆ پرەنسیپە عەلمانیەکانی ئەتاتورک دادەنرێ، بەڵام لەئاست سیاسەتەکانی ئۆزاڵ بێدەنگی هەڵبژارد، لەبەرامبەردا هێزە سیاسییە عەلمانیەکان رەخنەی توند و هەمەلایەنەیان ئاراستەی ئەو سیاسەتانەی ئۆزاڵ کرد، یەکێک لەو رەخنانە راپۆرتەکەی پارتی گەلی دیموکرات بوو لەساڵی ١٩٩٠ کە تێیدا هاتبوو «گەشەکردنی مەیل و رەوتە ئوسوڵییە ئیسلامییەکان هەڕەشە لەدەوڵەتی تورکیا دەکات، ئوسوڵییەکان دەیانەوێ چاکسازییەکانی ئەتاتورک بۆ دامەزراندنی سیستمێکی ئیسلامی وەربچەرخێنن کە ناکۆکە لەگەڵ عەلمانییەت» لەگەڵ ئەوەی راپۆرتەکە باڵابوونی مەترسی ئیسلامییەکانی خستبووە ڕوو، بەڵام ئۆزاڵ بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتەکانی و لەباتی ئەوەی لەسەرۆکایەتی حکومەت دوور بخرێتەوە، هەر دوای ساڵێک لەبڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری پێدرا، تا مردنی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لەبەهاری ١٩٩٣ لەپۆستەکەی بەردەوام بوو، بە مردنیشی سەردەمێک لە تورکیا کۆتایی هات کە سەختە دووبارە ببێتەوە.

**سەرچاوە: ئەلجەزیرە**



# رەجەب تەیب ئەردۆگان

رێبەری پارتی دادوگەشەپێدان (AKP) و سەرۆکوەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان لەهەناوی دامەزراوەی ئایینی هاتووە، ئەو دەرچووی قوتابخانەی ئاینییە، هەروەها لە رێگەی ئەو رەوتە ئیسلامییەی کە نەجمەدین ئەربەکان پێشەوایەتی دەرکرد خزاوەتە نێو کاری سیاسی، بەڵام لەوەتەی لە ساڵی ٢٠٠٢ لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی وڵاتەکەی بەدەستهێناوە و حکومەتی پێک ێناوە، جەختدەکاتەوە کە نوێنەرایەتی پارتێکی ئایینی ناکات، بەڵام دەیهەوێ دەوڵەتێکی دیموکراتی دابمەزرێنێ کە ئایین و دەوڵەت لە یەک جیا بکاتەوە هەروەکو ئەوروپا، هەروەها دەوڵەت بەسەر ئاییندا باڵادەست نەبێ هەروەکو لە عەلمانییەتی تورکیا دەبینرێ.

ئەردۆگان لەساڵانێکی زووەوە خزایە نێو کاری سیاسی و بووە ئەندام لەپارتی (سەلامەتی نیشتمانی) کە ئەربەکان لە ١٩٧٢ دایمەزراند، هەروەها بووە ئەندامی پارتی رەفا و پارتی فەزیلەت کە لەلایەن ئەربەکانەوە دامەزرێنران، ساڵی ١٩٨٥ ئەردۆگان بوو سەرۆکی لقی ئیستانبوڵی پارتی رەفا، لەساڵی ١٩٩٤ لەهەڵبژاردنەکاندا سەرۆکایەتی شارەوانی ئیستانبوڵی بردەوە، ئەو ماوەیەی سەرۆکایەتی شارەوانی ئیستانبوڵی دەکرد و دەسکەوتی چۆنایەتی بۆ شارەکە بەدەستهێنا، ئەمەش لەسەرانسەری تورکیا ناوبانگێکی جەماوەری زۆری بۆ پەیدا کرد، بەڵام ئەو جەماوەری بوونەی بەهانایەوە نەهات کاتێک لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەت لەساڵی ١٩٩٨ رووبەڕووی رێوشوێنی قەزایی بۆوە و بە تۆمەتی هاندانی رقوکینەی ئایینی سزای زیندانی بۆ بڕایەوە و کارکردنی لە وەزیفە حکومییەکاندا لێ قەدەغە کرا، بە خۆکاندیکردنی لەهەڵبژاردنەکانیشدا، سەرچاوەی ئەو سزایەش بۆ وتارێکی جەماوەری ئەردۆگان دەگەڕێتەوە کە لەساڵی ١٩٩٨ گوتی: «بڵندگۆی مزگەوتەکان رمەکانمانن و نوێژکەرانیش سەربازەکانمان» ئەم رووداوە نەبووە رێگر لەبەردەم خواستە سیاسییەکانی ئەو پیاوە، لەوانەیە بەئاگای هێنابێتەوە کە سەختە بەهەمان رێبازی مامۆستاکەی (ئەربەکان) بتوانێ سەرکەوتنی زیاتر بەدەستبێنێ، بۆیە قەدەغەکردنی پارتی فەزیڵەی وەکو دەرفەتێک قۆستەوە تا لەگەڵ ژمارەیەک لەو کادیرانە کە (عەبدوڵلا گویلی سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا یەکێک بوو لەوان) لەساڵی ٢٠٠١ پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) دابمەزرێنن.

لەسەرەتادا ئەردۆگان هەوڵیدا کە هەر جۆرە گومانێک بڕەوێنێتەوە لەوەی کە پەیوەندی ئایدیۆلۆژیای لەگەڵ ئەربەکان و رەوتە ئیسلامییەکەی هەبێ کە چەندین جار دامەزراوەی عەلمانی تورکیا تووڕە و نیگەران کردوە، بۆیە لەهەموو بۆنەیەک رایدەگەیاند کە AKP بنەماکانی سیستەمی کۆماری دەپارێزێ و لەگەڵ هێزە چەکدارەکان ناکەوێتە مشتومڕەوە، گوتی: «لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەی کە ئەتاتورک نەخشەی بۆ کێشا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شارستان و هاوچەرخ لەچوارچێوەی بەها ئسیلامییەکان کە ٩٩٪ی هاووڵاتیانی تورکیا بڕوایان پێی هەیە سیاسەتێکی ئاشکرا و کارا بەڕێوە دەبەین».

دیار بوو کە ئەردۆگان دەیەوێ لەناوەڕاستەوە دارەکە هەڵبگرێ، ئەمەش نموونەیەکی پێشکەوتووی رەوتی مامناوەندی بوو لەتورکیا کە بووە هۆی ئەوەی پارتەکەی لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠٠٢ زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبێنێ و بە تەنیا حکومەت بەسەرۆکایەتی عەبدوڵڵا گویل دروستبکات (ئەوکاتە هێشتا قەدەغەی یاسایی لەسەر ئەردۆگان هەبوو). دوای چەند مانگێک چەند ماددەیەکی دەستوور هەموار کرا تا رێگە بە ئەردۆگان بدرێ خۆی لە بازنەیەکدا کاندید بکات و دواتر سەرۆکایەتی وەزیران بگرێتە دەست و جەخت لەسەر رێبازە مامناوەندییەکەی بکاتەوە و رایگەیاند «AKP پارتێکی ئایینی نییە، بەڵکو پارتێکی ئەوروپی موحافەزەکارە».



لەو کاتەی ئەردۆگان هەموو قورساییەکی خۆی بە ئاراستەی پەسەندکردنی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا خستبووە گەڕەوە، ئەمە تەنیا بۆ ئەوە نەبوو تا بڕوا بەعەلمانییەکان بهێنێ کە ئەو کۆپیەکی ئەربەکان نییە، بەڵکو دەرکی بەوە کردبوو کە ئەندامبوونی وڵاتەکەی لەیەکێتی ئەوروپا تورکیا دەخاتە نێو فەلەکی دیموکراسییەتی ئەوروپا کە هەر رۆڵێکی سەربازەکان رەتدەکاتەوە و ئازادی بیروباوەڕی ئایینی بەهاووڵاتییان دەبەخشێت، ئەم دوو خاڵەش گورزێکی کوشندە دەبێ بۆ گەوهەری سیستمی عەلمانیەتی تورکیا کە دەسترۆیی زۆری بە سوپا داوە و بەسەر جومگە گرنگەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگادا باڵادەستە، سەرەڕای ئەوەی ئەردۆگان خۆی لەوە بە دوور گرت کە هێزە عەلمانییەکان بوروژێنێ و رووبەڕوویان ببێتەوە، بە رادەیەک کە کچەکەی بەهۆی وەرنەگرتنی لە زانکۆکانی تورکیا لەبەر پۆشینی سەرپۆشەوە رەوانەی زانکۆیەکی ئەمەریکا کرد، بەڵام ئەمە رێی لەوە نەگرت کە عەلمانییەکان بەهەبوونی (مەترسی کۆنەپەرستی) تۆمەتباری بکەن، لەمبارەیەوە سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا گوتی: «مەترسی ئەو کۆنەپەرستییە گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناک»، سەرەڕای ئەوەی کە راستەوخۆ ئەردۆگان بە (کۆنەپەرستی) تۆمەتبار نەکراوە، بەڵام سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا (ئەحمەد نەژدەت سەزەر) کە بە یەکێک لایەنگرە سەرسەختەکانی عەلمانییەت دادەنرێ، حکومەتەکەی ئەردۆگانی بە ئیسلامکردنی کادیرەکانی دەوڵەتی عەلمانی تۆمەتبار کرد و رایگەیاند کە هەڕەشەی ئوسوڵییەکان گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناک، ئەمەش ئەردۆگانی ناچار کرد وەڵامی بداتەوە و بڵێ «موسڵمانانی ئەم وڵاتە مافی خۆیانە کاری سیاسی ئەنجامبدەن».



# ئابووری ژمارە ١٧ی دنیایە و هەوڵدەدا لەداهاتـــوو بێتە ریزی ١٠ ئابوورییە بەهێزەکەی دنیا

## شۆڕشێکی ئابووری مەزن لە تورکیا

### شۆڕشێکی ئابووری مەزن لە تورکیا

ماوەیەکە تورکیا شۆڕشێکی سیاسی و ئابووری فراوان بەخۆیەوە دەبینێ، لەرووی ئابووریەوە گەشەکردنی بەرچاو هەستی پێدەکرێت، هاوردەکانی تورکیا سێ هێندە زیادیکردووە، هەروەها ئاستی داهاتی تاکیش دوو بەرامبەر بووە لە ٢٥٠٠ دۆلارەوە بۆ ٥٥٠٠ دۆلار هەڵکشاوە، ئەردۆگانیش بەڵێنی ئەوەی داوە کە دەخلی ساڵانەی تاک بۆ ١٠٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بەرزبکاتەوە، قەرزەکانی تورکیاش لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە ٢٣ ملیار دۆلارەوە بۆ ٩ ملیار کەمبۆتەوە، هاوکات داهاتی هەناردەکردنیش لە ٣٦ ملیار دۆلارەوە گەیشتۆتە ٩٥ ملیار دۆلار.

ئەو گەشەگردنە ئابوورییە بەرچاوی تورکیا مشتومڕ و پرسیارگەلێکی گەورەی درووستکردووە، چاودێرانی سیاسی و ئابووری هەموو ئەو گۆڕانکارییانە بۆ کارەکتەر و کاریزمای هەردوو سەرکردەی ئیسلامی میانڕەو (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) و (عەبدوڵڵا گویل) دەگەڕێننەوە.

### ئەردۆگان سوودی لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئەربەکان وەرگرت!

لەکۆتایی حەفتاکان چۆتە پارتەکەی نەجمەدین ئەربەکان (پارتی رزگاری نیشتمانی) بەڵام دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠ بەهۆی قەدەخەکردنی ژیانی حزبی لەتورکیا، تا سێ ساڵ لە کاری تەنزیمی دووردەکەوێتەوە و پاشان ئیلتیحاق بە پارتی رەفاه دەکات، لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٤ پارتی ناوبراو ئەردۆگان دەکاتە کاندیدی پۆستی شارەداری ئیستانبوڵ و بەزۆرینەی دەنگ پۆستەکە دەباتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە گرنگی تەجرەبەی ئەردۆگان پێویستە چاوێک بە تەجرەبە سیاسییەکەی (ئەربەکان)دا بخشێنین و بزانین چۆن ئەردۆگان سوودی لە هەڵەی ئەربەکان وەرگرت و دادو گەشەپێدانی گەیاندە ئەو قۆناخە.

ئەربەکان لە ژیان و کرداری سیاسیدا تارادەیەک تەجاوزی بەسەر ئەو واقیعە سیاسی و سەربازییەدا کرد کە دوای ساڵی ١٩١٨ واتە دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی هاتەکایەوە و هێز و نفوزی حزبە سیاسییە باڵادەستەکانی وەلاوەنا، هەربۆیەش دادگای دەستووری سێ جار پارتەکەی داخست و تائێستاش ئەربەکان لە مومارەسەکردنی کاری سیاسی قەدەخەکراوە، ئەوە یەکەمین وانە بوو کە ئەردۆگان و هاوڕێکانی سوودیان لێوەرگرت و تێگەیشتن کە بەو شێوە کارکردنەیان هیچ نادوورنەوەو وەک ئەوە وایە دەریا بکێڵن، ئەوەبوو ساڵی ٢٠٠٢ پارتی دادو گەشەپێدانیان راگەیاند، لە هەڵبژاردنەکاندا ٣٥٪ی دەنگەکانیان وەدەستهێنا، لەدوا هەڵبژاردنیشدا ٤٧٪ی دەنگەکانیان قازانج کرد، کە دەگاتە دەنگی نزیکەی ١٦ ملیۆن دەنگدەری تورکی لەکۆی ٤٢ ملیۆن دەنگدەر.

لەوەتەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا چەند هێزێکی خاوەن جەبەروت تەحەکوم بە ژیانی سیاسییەوە دەکەن ئەوانیش، عەسکەر و میدیا و دادگاکانە لەسەرووی هەمووشیانەوە دادگای دەستووری کە وەک شمشێرێکی ئامادە هەردەم بۆ ملی ئیسلامییەکان وەستاوە، هێزە عیلمانییەکان ئیسلامی سیاسی بە گەف و هەڕەشە لەسەر عیلمانییەتی دەوڵەت دەزانن، لەسەرجەم ئاستەکاندا دژایەتی پارتی دادو گەشەپێدان دەکرێت، هەوڵدراوە کارەکتەرە ئەکادیمییە ئیسلامییەکان لە سەرۆکایەتی زانکۆ و راگرایەتی پەیمانگاو کۆلیژەکان دووربخرێنەوە، دەزگای سەربازی نهێنی (گلادیۆ)ش کە سەردەمی شەڕی سارد هاوپەیمانیەتی ناتۆ بۆ دژایەتیکردن و لەناوبردنی شیوعییەکان دایمەزراند، هەنووکە رۆڵی بەرچاو لە دژایەتیکردن و راوەدوونانی ئیسلامی سیاسی دەبینێ، هاوکات جارجارەش کوشتن و تەقینەوەش بەناوی ئەوانەوە ئەنجامدەدات، وەک ئەو هێرشانەی ماوەیەک بەناوی ئیسلامییەکانەوە کرایە سەر چەند نووسەر و رۆژنامەوانێکی شیوعی و لەبەرامبەریشدا دەنگی میدیا و راگەیاندکاران دژی ئیسلامییەکان بەرزبۆوەو بە دواکەوتوو و تێکدەر وەسفیانکردن.

هەموو ئەو بارودۆخە سیاسی و یاساییە پرسیارێکی گرنگ دەخەنەڕوو ئەویش ئەوەیە ئایا چۆن حکومەتی دادو گەشەپێدان لەژێر کاریگەرییەکانی ئەو بارودۆخە توانیویەتی بازدانێکی نەوعی وا گرنگ بهاوێ؟ دەبێ نهێنی کارەکتەری گویل و ئەردۆگان لەچیدا بێ؟

وەک ئاماژەمان پێدا ئەردۆگان و گویل لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا سیاسەتێکی جیاوازیان لەسیاسەتەکەی ئەربەکانی هاوڕێیان گرتەبەر، خۆیان لە رکابەری و شەڕەقۆچی عیلمانییەکان وەدوورگرت، کاریان لەسەر بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابووری زانستی و کولتووری تورکیا کرد، ئەم هەنگاوانە ئەهمیەتی تورکیایان لای موسولمانان و وڵاتانی ئیقلیم و ئەروپا بەهێزتر کرد، بەشێوەیەکی هێمنانەو سۆفت کاریگەری عەسکەریان لەسەر سیاسەت و ئابووری لاوازکرد، لەمانەیش زیاتر هەنگاوی جددییان بەئاڕاستەی چەسپاندنی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ نا.

لەلایەنی ئابوورییەوە ئەردۆگان و پارتەکەی رێژەی هەڵاوسانیان لە ٣٧٪ بۆ ٩٪ دابەزاند، هەروەها رێژەی زیادەی بانکیشیان لە ٦٥٪ بۆ ١٥٪ کەمکردەوە، لیرەی تورکی هێز و گوڕتینێکی گەورەی تێکەوت بەتایبەت دوای لابردنی سفرەکان.

سەبارەت بە خوێندن و پەروەردەش، ساڵانە کتێب و دەفتەر و قرتاسییەی بەخۆڕایی بەسەر زیاتر لە ١٠ ملیۆن قوتابی دابەشدەکات، هاوکات مووچەیەکی مانگانەش بە منداڵە هەژار و کەمدەرامەتەکان دەبەخشێ.

بەشی هەرە گەورەی سەرکەوتنەکانی ئەردۆگان بۆ یارمەتیدانی هەژاران و بایەخدان بە کەرتی گشتی دەگەڕێتەوە، بانک و دەزگا داراییەکانی لە گەندەڵکاران پاککردەوە، ژمارەیەکی زۆر بەرپرسی دایە دادگاو سامانی دەوڵەتی لێسەندنەوە، لەرێگەی ریکخستنەوەی سیستمی بانکییەوە ٤٦ ملیار دۆلاری گەڕاندەوە خزێنەی دەوڵەت، رەژووی رەشی بەسەر دانیشتواتی ناوچە ساردەکان دابەش کرد کە بەهۆیەوە نزیکەی ١٠ ملیۆن کەس لێی سوودمەند دەبن.

حکومەتەکەی ئەردۆگان هەر لەگەڵ راگەیاندنیدا ئاریشەی نیشتەجێکردنی بە پرسێکی خەتەرناک ناوزەد کرد و بەڵێنی چارەسەرکردنی دا، بۆ ئەم مەبەستەش ١٤٠ یەکەی نیشتەجێبوونی دروستکرد و بە نرخی گونجاو و بە قیستی ١٥-٢٠ ساڵ بەسەر هاووڵاتیانی دابەشکرد، ئێستاش وەزارەتی نیشتەجێکردن سەرقاڵی دروستکردنی ١٤٠ هەزار یەکەی دیکەیە، سەبارەت بە رێگاوبان و گەیاندنیش، تەنها لە هەشت ساڵی رابردوودا دەوڵەت ٤٥٠٠ کم رێگاوبانی دروستکردووە لەکاتێکدا لەو ماوە درێژەی رابردوودا تەنها ٦٥٠٠کم رێگاوبان خۆشکراوە!!

لەکەرتی تەندروستیشدا حکومەتی دادوگەشەپێدان هەنگاوی بوێر و سەرنجڕاکێشی هاوێشت کە خۆی لەنیمچە بە خۆڕایی کردنی نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەبینێتەوە بۆ خەڵکی هەژار لەرێکەی پشتگیریکردنی ئەو نەخۆشخانانە لەلایەن دەوڵەتەوە.

لەئاستی دیبلۆماسی و سیاسیشدا ئەردۆگان هاوتا لەگەڵ داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و وەزیری کاروباری دەرەوە (داود ئۆغڵو) سیاسەتی کرانەوەو سفرکردنەوەی کێشەکانی لەکەڵ دەوروبەرە ئیقلیمییەکەی پەیڕەو کرد، رووەو وڵاتانی عەرەبی و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستیش هەنگاوی هەڵێناو پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکیەتی ئەورووپا وەک ئەولەویەتی بنچینەی دیپلۆماسیەتی دەرەوە تەمەشا دەکات.

### پرۆژەی داهاتوو

بەرنامەی کاری داهاتووی حکومەتەکەی ئەردۆگان بەردەوامبوونە لەسەر بایەخدان بە بوژاندنەوەی کەرتی ئابووری و کەمکردنەوەی بێکاری و هەڵئاوسان و سوودی بانکی و بەرزکردنەوەی دەخلی تاک و گەیاندنی بۆ ئاستی ١٠ هەزار دۆلار لەساڵێکدا.

سەبارەت بەسیاسەتی دەرەکیش، هەر لە هەوەڵەوە حکومەتی داد و گەشەپێدان جەختی لەسەر گوتاری سەربەخۆی تورکیا لە سیاسەتی دەرەوە کردووە، یەکەمین تەجرەبەش بەشدارینەکردن بوو لە شەڕی عێراق، ئەو رەتکردنەوەی تورکیا کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوولا هەبوو و کێشەی لابەلاو جیاوازی دەربارەی پرسەکانی قوبرس و کوردو فەڵەستین و کێشەی ئەتۆمی ئێران خولقاند.

هەواڵنامەی کتێب

# پەیوەندییە ئابوورییە دەرەکییەکانی تورکیا و بودجەی دراوەکان

## تورکیا ئابوورییەکی تەواوکاری لەگەڵ ئابووری جیهاندا هەیە

ئەمڕۆکە تورکیا ئابوورییەکی تەواوکار (متكامل)ی لەگەڵ ئابووری جیهاندا هەیە، لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتان لە چەندین ناوچەی جیهان پەیوەندی پتەوی هەیە، یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکانی بەدیهێنەری ئەو پێشکەوتنانە بڕیارەکانی ١٩٨٠/١/٢٤ بوو کە تورکیای لەنموونەی ئەلتەرناتیڤەکانی هاوردەکردن گواستەوە بۆ ستراتیژییەتی بوژانەوەی پشت بەستوو بە هەناردەکردن. هەروەها بەستنی ڕێککەوتننامەی یەکێتی گومرگی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا لەساڵی ١٩٩٦ و خێراکردنی بەجیهانگەریکردنی ئابووری لە نەوەدەکان.

### ئاماژەکانی بازرگانی دەرەکی

ڕێککەوتننامەی یەکێتی گومرگی لە نێوان تورکیا و یەکێتی ئەورووپا لە ١٩٩٦/١/١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە لە ڕێگەیەوە سەرجەم ڕێوشوێنەکانی پاراستنی بازرگانی کاڵاپیشەسازییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا هەڵوەشاندەوە، لە جیاتی ئەو ناسیاری (تعرفە) گومرگی هاوبەشی دانراو لەلایەن یەکێتییەکە لە بواری بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە بە بنەما گیرا. ئاشتی قەبارەی بازرگانی دەرەوەی تورکیا لە ١٩٨٠ یازدە ملیار دۆلاری ئەمەریک بوو، لە ١٩٨٥ گەیتشە ١٩/٣ ملیار دۆلار و لە ٢٠٠٧ گەیشتە ٢٧٧ ملیار دۆلاری ئەمەریکی، لە ٢٠٠٨ گەیشتە ٣٣٣/٩، بە بەراوکردن لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، قەبارەی هەناردەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ بە ڕێژەی ٢٣٪ زیادی کرد و گەیشتە ١٣٢ ملیار دۆلار. هاوردەکانیش بە ڕێژەی ١٨٪ زیادی کرد و گەیشتە ٢٠٢ ملیار دۆلار، ڕێژەی لاوازی (عجز) یش لە بازرگانی دەرەکی بە ڕێژەی ١١،٥٪ زیادی کرد و گەیشتە ٦٩،٩ ملیار دۆلاری ئەمەریکی.



### ڕێژەی ڕۆماڵکردنی هەناردەکان بۆ هاوردەکان

ڕێژەی ڕۆماڵکردنی هەناردەکان بۆ هاوردەکان لە تورکیا بۆ ساڵانێکی زۆر نزیکەی ٦٠٪ لە کاتێکدا کە ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٩٩ نزیکەی ٦٥،٤٪ ئەو ڕێژەیە لە ٢٠٠١ بەرزبۆوە بۆ ٧٥،٧٪ ئەو ڕێژەیە لە ٢٠٠٤ بووە ٦٤،٨٪ لە ٢٠٠٦ بووە ٦١،٣ و لە ٢٠٠٧ بووە ٦٣٪ و لە ٢٠٠٨ بووە ٦٤،٣٪.



### قەوارەی کەرتی بازرگانی دەرەکی

لە ساڵانی ٨٠دا لە پێکهاتەی بونیادی هەناردەکانی تورکیا گۆڕانێکی بەرچاو بەدیهات، ئەو گۆڕانە لە ساڵانی نەوەدیش درێژەی کێشا، بەپێی ئەو گۆڕانە بەردەوام بەشی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە چوارچێوەی هەناردەکاندا کەمی کردووە، لە بەرامبەریشدا بەرهەمە پیشەسازیەکان زیادیکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە کۆی هەناردەکاندا ٣،٥٪ بەشی کانزاکردن ١،٥٪، پیشەسازی وەرچەرخان ٩٤،٢٪ ڕاوکردنی ماسی ٠،٠١٪ و کەرتەکانی دیکەش ٠،٠٤٪ پێک هێناوە.

کاتێک لە قەبارەی هەناردەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ورد دەبینەوە دەبینین کە گەورەترین بەشداری لە هەناردەکان لە کەرتەکانی هۆیەکانی گواستنەوەی وشکانی و پارچەی یەدەگی، ئاسن و جلوبەرگ و بەرهەمەکانی ڕستن و چنین و ئامێری میکانیکی و کارەبایی بەدیهاتووە.

کاتێک سەیری پەیکەری هاوردەکانی تورکیا دەکرێ، دەبینرێ کە بەشی هێنانی سەرمایەگوزاری و کەرستەی خاو لە نەوەدەکان وەکو دەرەنجامێکی سروشتی هەوڵەکانی گەشەپێدانی ئابووری و پیشەسازی زیادی کردووە، لەهەمانکاتدا بەشی کاڵا وەبەرهێنەرەکان لە چوارچێوەی کۆی هاوردەکان لە ساڵانی ٢٠٠دا کەمی کردووە، بەشی کەرستەی خاو زیادی کردووە لە کاتێکدا بەشی هاتووەکان لە کاڵا تەواوکارییەکان گەیشتۆتە ٧٥،١٪ لە کۆی هاتووەکانی ٢٠٠٨، ئەم ڕێژەیە دەکاتە ١٣،٩٪ سەبارەت بە هێنانی کاڵا وەبەرهێنەرەکان و ١٠،٦٪ سەبارەت بە کاڵا ئیستهیلاکیەکان و ٠،٠٤٪ بۆ کاڵاکانی دیکە.

لە کاتێکدا هاوردەکردنی وزە لە ساڵی ٢٠٠٧ گەیشتۆتە ٣٣،٨ ملیار دۆلار، ئەوەش دەکاتە ١٩،٩٪ لەکۆی هاوردەکان، لە ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتۆتە ٤٨،٢ ملیار دۆلار ئەوەش دەکاتە ٢٣،٩٪ لە کۆی هاوردەکان.

دابەشکردنی بازرگانی دەرەکی بەپێی گروپی دەوڵەتان هێشتا دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا لە بازرگانی دەرەکی تورکیا پێگەی گرنگی خۆیان دەپارێزن، ساڵی ٢٠٠٨ هاوردەکانی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا گەیشتۆتە ٧٤،٨ ملیار دۆلار کە دەکاتە ٣٧٪ لە کۆی هاوردەکانی تورکیا، هەرچی هەناردەکانی یەکێتی ئەورووپایە لەهەمان کاتدا گەیشتۆتە ٦٣،٣ ملیار دۆلار، بەشەکەشی لە کۆی هاوردەکانی تورکیا گەیشتۆتە ٤٨٪.

چ لە بواری هەناردەکانی تورکیا یان هاوردەکانی، ئەوا ئەلمانیا لە نێوان دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا زۆترین بەشی بەردەکەوێ، تورکیا لە ٢٠٠٨ بە بڕی ١٨،٦ ملیار دۆلار کاڵای لە ئەلمانیا هاوردە کردووە، بە بڕی ١٢،٩ ملیار دۆلاریش کاڵای هەناردە کردووە، هەریەک لە ڕوسیا، ئیتالیا، ئەمەریکا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئیسپانیا لە هاوبەشە بازرگانییە گرنگەکانی تورکیا دادەنرێن. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٩٠، یەکێتی دەوڵەتانی دیکە بە دیارکەوتن لە پێش هەمووشیان یەکێتی ڕوسیا و ئۆکرانیا کە بایەخی گرنگیان لە بازرگانی دەرەکی تورکیا هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٨ قەبارەی هەناردەکانی تورکیا بۆ کۆمەڵەی دەوڵەتانی سەربەخۆ ڕێژەی ١٠،٥٪ لە کۆی هەناردەکانی پێکدێنێ، هاوکات قەبارەی هاوردەکانی تورکیا لەو وڵاتانە ٢١٪ لە کۆی هاوردەکانی پێکدێنێت، لەلایەکی دیکەوە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە دەوڵەتانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکوری ئەفریقیا پێگەیەکی گرنگ لە بازرگانی دەرەکی تورکیا پێک دەهێنن، لە ساڵی ٢٠٠٨ دەوڵەتانی ئەندام لە کۆنگرەی ئیسلامی ٢٤،٦٩٪ لە کۆی هەناردە و ١٤،٤٪ لە کۆی هاوردەکانی تورکیا پێکدەهێنن.

### بودجەی دراوەکان (المدفوعات)

بودجەی دراوەکان لە تورکیا پشت ئەستوورە بە تۆماری دراوی سەخت، دۆلاری ئەمریکیش وەکو یەکەیەکی دراوی لە بودجە بە بنەما دەگیرێ، هەروەها بەهای دراوە سەختەکانی دیکەش بۆ دۆلار دەگۆڕدرێن، بەپێی ئەو ڕێ وشوێنانەی دوای ساڵی ١٩٨٤ گیرایە بەر، دەکرێ خشتەی بودجەی تورکیا مانگانە و ساڵانە (هەر سێ مانگ جارێک) و ساڵانە ئامادە بکرێ، بەم شێوەیە تورکیا بووە یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی گرێ بەستی هەیە و مانگانە خشتەی بودجەی دراوەکانی رادەگەیەنێ.

گرنگترین بڕگەی حیسابی بەردەوامی مامەڵەکان لەچوارچێوەی دراوەکانی بازرگانی شتومەکە، بۆیە جموجۆڵی نیگەتیڤی بودجەی بازرگانی دەرەکی بە تێپەڕبوونی کات بەتایبەتیش دوای ساڵی ١٩٨٨ بەهەمان شێوە کاری کردۆتە سەر حیسابی مامەڵە بازرگانییەکان و بڕی لاواز (عجز)یشی زیاد کردووە، سەرەڕای ئەوەی بەشی هەناردە و هاوردە لە چوراچێوەی داهاتی نەتەوەیی زیادی کردووە، بەڵام ئەو زیادبوونە لە مامەڵەی «کۆی بەرهەمی نەتەوەیی» خێراتر بووە، هەروەها دانی سودی قەرزە دەرەکییەکان بڕگەیەکی دیکەی گرنگە کە بەشێوەیەکی خراپ کار دەکاتە سەر حیسابی مامەڵە بازرگانییەکان.

بڕگەی گۆڕینەوەکان (تحویلات) کە لە بودجەی دراوەکان کە ڕێژەیەکی زۆر و زەبەندی تۆمار کردووە، ئاماژەیە بۆ ئەو پێشکەوتنانەی کە لە پاشکەوتی کرێکارەکان و باقی گۆڕینەوەکان بەبێ بەرامبەر بەدیهاتووە، لەبەر ئەوە حەواڵەکان بە دراوی سەخت بۆ زیاتر لە ١،٢ ملیۆن کرێکاری تورکیا لە دەرەوە کە ئەوەش بەشێوەی حەواڵەی ڕەوانەکراو دەگاتە تورکیا بەبێ بەرامبەر بەشێوەیەکی باش کار دەکاتە سەر گۆڕینەوە تایبەتەکان.

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی لیرەی تورکی و زیادبوونی هاوردەکردن، لاوازی (عجز) لە بازرگانی دەرەکی تورکیا بەرزبۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕی ئەو لاوازییە ٦٢،٧ ملیار دۆلار بووە، لە ٢٠٠٨ بۆتە ٦٩،٩ ملیار دۆلار، بە گوێرەی ئەمەش لاوازی لە تەرازووی حیسابی بەردەوام کە لە ساڵی ٢٠٠٧ «٣٨،٢» ملیار دۆلار بووە لە ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتۆتە ٤١،٦ ملیار دۆلار.



# سەربوردەی (خۆشەویستی)یەك لە ئیستانبوڵ

هەواڵنامەی کتێب


کولتووری
ساڵی دووەم ● ژمارە (٨) ● کانوونی یەکەم و شوبات ٢٠١١

خانمە نووسـەری تورک (ئەلیف شافاک) لە شاری ستراسبۆرگ لە دایک بووە، لیسانسی لەبەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی رۆژهەڵاتی ناوین بەدەستهێناوە، هەروەها هەڵگری ماستەرە لە زانستە سیاسییەکان و دکتۆراش لە ئەدەبی ئافرەتان.

شافاک یەکەمین بەرهەمی لەساڵی ١٩٩٤ لە ژێر ناونیشانی (چیرۆکی ئەنادۆڵ لەچاوی تەماعکاران)ەوە بڵاوکردۆتەوە لە ساڵی ١٩٩٨ رۆمانە ناودارەکەی (بینهات) خەڵاتی (مەولانای گەورەی) بەدەست هێناوە، پاشان یەکیەتی نووسەرانی تورک وەک رێزلێنان لە دوو کتێبە ناودارەکەی ئەلیف (ئاوێنەی ئەوشارە) و (قەدەغەکراوەکان) خەڵاتی نووسەرانی تورکی پێبەخشیوە، ئەلیف جگە لە زمانی دایک بە زمانی ئینگلیزیش دەنووسێت، چەند رۆمان و کتێبێکی بەو زمانە داناوە لەوانە رۆمانەکانی (کۆشکی عەنکەبوت) و (جادوگەر) کە دەنگ و سەدایەکی جیهانی گەورەیان دروستکرد، هەروەها هەردوو کتێبی (هەڵکشان و داکشان) و (باوک و لادەرەکە) پڕ فرۆشییەکی فراوانیان بەخۆوە بینی.


جگە لەنووسینی ئەدەبی (ئەلیف) وتاری رۆژنامەوانیش بۆ چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی ناودار دەنووسێت لەوانە رۆژنامەی (زەمان)ی تورکی، هەروەها رۆمانەکانی تا ئێستا بۆ ١٥ زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون.

دوا بەرهەمی (ئەلیف) رۆمانێکە بە نێوی (خۆشەویستی)، (ئەلیف) لەو رۆمانەدا هەوڵیداوە حاڵەتی عیشقی خودایی هەر لە سەردەمی جەلالەدینی رۆمی و شەمسەدین تەبریزی تا رۆژگاری ئێستا بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، رۆمانی (خۆشەویستی) گوزارشتکردنێکی راستەقینەیە لە عیشقی خودایی، مەولانا جەلالەدین رۆمی و سۆفیگەرانی ئەم رۆژگارەی ئیستانبوڵ بەشێکی گرنگ لەو رۆمانە نوێیەی (ئەلیف) داگیر دەکات، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت» جوانترین چیرۆکەکانی خۆشەویستی لە ئیستانبوڵ لەدایک دەبن و دەنووسرێنەوە، هەروەها فرە رەنگی و جەنجاڵی و فرە کەلتووری ئیستانبوڵ حزورێکی بەرچاوی لە رۆمانەکەم هەیە و تەسەوفیش ژێرخانی هونەری رۆمانەکە پێک دێنێت».

لە زۆربەی رۆمانەکانیدا هەوڵیداوە گوزارشت لە کەسایەتی مێینەی ئیستانبوڵ بکات، ئەو سەرباری ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەنکەرا و پایتەخەکانی دیکەی ئەورووپا ژیاوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت «هیچ شارێکی دیکە چێژ ونەکهەی ئیستانبوڵی نییە، «ئەلیف» عاشقێکی سەرسەختی ئیستانبوڵە، بێ ئەو ناتوانێ بژیەت، هەرکات و لە هەر شوێنێک هەست بە دڵتەنگی و ناڕەحەتی بکات یەکراست دەگەڕێتەوە بۆ ئیستانبوڵ تا لەوێدا خەمەکانی بەبادا بدات. «ئەلیف» لە رۆمانی (خۆشەویستی)یدا جەخت لەسەر فرە رەنگی و جیاوازی لەبیرکردنەوەدا دەکات و پێیوایە فرەیی و جیاوازی توخمی سەرەکی داهێنان و جوانین، دەکرێ فرەیی لەهەموو شتێکدا بکرێتە ئەساسێک بۆ بەهێزکردن و توندوتۆڵی کۆمەڵگە، دەوڵەتی عوسمانی لەم رووەوە بە نموونە دێنێتەوە و باس لەوە دەکات گەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەو فرە رەنگییە مەزهەبی و ئیتنی و ژێندەرییەی ئیستیعاب نەکردبوایە هەرگیز نەیدەتوانی ئەو ماوە دوورودرێژە بەردەوام بێ و حوکمڕانی بکات.

هەروەها بەشێوەیەکی شاراوەش رۆشنایی دەخاتە سەر ئەهمییەتی بایەخدان بە ئافرەتان و گەنجان و داواش دەکات رێگەیان لەبەردەمدا خۆش بکرێت تا رۆڵی راستەقینەی خۆیان لە بونیادی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیدا ببینن، بەرگی رۆمانی (خۆشەویستی) بە رەنگێکی وەردەی کاڵ دیزاین کراوە، بە پێچەوانەی پێشبینییەکان (ئەلیف) ئەو رەنگەی دوور لە رەنگی سوور بۆ بەرگی رۆمانەکەی هەڵبژارد، هەروەها نوسخەی ئەسڵی رۆمانەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و دواتر بۆ زمانی تورکی و (١٠) زمانی دیکە وەرگێڕدراوە.

لەو دیمانەیەدا خانمە نووسەری ناوداری تورک «ئەلیف شەفەق» رۆشنایی دەخاتە سەر رۆمانی «خۆشەویستی» و عیشق بۆ شاری ئیستانبوڵ و رۆڵی ژنان لە کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا.




هەواڵنامەی کتێب


❖ **یەکەمین سەردانت بۆ ئیستانبوڵ کەی بوو؟**

– لە بیست ساڵیدابووم کە سەردانم کرد، بەڵام پێشتر هێزێکی هاوشێوەی موگناتیس رووەوە ئیستانبوڵ کێشی دەکردم، زۆر حەزم لە بینینی دەکرد وەک زۆربەی ئەوانەی حەز لە بینینی ئیستانبوڵ دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانن، پێموایە ئەوەی بۆ ئیستانبوڵ رامدەکێشێ عەقڵ نییە بەڵکە غەریزەیەکی ئاژەڵی خنکێندراوە لە ناخمدا، چونکە سەردانی چەندین شارە جوان و بەناوبانگەکانی جیهانم کردووە، هەروەها زۆرجار خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونم گۆڕیوە، بەڵام لە هیچ کامیاندا عەشق و گەرمی ئیستانبوڵم بەدینەکردووە. کە رۆمانی (کۆشکی عەنکەبوت)م نووسی لە یەکێک لە گەڕەکە مێژووییەکانی ئیستانبوڵ نیشتەجێبووم، ئەوە وایلێکردم چەند لاپەڕەیەک بۆ نووسین لەبارەی (زبڵ و خاشاکی) شارەکە تەرخان بکەم، لە راستیدا ئیستانبوڵ شارێکی عەجیب و سەرسوڕهێنەرە، نووسینی سەر دیواری گەڕەکەکانی ئیستانبوڵ لە شێوە و ناوەڕۆکدا لە گەڕەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن، ئیستانبوڵ شارێکی دینامێکی سەرنجراکێشە، سەرباری پیری و مێژووە کۆنەکەی، بەردەوام لە خۆنوێکردنەوەدایە، ئەوەش بۆ من زۆر دەگەیەنێ و لەکەم شاری دیکەی هاوشێوەی ئیستانبوڵدا ئەو خەسڵەتە بەدیدەکرێت.

❖ **کەی و چۆن ئاشنایەتیت لەگەڵ سۆفیگەری پەیدا کرد؟**

– ١٤-١٥ ساڵ پێش ئێستا، ئەوکاتەی قوتابی بووم زانیاری سەرەتاییم لە بارەی سۆفیگەرییەوە وەرگرت، ئەو زانیارییانە لە رێگەی کێتبەوە بوو، چونکە من لە خێزانێکدا پەروەردە بووم زۆر عاشقی کتێب و خوێندنەوە بوو، هەرچەند دەمخوێندەوە خۆشەویستیم بۆ خوێندنەوە زیاتر دەبوو، هەستم دەکرد کەموکوڕیم لەلایەنی مەعریفی و رۆشنبیرییەوە هەیە، هەوڵمدا بەهۆی کتێبەوە خۆم پێبگەیەنم و رۆشنبیریم فراوان بکەم، لە خوێندنەوەدا مەیلی سەرەکیم بە ئاراستەی خۆشەویستی بوو، چونکە هەر خۆشەویستیشە مەودای هەناسەدانمان لەنێو جەنجاڵی ژیان و ناخۆشی و نەهامەتییەکانی بۆ دەستەبەر دەکات، خۆشەویستی جا خۆشەویستی ئاسایی بێ یان سۆفیگەرانە ژیان و مرۆڤەکان جوانتر نیشان دەدات، رایەڵی بەهێزتر لەنێوانمان دروست دەکا و وا دەکات جێگەیەک نەمێنێتەوە بۆ رق و تۆڵەسەندنەوە، مرۆڤایەتی لەرۆژگاری ئێستادا پێویستی بە سیاغەیەکی نوێی پەیوەندییەکان هەیە لەسەر بنەمایەکی توندوتۆڵتر و پیرۆزتر ئەویش بنەما و بەهای خۆشەویستییە؟

❖ **بەڵام سەرباری شۆڕبوونەوەی عەشقی سۆفیگەرانە**




**بۆ نێو ناخمان کەچی هێشتا کێشە و گرفتەکان زۆرن و بەرۆکمان بەرنادەن؟**

– لەم ماوەیەی دوایی ئیستانبوڵ و ئەنکەرا و شارەکانی تر بەشێوەیەکی بەرچاو گەورەبوون، خەڵکی بە جیاوازی باکگراوندی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان لەو شوێنانە کۆبوونەتەوە بەڵام بێ ئەوەی بزانن کەلتووری پێکەوە ژیان چییە و چ کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هەیە، لە ئیستانبوڵدا کۆبوونەوە و جەنجاڵی دانیشتوان بەرچاو دەبیندرێت. ئیستانبوڵ دەمێکە پێشوازی لەکاروانی کۆچبەرانی ناوخۆ و دەرەکی دەکات، بەڵام بێ ئەوەی لە رووی ژێرخان و باڵەخانەی نیشتەجێبووندا ئامادەگی ئەوەی هەبێ، بەڵام لە رووی ئیستیعابی جیاوازی کەلتوورییەوە دەمێکە ئەو ئامادەگییەی تێدا دروست بووە، بە درێژایی مێژوو ئەو شارە شارێکی قەرەباڵغ و فرە کەلتوور بووە، گەریدە و رۆژهەڵاتناسانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم هێمایان بۆ ئەو لایەنە کردووە، هەندێکیان گوتیویانە «سەرەتای هەموو شەقامێکی ئەو شارە لەگەڵ کۆتاییەکەی جیاوازە» بەڕای من ئیستانبوڵ ئێستاش هەروایە، هەر لێرەوەش نهێنی جوانی و بەهێزی ئەو شارە سەرچاوە دەگرێ، دەتوانێ بەردەوام لەخۆ گۆڕین و نوێبوونەوە دابێ، شارێکە لە مقاوەمەت و بەرەنگاربوونەوەدا بێ وێنەیە، بۆیە دەڵێم ئیستانبوڵ شارێکی سیحراوی و کەم وێنەیە، شارێکە سەرباری جیاوازییە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان هەر یەکگرتوو و بەهێزە.

**کات بەسەر بردن لە خۆناسیندا**

❖ **ئایا ئاراستە روویەکی شاراوە لە پشت رووە بەرچاوەکەی ئەلیف شافاکدا هەیە؟**

– زر سەختە بتوانم وەسفی خۆمت بۆ بکەم، مرۆڤ تا زیاتر بژیەت زیاتر لەخۆی و دەوروبەر تێدەگات، تا ئێستا (٩) کتێبم چاپ کردووە گەر لە تەنیشت یەکتریان دابنێیت دەبینی هەریەکەیان لە رووی شێواز و ناوەڕۆک و هەتا دیزاینی هونەرییەوە لە یەکتری جیاوازە، من خۆم دووبارە ناکەمەوە، جیاوازی لە سایکۆ و ناخمدا هەیە، کەسایەتیم پڕیەتی لە جیاوازی، هیچ سات و کاتێک خۆی دووبارە ناکاتەوە، ژیان تێگەیشتن و فێربوونی زیاترمان پێدەدات، من بەردەوام لە گۆڕانکاری دام و ژیانیشم لەسەر گۆڕانکاری وەستاوە، ئەوەش زۆر بە روونی لە چیرۆک و رۆمانەکانمدا رەنگی داوەتەوە، من لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستم بە نووسین کرد، بەڵام ئارەزووی ئەوەم نەبوو ببم بە رۆمان نووس، دواتر زروف و بارودۆخ ژیانی منیان کرد بە چیرۆک نووس، لە تافی منداڵیمدا خاوەن کەسایەتییەکی ئینتیوایی و داخراو بووم، کتێب جوانترین رەنگەکانی ژیانم بوو، من لە باوەش ژنێکی بێوەژندا گەورە بووم، ئاسەواری ئەو ژیانە ئێستاش بەسەر کەسایەتی و سایکۆمەوە هەر دیارە، ئافرەتێکی بێ پیاو چۆن دەتوانێ لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریدا ماڵ و منداڵ بەڕێوە ببات، زۆر کێشە و گرفتمان هاتە پێش، ژیانم زۆر ئیشک و بێ تام بوو، کتێب منی گواستەوە دونیای خەیاڵ، بەرادەیەک هەستم دەکرد خەیاڵ دونیای راستەقینەی منە! لێرەوە پەیوەندی من بە نووسین دەستپێدەکات و حەزی نووسەرێکم لا چەکەرە دەبێ.


❖ **زۆر وڵات گەڕاویت و لە زۆر شار و وڵاتی جیاوازیش ژیاویت، ئەو شێوە ژیانە چ رەنگدانەوەو کاریگەریەکی لەسەر کەسایەتی ئەلیفدا هەیە؟**

– گەشت و سەفەرکردن کاریگەری گەورەی لەسەر روئیا و کەسایەتی مرۆڤ هەیە، سەفەرکردن چانسی چاوکرانەوە و ئاشنایەتی پەیداکردن بە کەلتورە جیاوازەکان بە مرۆڤ دەبەخشێ بەو مەرجەی مرۆڤە کە پێش وەختە بڕیاری خۆی دەربارەی ئەو وڵاتە نەدابێ کە دەیەوێت سەفەری بۆ بکات یان گیرۆدەی نەخۆشی داخران و خۆخواردنەوە نەبووبێ، ئەو تەسەور و روئیایەی تۆ دەربارەی وڵاتێک پێش سەفەرکردن لەمێشکتدا هەیە لەگەڵ کاتی سەردانت بۆ ئەو وڵاتە زۆر جیاوازە، لەهەموو حاڵەتەکاندا حوکمدانی پێش وەخت زۆر خراپە، مرۆڤی رۆژهەڵاتی لەنێو دوو بیرکردنەوەی رەهادا دەژیەت، یەکێکیان بە گەورە و پیرۆز تەماشاکردنی هەر شتێکە لە ئەوروپا و رۆژئاواوە هاتبێ، ئەویدیکەشیان بە پیرۆز زانینی خود و رەتکردنەوەی هەر شتێکە لە رۆژهەڵاتەوە بێ، ئەو یەکلابینینە، یان بڕیاردانە رەهایە، گشتگیرکردنیکی هەڵەیە، چونکە نە رۆژئاوا یەک رەنگە و نە رۆژهەڵاتیش، لە ئەمەریکا تیۆری ژیان و پێکهاتەی خێزان لە ولایەتێک بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، پێکهاتە و پەیوەندی ئەندامانی خێزان لە نەرویژ هاوشێوەی پێکهاتەی خێزانی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا نییە.

**لە رۆمانەکانمدا هەوڵی تێگەیشتن و ناساندنی ژنان دەدەم**

❖ **چۆن کارەکتەری رۆمانەکانت هەڵدەبژێری؟**

– شیکردنەوە و ناساندنی کارەکتەری ژنان تەوەری سەرەکی رۆمانەکانم بوو، لەسەرەتادا هەوڵم دەدا لە ئافرەت تێبگەم و بە سروشتی پێکهاتەی دەروونی ئاشنا ببم، واتە بایەخی سەرەکیم خۆی لە ناساندنی کارەکتەری ژنان دەبنیەوە، هیچ کات بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو لە رۆمان و چیرۆکەکانمدا تیشک بخەمە سەر بیرکردنەوە و خۆزگەکانی منداڵێک یان گەنجێک، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی توانیم بەش زۆری روئیا و بیروڕاکانم لەبارەی ژنان بخەمەڕوو هەوڵدەدەم لەبارەی



سایکۆی پیاوانی کۆمەڵگەکەم بنووسم، سەرجەم ئەو کارەکتەرانەی دەرباریان دەنووسم خۆشم دەوێن، نووسەر دەتوانێ بە دوو شێواز بنووسێ، یەکەمیان بە رق و کینە و توندوتیژی، زۆرن ئەوانەی بەو شێوەیە دەنووسن، شێوازی دووەمیش خۆشەویستی بکەی و بە عیشقەوە بنووسی، بۆ ئەوە بنووسی کە نەتتوانیوە وەک پێویست گوزارشت لە خۆشەویستی بکەی، من رێگەی دووەمم هەڵبژارد چونکە مومارەسەی خۆشەویستی و عاشق بوون دەکەم، من هیچ کات لە نووسینەکانمدا دادگایی کارەکتەرەکانم ناکەم، بەڵکو تەعامول لەگەڵ سایکۆ و تارمایی کەسایەتییان دەگەم و ئەوانیش لەگەڵ پێنووسەکەم بەشداری پرۆسەی نووسین دەکەن، نووسینێک سەرەتاکەی دیارەو کۆتاییەکەشی نادیار، لە رۆمانی (کۆشکی عەنکەبوت) دروست ئەو حاڵەتە دەبینی، خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە نووسینەکانم پڕن لە کارەکتەر، هەندێکیان لەسەرەتادا رۆشناییان لەسەرە، بەڵام دوای ماوەیەک بزر دەبن، دواتر بەدیار دەکەونەوە، جاری وا هەیە بڕیار دەدەم کارەکتەرێکی دیاریکراو بکەمە پاڵەوانی رۆمانەکە بەڵام کاتێک دەزانم ئەو لەنێو کارەکتەرەکانی دیکەدا خۆی بزر کردووە، من رێگە بە خامەکەم دەدەم بە سروشتی خۆی بێ لە قاڵبدان رێچکە و چوارچێوەی رۆمانەکە دیار بکات، دەرەنجام تێکستێکی نزیک لە دڵ و دەروون لە دایک دەبێ.

هەر سەبارەت بە کارەکتەری ئافرەتان من هەردەم کارەکتەری ناواز هەڵدەبژێرم. بۆ نموونە لە رۆمانێکدا باس لە حاڵەتی خۆشەویستی نێوان پیاوێکی قەزەم و ژنێکی قەڵەو دەکەم، دوور لە هەیئەی ئەو دوو کارەکتەرە ئەوانیش هاوشێوەی ئێمە هەست و سۆزیان هەیە و خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ دەکەن، ئێمە لە هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان ئەوەندەی بایەخ بە رووی دەرەوە دەدەین و دەیکەینە پێوەری بڕیاردان،نیو ئەوەندە حیساب بۆ ناوەڕۆک ناکەین، ئەوەی گەرەکمە بیڵێم ئەوەیە گرنگ نییە تۆ باسی سەربوردەی خۆشەویستی ئافرەتێک لە بۆستن یان بەرلین یان ئیستانبوڵ بکەی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەستێکی تایبەت لای خوێنەر دەربارەی ئەو سەربوردەیە دروست بکەی.

❖ **رۆمانەکانت تا چەند گوزارشت لە کەسایەتی خۆت دەکەن، بە واتایەکی دیکە «ئەلیف شافاک» کەسایەتی خۆی تێکەڵ بە کارەکتەری رۆمانەکانی کردووە؟**

– نووسەر و کتێب دوو شتی جیاوازن، مەرج نییە هەموو ئەوەی چیرۆکنووس یان نووسەر دەیخاتە روو گوزارشت لە ناخی خۆی بکات، لە تورکیا زۆر ئاساییە گۆرانیبێژ باس لە ئەلبومە نوێیەکەی بکات،

هەواڵنامەی کتێب

یان دەرهێنەرێکی سینەمایی باس لە تەکنیکی بەرهەم هێنانی فیلمەکەی بکات و بەهۆیەوە داهاتێکی دارایی زەبەلاح کۆبکاتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو کەلتوورە نەبۆتە باو نووسەریش هاوشێوەی سینەماکار و گۆرانیبێژان داهاتی دارایی لە رێگەی بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی قازانج بکات، دەستکەوتی دارایی وا لە نووسەر دەکات بەردەوام بێ لە داهێنان و خۆی بە تەواوەتی بۆ نووسین تەرخان بکات، بەداخەوە ئەمڕۆ نووسەرێکی زۆر دەبینین لەدامودەزگاکانی دەوڵەت دوور لە پیشەی راستەقینەی خۆیان لە پێناو چەند لیرەیەکی مانگانە کار دەکەن، ئەو شێوە کارکردنە رێگە لە پیشە سەرەکییەکەی خۆیان کە نووسینە دەگرێت، لە بەرهەمی داهێنەرانە دووریان دەکاتەوە، پێویستە رێز لە قەڵەم، لە داهێنان، لە نووسین لە نووسەر، لە چیرۆک و تێکستە ئەدەبییەکان بگیرێت، دەشێ یارمەتی و کەش و هەوای داهێنانیان بۆ بڕەخسێنرێت، هیوادارم لەمەودوا نووسەرانیش هاوشێوەی گۆرانیبێژان و سینەماکاران لایان ئاسایی بێ، رێکلام بۆ کتێب و رۆمان و چیرۆکەکانیان بکەن، لە رێگەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە تەشویق و بازاڕفرۆشی بۆ بەرهەمەکانیان بکەن، دەوڵەت و نێوەندە رووناکبیرییەکان بەرهەمی نووسەران بە چاپ بگەیەنن.

**خۆشەویستی و رەنگی گوڵ**

❖ **ئەو هۆکارانە چین کەوایان کرد ئەلیف لەبری رەنگی سوور رەنگی وەردی بۆ بەرگی رۆمانی (خۆشەویستی) دەستنیشان بکات؟**

– لە راستیدا لە کاتی چاپکردنی ئەم رۆمانەدا لەگەڵ دوو کەسایەتی جیاواز مامەڵەم کردووە، یەکێکیان لە خانەی دۆغان بوو بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئەویدیکەشیان کەسێکی خۆبەخش بوو کەهاوبیر و رابوو لەگەڵ بیرکردنەوەکانم، هەروەها خانمە وێنەگری بە تواناش (ئەپرۆ گوڵ) ئەو پارچە گەڵایەی سەر بەرگەکەی هەڵبژارد کە هێما و دەلالەتە بۆ خۆشەویستی، من حەزم لە رەنگی وەردی نەدەکرد، بەڵام هەندێ رووداو و کەس و بارودۆخ دێنە پێش حەز و ئارەزوو و بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ دەگۆڕن، ئەمجارەیان بڕیارمدا رۆتین و قالبی کۆن بشکێنم و بەرگی رۆمانەکەم دوور لە رەنگی تۆخ و تاریک، بە رەنگی گوڵ بۆیە بکەم.







# چی بەسەر AKP دا هاتووە؟



موستەفا ئاکیۆل

لەو چەند هەفتەی ڕابردوودا پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار (AKP)، بە تایبەتیش سەرۆک وەزیران ئەردۆغان دژایەتی زۆربەی ڕۆشنبیرە لیبراڵەکانیان کردووە ئەوانەی بەردەوام پاڵپشتی ئەو پارتە بوون.

ئەمەش لە ڕێگەی چەندین بەیاننامەی یەک لە دوای یەک ڕوویدا. ئەردۆغان سەرەتا وتارێکی دا و جەختی لەسەر «یەکپارچەیی» دەوڵەتی تورکیا کردەوە و ئەو داواکاریانەی بۆ لامەرکەزیەتی سیاسی و ئازادی زیاتر بۆ زمانی کوردی کراون پشتگوێ خست. دواتر هێرشی کردە سەر پەیکەرەکەی پارێزگای کارس- مۆنومێنتی مرۆڤایەتی — و داوای لابردنی کرد. پارتەکەی ئەردۆغان پرۆژە یاسایەکی تێکەڵیشی لەسەر ماددەی کحول بڵاوکردەوە و، ئەردۆغانیش کاتێک دەیویست بڵێت پارتەکەی ڕێز لە گشت شێوازێکی ژیان دەگرێت، بە شێوەیەک باسی ئەو کەسانەی کرد کە خواردنەوەی کحول دەخۆنەوە کە لەلای زۆرێک بریندارکەر بوو. هەروەها ئەردۆغان داوای یاسایی لەسەر ئەحمەد ئەڵتان سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەرەف دەرکرد بەهۆی ئەوەی لە ستوونێکیدا «هێرشی کردووەتە» سەری، هەرچەندە ناوبراو پشتگیریی زۆربەی سیاسەتەکانی AKP ی کردووە.

### نائومێدیەکان

لە هەمان کاتیشدا فاروق چەلیک کە وەزیرێکی سەر بە AKPیە، تێبینیەکی تەواو نالیبراڵی لەسەر پرسی عەلەویەکانی ئەو وڵاتە دا. چەلیک گوتی بەخشینی ناوی «شوێنی پەرستش» بە جەمەڤی (شوێنی کۆبوونەوەی عەلەویەکان) دژی «یاساکانی شۆڕش»ە، ئەو یاسایانەی لەلایەن ئەتاتورکەوە سەپێندراوە. ئەمەش گوتنی شتێکی سەرسووڕهێنەر بوو بۆ وەزیرێکی AKP.

بەمانایەکی تر، لە ئێستادا AKP کەمتر وەک ریفۆرمخوازێک دەبینرێت بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو و زۆر کەمتر لێبووردەترە.

هەرچەندە ئەمە شتێکی نائومێدکەرانەیە، بەڵام تۆزێکیش لەجێی خۆیەتی. ئەو پارتە بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەبێت دەسەڵاتی بە دەستەوەیە و مەسەلەکە تەنها ئەوەیە کە لە بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە بار گرانە ماندوو بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە زۆر پێدەچێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، هەست بە پێویستیی پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی خۆی ناکات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەمە تاکە ڕوونکردنەوە نییە بۆ ئەو شێوازە کارکردنەی ئەو دواییەی AKP. لە جیاتی ئەوەی زۆرێک پێیان وایە AKP بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو زۆر ئاسوودەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە هەندێ لە چاودێران بڕوایان وایە AKP زۆر بە جددی کار لەسەر زیادکردنی ڕێژەی دەنگەکانی دەکات. لەمەش زیاتر ئەو پاشەکشێیانەی ئەو دواییەی AKP لە بیر و بۆچوونە لیبراڵیەکانی خۆی پلانێکە بۆ بەهێزکردنی پاڵپشتیی کۆنسەرڤەتیڤەکان بۆ پارتەکە.

ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت، لەبەرئەوەی زۆربەی ڕیفۆرمە لیبراڵیەکانی AKP لەناو کۆمەڵگەی تورکیادا بێ کڕیار مایەوە. پرۆژەی «کرانەوە بە ڕووی کورددا» بە دڵنیاییەوە پێشوازیەکی گەرمی لەلایەن کوردەکانەوە لێکرا، بەڵام زۆرینەی تورکەکان پێوەی سەغڵەت بوون، لەکاتێکدا ئەوانیش زۆرینەی کۆمەڵگاکە پێکدەهێنن. هەوڵەکانی باشترکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەرمەنیا لەلایەن لیبراڵەکان و ڕۆژئاواییەکانەوە بەرز نرخێندرا، بەڵام ڕای گشتی رەتیکردەوە و پێیان وابوو دەبێت سەرەتا ئەرمەنیا کاری تیرۆریستە ئازەربایجانیەکان تەواو بکات. هەروەها «کرانەوە بە ڕووی ئەلەویەکان» یش هیچ سوودێکی سیاسیی بە AKP نەگەیاند، بەڵکو هەر بە پاڵپشتی بۆ CHP مانەوە، لەکاتێکیشدا زۆرینەی سوونەکان ئەگەر پێوەی سەغڵەت نەبووبن حەزیان لێنەبووە.

لەبەرئەوە هەندێ پێیان وایە AKP لە ئێستادا بە ئاراستەی مەبەستەکانی بنکە کۆنسەرڤاتیڤەکەی خۆی کار دەکات. تیۆریەکەش ئەوەیە ئەردۆغان دەیەوێت دەنگی نەتەوەپەرستەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت، بەمەش بنکەی جەماوەریی پارتی بزوتنەوەی نەژادپەرست (MHP) لاواز دەکات. ئەگەر ئەمەش بەڕاستی ڕوویدات، MHP ناتوانێت لەو سەدا ١٠ ی هەڵبژاردنە نیشتمانیەکان تێپەڕبکات و ناچێتە ناو پەرلەمانەوە. بەمەش سەرکەوتنی AKP لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێت مەزنترین سەرکەوتن.

### ستراتیژیی هەڵبژاردن؟

لەڕاستیدا هەندێ لە چاودێرانی سەر بە AKP زۆر بە شەفافی دەربارەی ئەو ستراتیژیە دەنووسن و بەرگری لێ دەکەن بەوەی ئەو ستراتیژیە نە تەنها هەر یارمەتی خودی پارتەکە دەدات بەڵکو لە بەرژەوەندی وڵاتیش دایە. ئەوان دەڵێن ئەرکی داهاتووی AKP بریتیە لە نووسینی ڕەشنووسی دەستوورێکی نوێ کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بەرنامەکانی ئەوروپا بۆ پرسی لیبراڵ دیموکراسی. دەشڵێن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، AKP پێویستیی بە سەرکەوتنێکی مەزن هەیە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیراندا. ئەو چاودێرانە دەڵێن پێویستە لیبراڵەکان لەگەڵ ئەو شێوازە کارکردنەی ئێستای AKP بە ئارام بن، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە هێزێکی زیاتر بە پارتەکە دەبەخشێت بۆ ئەوەی لە بڕیارداندا بەرەو پێشبچێت.

من لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا نیم.

www.mustafaakyol.com

هەواڵنامەی کتێب



# کریستاڵی سپی...
## مێرگی سپی لەتورکیا چاوەڕوانی عاشقانی زستان دەکات



کولتووری
ساڵی دووەم ● ژمارە (٨) ● کانوونی یەکەم و شوبات ٢٠١١

## کەرتی گەشتیاری زستانەی تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو لەپێشڤەچووندایە، راستە لەئاستی شانشینی یەکگرتووی سویسرا و بەریتانیا نییە، بەڵام گۆڕانی بەرچاویش لەو کەرتەدا پێشبینی دەکرێت

لەوانەیە تورکیا تاکە قیبلە و هەواری عاشقانی بەفر و چیا نەبێ، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانیش نییە کە ساڵانە گەشتیارێکی زۆر لە زستاندا رووی تێبکەن و ژمارەیەکی بەرچاویش لە هەوارگە و شوێنی حەوانەوەی زستانەی هەبێ.

هەنووکە کەرتی گەشتیاری زستانەی تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو لەپێشڤەچووندایە، راستە لەئاستی شانشینی یەکگرتووی سویسرا و بەریتانیا نییە، بەڵام گۆڕانی بەرچاویش لەو کەرتەدا پێشبینی دەکرێت.

مێژووی یەکەمین خلیسکانێی سەر بەفر لەتورکیا بۆ ساڵی ١٩١٤ دەگەڕێتەوە کاتێک چەند ئاشقێکی ئەو جۆرە یارییە لەدەروبەری شاری ئەرزەرۆم ئەنجامیاندا، ئەرزەرۆم مێژوویەکی کۆنی لەگەڵ ئەو شێوە یارییە زستانەیە هەیە و لەزستانی ئەمساڵدا رێکخستنی یاری ئۆلۆمپیادی زستانەی قوتابیانی زانکۆکانی جیهانی میوانداری دەکات، لەساڵی ١٩٣٣ یەکەمین یانەی تایبەت بە خلیسکانێ یان خشینی سەر بەفر لەئەرزەرۆم دامەزراو پاشان بۆ شارەکانی بۆرسا و ئەنقەرە گواسترایەوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٣٩ یەکێک لە رێکخراوە جیهانییەک پێشەنگەکانی تایبەت بە هەڵکشان بەسەرچیاو یاری زستانەی لێدامەزرا. ئەمڕۆ لە تورکیا ژمارەیەکی دیار لەناوچەی گەشتیاری زستانە و یارییە زستانییەکان دەبیندرێت کە بینیمان زۆر بە ئاسانی لەرێگەی وشکانییەوە یان هێڵی ئاسمانی تورکیەوە گەشتیار بە ئاسانی دەیانگاتێ، کە ئەوانیش بریتین لە:

### ئۆلوداغ -بۆرسە

ئەو سەنتەرە خشۆکەی سەر بەفر ٣٦ کم لەشاری بۆرسە دوورە، بەهۆی رێگەیەکی قیرتاو کراوەوە بە شاری بۆرسە بەستراوەتەوە، ئۆلوداغ دەوڵمەندە بە شایی و هوتێلی گەشتیاری، نزیکەی ١٨٠٠ — ١٩٠٠ م لە ئاستی زەوییەوە بەرزە، قادرەمە کارەباییەکانی رۆڵێکی بەرچاو لە بەرزکردنەوەی گەشتیارەکان بۆ سەر چیاکە دەبینین.

وەرزی گەشتیاری لە ئۆلوداغ لەناوەڕاستی مانگی دوانزدەوە دەستپێدەکات و لەمانگی نیسان کۆتایی دێت، هوتێل و میوانخانەکانی ئۆلوداغ توانای لەخۆگرتنی ٤٠٠٠ گەشتیاری هەیە.

### ساکلی کنت- ئەنتالیا

دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای شاری ئەنتالیا بە دووری ٥٠ کم و بەرزایی ٢٠٠٠م، لە ساکلی کنتدا جێگەی حەوانەوەی گەشتیاران لەشێوەی خانووی تایبەتدا دروستکراوە و دوکان و مۆڵ و ریستۆرانتی خزمەتگوزاری پێشکەش بە گەشتیاران دەکەن.

باشترین کاتی گەشتکردنیش بۆ ئەو ناوچەیە دەکەوێتە نێوان مانگی کانوونی دووەم و مانگی نیسان، ئەوەی ناوچەکەش لە دیدی گەشتیارانەوە باڵکێشی کردووە بوونی دوو خاسیەتی گەشتیاری زستانیە، یەکەمیان خلیسکانێی سەر بەفرە لەکاتی بەیانیاندا و مەلەکردنە کە ئاوە گەرمەکەی دەریای ناوەڕاستدا لەدوای نیوەڕۆیاندا.

### ئەنقەرە- ئەلماداج

هەوارگەیەکی خۆش و باڵکێشە دەکەوێتە نزیک ئەنقەرە، بەدووری ٢٣ کم، نزیکترین هەواری زستانەیە بۆ دانیشتوانی پایتەخت، گەشتیارانی دەتوانن دوور لە ژاوەژاو و پیسی ژینگەی ئەنقەرە چەند کاتێکی خۆش لەوێدا بگوزەرێنن، لە ئەنقەرە- ئەکادجدا ریستۆرانتی جوان و قەشەنگ و ریستۆرانتی خواردنی خێرا و یانەی شەوانە بەرچاو دەکەوێت. وەرزی گەشتیاری لەوێدا لە کانوونی دووەم بۆ مانگی ئازار درێژ دەبێتەوە لەو وەرزەدا شوێنێکی تایبەتی خشینی سەر بەفر بە درێژی ٩٠٠ م ئامادەکراوە، هاوکات میوانخانە و هۆتێلی گونجاویش تەرخان کراوە.

### چیای ئەلغاز

چیای ئەلغاز دەکەوێتە نێوان شارەکانی کاستموند و جانکیری روونتر بڵێین لە چوارێانی بەیەکگەیشتنی رێگەکانی ئیستانبوڵ- کاستموند و ئەنقەرە- کاستمۆند، چیای ئەلفاز بەوە ناودارە کە سەرتاپای بەدار و دەوەنی سەوز داپۆشراوە، گەشتیاران دەتوانن لە لوتکەی چیاکەوە کە ١٨٣٠-٢٠٠٠م بەرزە بەخشین لەسەر بەفر بۆ پێدەشتی چیاکە شۆڕ ببنەوە.

### قارتالقیا- پۆلۆ

ناوچەی گەشتیاری زستانەی قارتالقیا کە بە داری سنەوبەر داپۆشراوە دەکەوێتە سەر جووت سایدی قیرِی نێوان ئەنقەرە- ئیستانبوڵ بەدووری ٥٠ کم لەشاری پۆلۆ، شوێنی ئامادەکراو بۆ یارییە بەفرییەکان نزیکەی ٢٢٠٠ م لەئاستی رووی دەریاوە بەرزە، لەوێدا وێڕای خزمەتگوزاری ریستۆرانت و هوتێل، راهێنەری تایبەت بە یارییە بەفرییەکان خزمەت پێشکەش بە گەشتیاران دەکەن.

### پالاندۆکان- ئەرزەرۆم

نزیکەی ٣١٠٠م لەئاستی رووی دەریاوە بەرزە، تەنها ٦ کم لەشاری ئەرزەرۆم دوورە، رێگە پێچاوپێچە بەفرییەکەی سیحر و سەرکێشییەکی ناوازە بە ئاشقانی خشینی سەر بەفر دەبەخشێ و وایکردووە ببێتە گونجاوترین ناوچەی ئەو یارییە لە تورکیا، هەروەها یانەکانی خولی تایبەت بە فێربوونی یاری خشخشۆکەی سەر بەفر دەکەنەوە، پێشتر توانایەکی دیاریکراوی حەوانەوەی گەشتیارانی هەبوو کە لە ١٤٠ گەشتیار تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام ئێستا چەندین هوتێلی پێنج ئەستێرەی لێکراوەتەوە، ئەمەش وایلێکردووە توانای حەوانەوەی ٨٠٠ گەشتیاری هەبێ.

### ساریقامیش —قارس

دەکەوێتە نزیک شاری قارس بە بەرزی ٢٢٥٠ م، باشترین کاتی گەشتکردن لە نێوان مانگی کانوونی یەکەم و نیساندایە، گەشتیاران بەهۆی نزیکی ئەو هەوارگەیە لە قارسەوە بۆ حەوانەوە سوود لەهوتێلەکانی دەبینن، هەروەها ساریقامیش بە راوکردن و مەلەوانیش بەناوبانگە.

### ئەرگیس- قەیسەری

نزیکەی ٢٥ کم لە شاری قەیسەری دوورە، دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی چیای ئەرگیس داغی، وەرزی گەشتیاری لەو ناوچەیە لە مانگی تشرینی دووەم بۆ نیسان درێژ دەبێتەوە، ئەرگیس جگە لەدابینکردنی شوێنی حەوانەوە، خولی فێربوونی خشینی سەر بەفریش دەکاتەوە، هاوکات بە یاری هەڵشاخان بەسەرچیاشدا بەناوبانگە.

### چیای ئارارات و لەنگەر گرتنی کەشتی نوح

چیای ئەرارات دەکەوێتە گەورەترین و بەرزترین چیاکانی تورکیا لەدووری ١٦ کم لەسنووری ئەرمینیا. دەگێڕنەوە دەڵێن لە کەناری ئەم چیایە کەشتی نوح لەنگەری گرت پاش لافاوە گەورەکە. تاکو ئێستاش دانیشتوانی ناوچەی ئەرارات جۆرە شیرینییەک بەناوی ئاشوورە دروستدەکەن وەک یادگارییەک کەیخێزانی نوح یەکەم کەس بوو لەپاش ماوەی خواردنی سەر کەشتییەکە دروستی کردووە. چیاکانی بە درێژایی و بەرزی ٥١٣٧ م پڕە لەبەفر. بەڵام سەرکەوتنی قەدەخەیە تەنیا بەمۆڵەتی تایبەت نەبێت.

## وەرزی گەشتیاری لە ئۆلوداغ لەناوەڕاستی مانگی دوانزدەوە دەستپێدەکات و لەمانگی نیسان کۆتایی دێت، هوتێل و میوانخانەکانی ئۆلوداغ توانای لەخۆگرتنی ٤٠٠٠ گەشتیاری هەیە






# ئەدەرنە.. شاری رووبار و پرد و کانیاو و گەرماوەکان



هەواڵنامەی کتێب

ئەدەرنە شاری رووبار و پرد و کانیاو و گەرماوە، یەک لە شارە گەشتیارییە هەرە جوان و دڵرفێنەکانی تورکیایە، شارێکە تورکەکان بە سیحراوی وەسفی دەکەن لەتورکیا دەڵێن مرۆڤی نەخۆش تەنها بە بیستنی هاژەی رووبارەکانی ئەدەرنە چارەسەر دەبێ. لەوێدا شارەداران لە رێگەی سیستمێکی ئاودێری سەردەمیانە هەوڵیانداوە تەنها دڵۆپێکیش لە ئاوە سازگارەکەی بە فیرۆ نەچێ و لە عەمباری تایبەتدا کۆی بکەنەوە و سوودی لێوەربگرن.

## گەشتێکی تایبەت و ناوازە

گونجاوترین کات بۆ چوونە ناو شاری ئەدەرنە لە کۆتایی رۆژدایە واتە پێش رۆژئاوابوونە، یان پێش رۆژهەڵاتن، لەوکاتانەدا شارەکە هێمنتر و جوانتر دەبیندرێت، هەر گەشتیارێک دەگاتە ئەدەرنە پێویستە سەردانی مزگەوتی (سەلیمییە) بکات، ئەو مزگەوتەی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی بیناسازی مزگەوت دروستکردندا و لەسەردەمی عوسمانییەکاندا (شادروان) شوێنی دەستنوێژ شووشتنی بەشێوەیەکی تایبەت لێدروستکرا و دواتر بووە دابێکی چەسپاو لە بونیادنانی مزگەوتدا.

## شاری خۆشەویستی و جوانی

هەر مرۆڤێکی جوانپەرست سەردانی ئەدەرنە بکا، دەکەوێتە داوی خۆشەویستی شارەکە کە خورەی ئاوی رووبارەکانی و سازگاری ئاوی کانیاوەکانی و سەمفۆنیای دەنگی تەیر و باڵندەکانی مرۆڤ مەدهۆش و سەرسام دەکەن.

یەک لە شوێنە خۆش و ناودارەکانی شارەکە باخچە (پارک)ی ئەدەرنەیە کە هەندێک بە نەخۆشخانەی دەروون ناوی دەبەن چونکە لەوێدا مرۆڤ لەگەڵ ژوانێکی چاوەڕواننەکراودایە لەگەڵ دەنگ و جریوەی باڵندەکان کە خۆشی و دڵکرانەوەیەکی سەیر بە دەروون دەبەخشن. ئەدەرنە هەر لە کۆنەوە جێگەی سەرسامی خەڵکی بیانی و گەشتیاران بووە، ئەوەتا چەند سەدەیەک پێش ئێستا (لیدی مونتاگۆ)ی خێزانی باڵیۆزی ئەوکاتەی ئینگلتەرا لەنامەیەکدا دەنووسێت: «لەکاتێکدا کە ئەو نامەیە دەنووسم بە تەنیشت خانووەکەمدا رووبارێکی بەخوڕ تێپەڕ دەبێ و هاژەیەکی سەیر بە گوێچکەمدا دەدات، دەوروبەرم پڕیەتی لە دارسنەوبەری چڕوپڕ و گوڵی رەنگاورەنگی بۆنخۆش، دەنگی بولبول و کۆتر و باڵندە کێوییەکان ئەتمۆسفیرێکی شارەکەیان هارمۆنی و مۆسیقی



تر کردووە، مرۆڤ لە شوێنی ئاوادا مەیلی بۆ نووسین دەچێ و ئیشتیهای شعر نووسینی دەکرێتەوە، لە ژیانمدا هاوینێکی وا جوان و ئارام و خاوێنم نەبنیوە».

## شاری پارک و گوڵ و گوڵزار

«لیندای مۆنتاگۆ» لە نامەکانیدا درێژە بە وەسف کردنی جوانی ئەدەرنە دەدات و دەڵێت: «ئەدەرنە بریتییە لە پارکێکی گەورەی گوڵ و گوڵزار کە لەمبەر و ئەوبەری رووبارەکەدا دابەش بووە، خانوو و مەنزڵگای زۆرینەی ئەشراف و ئەعیانی شارەکە دەکەوێتە سەر رووبارەکە، ئەوان لەنێو خانووەکانیاندا لە بەهارێکی هەمیشە زیندوودان، ئەشرافی شارەکە بەوە ناسراون کە هەریەکەیان چەند خزمەتکارێکی هەیە و کاروباری رۆژانەیان بۆ رادەپەڕێنن».

ئەتمۆسفێر و هەوای شارەکە کاریگەری لەسەر پێکهاتەی سایکۆلۆژی دانیشتوانەکەی هەیە، لەوێدا هەست دەکەی خەڵکی نەرم و دڵناسکترن لەمامەڵەکردندا، خاوێنی ئاو و هەواکەی و سازگاری ئاوەکەی و زۆری دار و گوڵزارەکانی وایکردووە شوێنێکی گونجاوی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان بێ، هەربۆیە سوڵتان بایەزیدی دووەم لەساڵی ١٤٨٨ ز. بڕیاری دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی دەروونی هاوچەرخ لە ئەدەرنە دەدات تا ئەوانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە لەشارەکە و دەوروبەری و سەرجەم ناوچەکانی دیکەی تورکیا لەوێدا کۆبکرێنەوە و چارەسەری وەربگرن، لەراستیدا ئەو نەخۆشخانەیە، رۆڵێکی چارەسەری و ئەکادیمی گرنگی لەبواری نەخۆشییە دەروونییەکان بینی بەتایبەت کە دواتر فراوانکراو و سەنتەرێکی توێژینەوەی دەروونیشی لێدروستکرا، لەو نەخۆشخانەیەدا بەشێوازێکی سەردەمیانە هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان دراوە، هەر نەخۆشە و لە ژوورێکی تایبەتدایە، سەقفی ژوورەکانیش لەشێوەی گومەت دروستکراون و لەرێگەی پەنجەرەیەکی گەورەشەوە تیشکی خۆر و رووناکی بۆ ژوورەکە دەگوازرێندرێتەوە، هەروەها لەهەموو ژوورێکیشدا نافورەیەکی بچووک ئیش دەکات، سەبارەت بەشێوازی چارەسەرکردنیش، ئەوا شێوازی نامەئەلوفی دوور لەدەرمان پێدان پەیڕەودەکرێ، کە خۆی لەگوێگرتن لەمۆسیقا و هاژەی رووبار و خواردنەوەی ئاوی گوڵ و هەڵمژینی بۆنی گوڵ و گوڵزار دەبینێتەوە لەگەڵ پەیڕەوکردنی شێوازی پزیشکی رۆحی و یۆگا.



### لەهاوین و زستاندا

هەر پەیوەست بەچارەسەرکردنی نەخۆشەکان، بەسەردوو بەشدا دابەش دەکرێن، بەشێکیان وا دەخوازێ لە وەرزی زستاندا چارەسەر بکرێن بەشێکی دیکەشیان لەهاوین و بەهاردا. ئەوانەی وەرزی زستان لە ژوورێکی گەرمکراو بە سۆبەی دار دادەنرێت، جێگەی نووستنی گەرم و نەرمیان بۆ ئامادە دەکرێ، ئینجا رۆژانە مۆسیقای سۆفت و سرودی ئاینیان بۆ لێدەدرێت.

سەبارەت بە ئەوانەی کە پێویست دەکات لە بەهار و هاویندا چارەسەر بکرێن بەتایبەت ئەوانەی بەهاران کە نەخۆشیيە دەروونییەکان لەو وەرزەدا دەگاتە لوتکە، بە گەشتکردنی بۆ قوڵایی دەریا چارەسەر دەکرێن، گەشتکردن بۆ دەریا و شێراوی دەریاکان لە ئەدەرنەدا زۆر باوە، گەشتیارێکی زۆر لەکاتی سەردانیان بۆ شارەکە ئەو هەستە تاقی دەکەنەوە. هەندێک نەخۆشیش بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشییەکانیان زۆر توند نییە بەهۆی گوێگرتن لەهاژەی ئاوی رووبار یان دەنگ و بولبول و کۆترەکان چارەسەری وەردەگرن.

### مزگەوتی سەلیمییە

شاکارێکی هەرە دیار و بەرچاوی ئەدەرنە مزگەوتی سەلیمییەیە، کە تەلارسازی ناودار (سنان) بونیادیناوە. سنان رووی دەرەوەی مزگەوتەکەی بە شێوازێکی میعماری سەیر و دەگمەن رازاندۆتەوە، وتارێکی لەسەر بەرد نووسیوە و رووی لە ئاسمان کردووە، سەبارەت بە زەخرەفەی ناوەوەی مزگەوتی سەلیمیەش ئەوا





هەولێرنامەی کتێب





بە تابلۆ و دەست و خەتی خۆشنووسی بەناوبانگ (حەسەن چەلەبی) رازاندراوەتەوە، تابلۆکانی (چەلەبی) لەمزگەوتی سەلیمییەدا گوزارشتی راستەقینەن لەئێست او رابردوودا، جوانی و تایبەتمەندیان بە دیکۆری ناوەوەی مزگەوتەکە داوە.

منارەی مزگەوتی سەلیمیە شورفەکانی لەسەر شێوەی ژمارەی (١٢) چەقێندراوە کە گوزارشت لە ریزبەندی دامەزرێنەری مزگەوتەکە سوڵتان (سەلیم بایەزید) لە سولالەی سوڵتانەکانی عوسمانی دەکات، هەروەها بۆ هەر منارەیەکیش پەیژەی تایبەت دروستکراوە کە دەتواندرێت بەهۆیانەوە لەبەرزییەوە لە شورفەی منارەکان جوانی شارەکە ببیندرێ. لە دروستکردنی مزگەوتی سەلیمییەدا توانای هونەری بەرزی تەلارسازی عوسمانییەکان بەرجەستە دەبێ، عوسمانییەکان لە بونیادنانی ئەو مزگەوتانەدا سوودیان لە کەرەستەی بیناسازی قوبرس و یۆنانییەکان وەرگرتووە. بۆ نموونە، ئەو پێنج نیگارەی کە هۆڵی گەورەی مزگەوتی سەلیمییەیان هەڵگرتووە، لە ئەسیناوە هێندراون، هەروەها جگە لە چەندین نافوورەی بچووک، نافورەیەکی گەورەش ناوەراستی گۆرەپانی مزگەوتەکەی رازاندۆتەوە. بەکورتی ئەمڕۆ ئەدەرنە شارێکی گەشتیاری جوان و ناوازەیە، سەوزایی و گوڵ و گوڵزار و دەنگی بولبول و کۆتر و هاژەی رووبارەکانی کەش و ئەتمۆسفێرێکیان دروستکردوە، کە دووبارەبوونەوە و هەستپێکردنی زەحمەتە لەشوێنێکی دیکەدا.

RahalTurkiya

# جلوبەرگی ئیسلامی ڕووخساری تورکیا دەگۆڕێ



**تورکیاناسی- ئاژانسەکان:** بەر لە ٢٠ ساڵ ئەو ڕووخسارە جوانەی ژنانی پەیوەست بەئایین لەتورکیا هەبوونی نەبوو، بەڵام ئەوڕۆکە لەبەرزترین ئاست سەرپۆشی لایەنگری خۆی هەیە، باشترین نموونەش هاوسەری عەبدوڵلا گویلی سەرۆکی کۆمار و خاتوو ئامینەی هاوسەری ئەردۆگانی سەرۆک وەزیران.

هێشتا پرسی سەرپۆش لەتورکیا بەهەموو وردەکاریەکانەوە مشتومڕی زۆری لەسەر دەکرێ، هەر لەشێوازی پۆشینی سەرپۆشەوە تادەگاتە ڕەفتاری ئەوانەی دەیپۆشن، ئەو بابەتەی کە زۆر واتا لەخۆدەگرێ لەوڵاتێکی زۆرینە موسڵمان کە سیستەمەکەی بەفەرمی عەلمانیە. سەرپۆش کە ساڵانی یەکەمی دامەزراندنی کۆمار بریتی بوو لەداپۆشینی قژ بەشێوەیەکی سادە کە وەکو ئاماژەیەک بۆ کۆنەپەرستی و ڕەگوڕیشەی لادێیانە سەیردەکرا وەرچەرخا بۆ جلوبەرگێکی جوان کە ڕەواجێکی زۆری لەسەرە، هاوکات ئاماژەیەکە بۆدەرکەوتنی چینێکی نوێی موسڵمانی پابەند بەئایین کە ڕووبەڕووی دەستەبژێری عەلمانی دەبنەوە لەتورکیا.

باسلان ئەکمان بەرپرس لەبەرهەمهێنان و بازاڕکردنی مارکەی (ئەرمین)ی سەرپۆشی دەڵێ: «بەر لە ١٠ ساڵ سەخت بوو جلوبەرگێکی جوانی سەرپۆش لەسەران بدۆزیتەوە، بەڵام جلوبەرگی ژنانی پەیوەست بەئایین لە ٦ – ٧ ساڵی ڕابردوو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە».

مارکەی (ئەرمین) بەرێکلامە خاوەن کاریگەریەکانی بەناوبانگە، پۆستەری ژنانی سەرپۆش لەشوێنە جیاوازەکانی ئیستانبوڵ هەڵدەواسرێن. مارکەی (ئەرمین) جوبە و چەفیە و ملپێچ و پەنجەوانەی جوان و ڕەنگاوڕەنگی هەیە.

**خانمی یەکەمی تورکیا دامەزراوەی سەربازی نیگەران دەکات**

فیلیز بیرق (٣٠ ساڵ) کە لەیەکێک لەکۆمپانیاکانی فرۆشتنی سەرپۆش لەئیستانبوڵ کاردەکات، دەڵێ: «بەختی ئێمە لەنەوەکانی پێش خۆمان باشترە، ڕەنگ و ستایل سەرپۆشی جۆراوجۆر هەیە کە دەتوانین بەئارەزووی خۆمان هەڵیبژێرین. بەپێی توێژینەوەیەک کە لەساڵی ٢٠٠٧ ئەنجامدراوە، دەرکەوتوە کە ٩٦٪ی ژنانی تورکیا بەشێوازێک سەریان دەپۆشن، ١٦٪ی باڵاپۆشن، کە ئەویش بریتییە لەداپۆشینی سەروملی بەشێوەیەکی توند.

خانمی یەکەمی تورکیا هاوسەری سەرۆک کۆمار سەروملی بەتوندی دادەپۆشێ و لەئاهەنگەکانی تایبەت بەدامەزراندنی کۆماری تورکیا شانبەشانی عەبدوڵلا گویلی هاوسەری بەشداری دەکات، بەڵام پۆشینی باڵاپۆشی لەکۆشکی سەرۆکایەتی لەلایەن خانمی یەکەمی تورکیا سەبارەت بەسوپای تورکیا بە شتێکی زیادە لەقەڵەمدەدرێ و هەرلەبەرئەمەش بەرپرسە باڵاکانی سوپا ئامادە نەبوون بەشداری لەو ئاهەنگەدا بکەن.

**ئامینە ئەردۆگان لەگەڵ هاوسەرەکەی نوێنەرایەتی چینێکی گەشەکردوی ئاینپەروەری دەکەن**

ڕۆژنامەی (میللیت)ی تورکی نرخی بازاڕی جلوبەرگی ئیسلامیەکان بە ٢،٩ ملیار دۆلار دەخەملێنێ، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری باڵاپۆشەکان لەسەرانسەری شەقامەکانی تورکیا دەبینرێن، بەڵام خوێندکار و فەرمانبەرانی ژن ناتوانن لە دامەزراوەکای دەوڵەتە عەلمانیەکاندا باڵاپۆش بن، ئەمەش ئەو یاسایەیە کە AKP بەڵێنی داوە هەڵیبوەشێنێتەوە. دامەزراوەی عەلمانی ترس و نیگەرانی لەوە هەیە کە هەر هەموارکردنێک لەیاسای باڵاپۆشی ڕەنگە ببێتە فشارێک لەسەر ئەو ژنانەی کە سەرپۆش نابەستن و بەزۆر ناچار بکرێن سەرپۆش ببەستن. دادگای باڵای دەستووری ٣ ساڵ لەمەوبەر لەهەوڵێکی AKP بۆ لابردنی قەدەغەی پۆشینی سەرپۆشی پوچەڵ کردەوە و بەهەوڵێکی دژ بەسیستمی عەلمانی ڕاڤە کرد.

گفتوگۆی بەردەوامی تایبەت بە باڵاپۆش ڕەنگدانەوەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە لەوڵاتەکەدا. لەلایەکی دیکەشەوە گەشەی خێرای ئابووری داهاتێکی زیاتری بۆ زۆرێک لەهاوڵاتیان فەراهەم کردوە و ئەمەش وایلێکردون گرنگی زیاتر بەڕووخسار و جلوبەرگ بدەن، لەهەمانکاتدا گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی لەنێوان چینێکی تازە دەرکەوتووی پابەند بە ئایین وایکردوە باڵاپۆشی زیاتر بڵاوببێتەوە، ئەو چینەی کە هەولەدەدات لەنێو کۆمەڵگەدا دەنگ و پێگەی بەهێزتری هەبێت. ڕووخسارە ئاینیەکانی کۆمەڵگای تورکی لەدوای کودەتای ١٩٨٠ زیاتر کەوتەڕوو. کە پێشتر گرەوی لەسەر دەکرا کە هاوسەنگیەک لەبەرامبەر هزر و بیری چەپگەرایی دروستدەکات.

**گوزارشتێکی سیاسی**

تۆرڵەم ساندیکچی مامۆستای بازارکاری لەزانکۆی (بیلکەنت) لەئەنقەرە ئاماژە بەوەدەکات کە ژنانی شار ئەو ملپێچانە بەکاردەهێنن کە لەماڵەکان دروست دەکرێن ئەمەش وەکو هۆکارێک بۆ گوزارشتێکی سیاسی. ئەوەش دەخاتەڕوو کە جلوبەرگەکان ستایل و ڕەنگی جۆراوجۆریان هەیە ئەمە لەکاتێکدا ژنانی ئاینپەروەر دەیانەوێ لەکۆمەڵگەدا زیاتر دەربکەوێ.

لەبەرامبەردا ئیسلامیە موحافەزەکارەکان تورە و نیگەرانن لەوەی پیشەسازی جل و بەرگی ئیسلامیانە وەرچەرخێ بۆ کاڵایەک، لەهەمانکاتدا عەلمانیە توندڕەوەکان دەڵێن ئەو جلوبەرگانە سەرنجراکێشن و نیشانەی سادەیی و دڵنزمی نین کە پێویستە باڵاپۆشی ئاماژەیەک بێ بۆ ئەوە.

لەمبارەوە ئەم مامۆستایەی زانکۆ دەڵێ: «سادەیی و دڵنزمی یەکێکە لە پێویستییەکان، بەڵام تاکە پێویستیش نییە، هەروەها پێویستە کەژنان بەشێوەیەکی باش دەربکەون تا ببنە ڕێبەر و نموونەیەکی پۆزەتیفی ئیسلام».



هەر جارەی فیلمێک

# مرۆڤی گەورە، ئەڤینی بچوک

## سەر نەوی کردن بۆ ئەڤین

سیروان ڕەحیم






**ناوی فیلم:**
مرۆڤی گەورە، ئەڤینی بچوک
**ناوی ئۆرژینال:**
Büyük adam küçük aşk
**سیناریۆ:**
خەندان ئیپەکچی
**دەرهێنان:**
خەندان ئیپەکچی
**بەرهەمهێنەر:**
نیکۆس کاناکیس
**شوێنی وێنەگرتن:**
تورکیا
**وڵاتی بەرهەمهێنەر:**
تورکیا
**ساڵی پیشاندان:**
2001
**کامێرا:**
ئەردال قارەمان
**موزیک:**
سەردار یاڵچین
**مۆنتاژ:**
نیکۆس کاناکیس
120خولەك، 35 ملیم، ڕەنگاورەنگ
**زمان:**
تورکی، کوردی

### دەستپێك

خەندان ئیپەکچی (١٩٥٦) سیناریست و دەرهێنەرێکی تورکە. خەڵکی ئەنکارایە. بە دەرهێنانی فیلمی «هەژار، مرۆڤی گەورە، ئەڤینی بچوك» کارێکی گەورەی بۆ مێژووی سینەمای تورکیا تۆمار کرد و هاوکات هەنگاوێکی گەورە و بوێری سەبارەت بە کێشەی کورد و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەو وڵاتە نا. دەرهێنەر بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش و نایاب زمانی کوردی بە تورکێکی کۆنەپارێز (کۆنەزەرڤاتیڤ) دەداتە پەسەند کردن. ژەنەراڵێکی خانەنشین ناچار دەبێت لە زاری هەژاری بێ گوناه و پەپولە ئاساوە گوێ لە کوردی بگرێت و تەنانەت دواتر قسەی پێبکات. ڕاستییەکەی ژەنەراڵ ناچار نییە بە کوردی قسە بکات و سەردەستیی هەژار پەسەند بکات. بەڵام هێشتا ئەوەندە هەستی زیندووی مرۆڤانە لەو پیاوەدا هەس کە بەرانبەر بە هەژار و ئەڤینی بۆ هەژاری بچکۆلە سەر نەوی بکات.

دیارە دەرهێنەر دەیەوێت بە دەنگی بەرز بە هەمووان بڵێت ئەوە تاوانی مرۆڤەکان نییە کاتێك بەو چەشنە دەبن بە مایەی ئازار بۆ یەکتر، مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا نەیاری یەکتر نین، نەخێر، بەڵکو ئەوە بە هەڵە ئاراستەکردنی مرۆڤەکانە کارەسات دەقەومێنێت. ئەوە مرۆڤەکان نین، لە ئاستی گشتیدا، کاتێك بوون و ناسنامەی یەکتر ڕەت دەکەنەوە، بەڵکو هزرێکی ناحەز هەیە، چەند تاکێك وا دەکەن مرۆڤەکان نەك زمان، بەڵکو هەبوونی یەکتریش ڕەت بکەنەوە. بەڵام ڕۆژێك ئەم دوو مرۆڤە، ئەم دوو جەمسەرە دژ بە یەکە پێویستیان بە یەك دەبێت و دەبێت لە ژێر ساباتێکدا کۆببنەوە. دەرهێنەر ئەو دوو جەمسەرە دژ بە یەکەی لەو پەڕی جوانی و لە ڕووبەرێکی نایابدا کۆکردۆتەوە و هەردووکیانی خستۆتە ناو یەك ماڵ، یەك ژیان و زمانی هاوبەشەوە. هاوبەشییەك هیچیان ڕۆژێ لە ڕۆژان بە خەیاڵیاندا نەهاتووە کە کاری کردە بێت. کارەکە نەك تەنها زۆر جوانە، بەڵکو دەگاتە ئاستێکی باڵا، ئاستی باڵای لە یەکگەیشتنی مرۆڤەکان، کاتێك دەبینین ژەنەراڵ وەکو باوکێکی دەروون پڕ هەست و سۆز، چۆن عاشقی کچە بچکۆلانەی خۆیەتی و چۆن هەموو داخوازییەکانی بەجێدەهێنێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا کارەکەی گەورەتر کردووە، ئەوەیە، ژەنەراڵ مل بۆ کارێك دەدات کاری نەکردەیە، کاری نەکردەیە بۆ ئەو هزرەی ئەوی پێ پەروەردە بووە. ئەو تاکە جارە لە ژیانیدا سەر بۆ شتێك نەوی دەکات کە هەرگیز پێی پەسەند نەبووە. هەژاری بچکۆلە دەبێت بە هۆکاری ئەوەی ژەنەراڵ بە کوردی قسە بکات و کوردی فێر ببێت.

### ناوەڕۆکی فیلمەکە

کاتێك لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستان لەشکری دەوڵەت دەدەنە سەر گوندێکدا، دیارە بە بیانوی هەبوونی پێشمەرگی پارتی کرێکارانی کوردستان، «هەژار» کە کچێکی پێنج ساڵانە، لە کۆی خێزانەکەی خۆی بە تەنها ڕزگاری دەبێت. عەڤدۆ «ئیسماعیل حەقی شەن»ی خزم و هاوگوند پاش سوتان و کاولکردنی گوندەکەیان بەرەو ئیستەنبوڵ سەر هەڵدەگرێت و «هەژار»ی بێ کەس و بێ داڵدەیش لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا دەبات.

لە ئیستەنبوڵ عەڤدۆ بەمەبەستی ئالیکاری و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك هەژار دەباتە ماڵی پارێزەرێکی کورد، بەڵام ئەو پارێزەرە کوردە دوو پێشمەرگەی نهێنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ماڵەکەیدان و خۆیان شاردۆتەوە. کاتێك هێزە نهێنییەکانی دەوڵەت بەو بابەتە دەزانن و دەدەنە سەر ماڵی پارێزەرەکەدا، و دەبێت بە شەڕ، هەردوو پێشمەرگە نهێنییەکە دێنە کوشتن. هەژاری بچکۆلە لەکاتی ئەو هێرشەدا، لەو ماڵەدایە. بەڵام ئەمجارەیش وەکو ڕۆژی سوتان و کاولکردنی گوندەکەیان بە شێوەیەکی پەرجوو ئاسا ڕزگاری دەبێت. ئەمجارەیان خۆی لە ماڵی ڕەفعەت بەگ «شوکران گوینگوێر» دەبینێتەوە. ماڵی ڕەفعەت بەگ کە هەژاری لێ دەگیرسێتەوە، لە هەمان باڵەخانەدا، بەرانبەر بە ماڵی پارێزەرەکەیە، ئەو پارێزەرەی پۆلیسە نهێنییەکانی دەوڵەت پاش هێرشەکەیان بۆ سەر ماڵەکەی، ئەوەیش بە دەستگیرکراوی دەبەن.

هەژار لە شوێنێکی ماڵەکەدا خۆی حەشار دەدات و ماوەیەك پاشتر، پاش دامرکاندنەوەی هێرش و ڕەوینەوەی کەشی شەڕ لە باڵەخانەکەدا، دێتە دەرەوە و لەبەردەم ماڵی ڕفعەت بەگ، تەماشایەکی دەوروبەر دەکات و لە دەرگای ئەو پیاوە دەدات.

ئەو پیاوە ژەنەراڵێکی خانەنشینە. هزر و بیرکردنەوەیەکی هەیە کە سەر بە سەرچاوەی کۆنەپارێزانی کەمالیستە توندڕەوەکانە. ئەو هەموو ژیانی بە لەشکری تورکی بەخشیوە و لەو بوارەدا کاری کردووە. هەژاریش قوربانیی دەستی ئەو لەشکرەیە. ئێستا ئەو دوو جەمسەرە دژ بە یەکە لە بنمیچی ماڵێکدا، ماڵی ڕەفعەت بەگی کۆنە ژەنەراڵ، کۆبوونەتەوە.

ژەنەراڵی خانەنشین دەیەوێت یارمەتی ئەو منداڵە بدات، بەڵام چیرۆکی منداڵەکە نازانێت. ڕفعەت بەگ لەو منداڵە حاڵی نابێت و منداڵەکەیش بە هەمان شێوە لەو تێناگات. هەردووکیان لەچوارچێوەی ماڵێکدان، هەردوو قسە دەکەن و ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، بەڵام لە یەك تێناگەن و بە یەك ناگەن. زمان یەکەمین ئاستەنگە لەبەردەم تێگەیشتن و بەیەکگەیشتنی ئەم دوو مرۆڤەدا. بۆ ڕەفعەت بەگ شتێك نییە بە ناوی زمانی کوردی. لەو وڵاتەدا دەبێت هەمووان بە تورکی قسە بکەن. بۆ هەژاریش تورکی زمانێکی نەبیستراوە. ڕاستە هەژار لە تورکیاکەی ژەنەراڵدا دەژی، بەڵام تورکی نازانێت و تەنها بە کوردی قسە دەکات. هەژار هێشتا نەچۆتە فێرگە تا تورکی فێرببێت.

ئەم کۆبوونەوەیە یان کۆکردنەوەیە ئامانجی دەرهێنەر و کارەکەیەتی.
بۆ لە ماڵێکداین و لە یەکتر تێناگەین؟
ئەم هەموو ئاستەنگ و بەربەستە بۆ لە بەردەم تێگەیشتن و پەیوەندیکردنی مرۆڤەکاندا دروست کراون؟
کێ بەرپرسیارە و کێ وا دەکات مرۆڤەکان لەیەکتر تێنەگەن؟

ڕەفعەت بەگ، پیاوێکی تەنیا و بەساڵاچووە. نە ژنی ماوە و نەخۆیشی دەتوانێ کاری ناوماڵ بکات. هەفتەی چەند ڕۆژێك خاتوونێك بە ناوی ساکینە (فویسون دەمیرێل) دێتە ماڵەکەی، هەندێ شتی بۆ ئامادە دەکات و ماڵەکەی بۆ پاك دەکاتەوە. ڕەفعەت بەگ، ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر یارمەتی ساکینە و ئەو بکاتە وەرگێڕ لە نێوان هەژاری بچکۆلە و خۆیدا.

ڕەفعەت بەگ بۆ یەکەمجار کاتێك لە بنمیچی ماڵەکەی خۆیدا گوێی لە دەنگی وشەی کوردی دەبێت زۆر بۆی سەخت دەبێت. بۆیە پاش وتنی چەند شتێکی پێویست کە دەبێت هەژار لێیان حاڵی بێت، بە ساکینە دەڵێت، «تەواو، ئیتر بەسە».

بەڵام بۆ ڕەفعەت بەگ کارەکە لێرەدا تەواو نابێت، بۆ ئەو پیاوە ئەمە سەرەتای کارەکەیە. تا دەگات بەوەی خۆشەویستی و مانەوەی هەژار لە ماڵەکەیدا ناچاری دەکات، کاغەز و قەڵەم بەدەستەوە بگرێت و بەرانبەر بە ساکینە دابنیشێت و داوای یارمەتی لێبکات. لیستێکی وشەی تورکی دروست کردووە و بەرانبەرەکانیان بە کوردی دەنووسێتەوە.

دیارە هەژار بەردەوام داوای عەڤدۆ لە ژەنەراڵ دەکات و ژەنەراڵیش پاشتر بە یارمەتی ساکینە لە هەژار حاڵی دەبێت و عەڤدۆی بۆ دەدۆزێتەوە. ژەنەراڵ دەچێتە گەڕەکی لانەوازان، ئەو ماڵانەی لە کەنارەکانی شاری ئیستەنبوڵ هەن و لەوێ ماڵی عەڤدۆی ئاوارە دەدۆزێت□ەوە. دەبینێت ئاوارەکانی دەستی لەشکری تورکی لە چ ڕەوشێکدا دەژین.

ژەنەراڵ پاشتر لە تەنیایی ماڵەکەیدا لە هەناوەوە دەسوتێت و بەرانبەر بە دەوڵەت و سیستەمێك غەمگین دەبێت کە بە دەستی خۆیان وڵات و مرۆڤەکانی وڵات وێران و پەرێشان دەکەن.

هەژار سەرپشك دەکەن لە نێوان ماڵی عەڤدۆ و ڕەفعەت بەگدا لە کوێ بژی. ڕەغعەت بەگ بە دڵ دەخوازێت هەژار بکات بە کچی خۆی. بەڵام هەژار لە نێوان ماڵی شپرزەی عەڤدۆ و ژەنەراڵدا، ماڵی عەڤدۆ هەڵدەبژێرێت و دێتەوە لایان. ئاشکرایە بۆ هەژار خۆشترە و هەموو منداڵەکانی هاوڕێی لێرەن. بەڵام چەند جوانە، لە ئاستێکی چەن باڵای جوانی و سەرنجڕاکێشان دایە، کاتێك ژەنەراڵ بە کوردی و بە تورکی بە هەژار دەڵێت.

«نەچە هەژار. گیتمە هەژار» چەند جارێك لە کاتی ماڵئاوایی هەژاردا ژەنەراڵ ئەم تکایە دووبارە دەکاتەوە. ژەنەراڵ بۆ خاتری خۆشەویستی هەژار فێری کوردی دەبێت و کوردی بە کار دەهێنێت.

### ئەنجام

دەرهێنەر خەندان ئیپەکچی فیلمێکی بەرهەمهێناوە شایستەی ئەوەیە هەموو ئەو کەسانەی کار لەسەر تورکیا و کێشەی کورد لەو وڵاتە دەکەن ببینن. دەرهێنەر بینەر بە شتێکی پڕ واتاوە سەرقاڵ دەکات. ئەو بەم کارەی کاتی بینەر بە فیڕۆ نادات. بەڵکو بینەر بە ناو پرس و کێشەیکدا دەبات کە شایانی ئەوەیە ببیندرێت و قسەی زۆری لەسەر بکرێت.

خەندان ئیپەکچی کە چەندین خەڵاتی لە پای ئەم بەرهەمەدا وەرگرتووە، وەکو خەڵاتی فێستیڤاڵی ئەنتالیا بۆ فیلم ٢٠٠١، خەڵاتی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی قاهیرە بۆ فیلم٢٠٠٢، خەڵاتی فێستیڤاڵی دەریای سپی ناوەڕاست بۆ فیلم-کۆڵن ٢٠٠٢ و خەڵاتی فێستیڤاڵی نێونەتەوەی ئیستەنبوڵ بۆ فیلم ٢٠٠٣، کەچی ساڵی ٢٠٠٣ دادگای ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا لە سۆنگەی ئەم بەرهەمەیدا هەرەشەی شەش مانگ زیندانی کردنیان لێکرد.

# لێکدانەوەی کتێبی میحوەری تورکیای جەواد ئۆنەش



بەلما ئاکچۆرا- ئیستانبوڵ

ئەم پێنج ساڵەی دوایی، ڕۆشنبیرە کورد و تورکەکان لە ڕێگەکانی قسەکردن بە ڕێگەی ئاشتیانەدا دەگەڕێن. یەکێک لەو کەسانەی بە نووسینی جۆراوجۆر لەمەڕ چارەسەریی پرسی کورد بەشداریی ئەم پرۆسەیە دەکات، جەواد ئۆنەشە کە ئەندامی دەزگای هەواڵگریی میللییە.
ئۆنەش ئەندامێکی ئاسایی دەزگای هەواڵگری نییە؛ ساڵی ١٩٨٩ سەرۆکی ناوچەی دیاربەکری میت بووە، لە کاتی جەنگی کەنداودا، کۆچبەرە کوردەکانی بینیوە، لە کاتی چالاکییەکانی پەکەکەدا، لە وان-ەوە هەتا هەکاری و دەتوانین بڵێین لە هەموو ناوچەکە کاری کردووە، لە هەمووشی گرینگتر یەکێکە لەو ئەندامانەی دەزگای هەواڵگری کە پرسی کورد زۆر بە باشی دەزانێت.
بۆیەش را و بۆچوونی ئەندامێکی دەزگای هەواڵگری کە ساڵیانی ساڵ ڕۆڵێکی گرینگی لە سیاسەتە هەڵەکانی دەوڵەتی تورکیادا کە لەسەر «پرسێک بە ناوی پرسی کورد بوونی نییە، بەڵکو ئەوە پرسی تیرۆرە» سوور بوو گێڕاوە، گرینگییەکی زۆری هەیە.
کتێبی ئۆنەش کە لەسەر تورکیا نووسیویەتی، لە ڕوانگەی گۆڕینی عەقڵییەتی دامەزراوە گرینگەکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی پرسی کورددا، لەو جۆرانەیە کە بیرکردنەوە کلێشەییەکان دەگۆڕێت...
کتێبی «میحوەری تورکیا» کە لەمەڕ پێشنیاری چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیا نووسراوە، پێی وایە کە هەلومەرجە دەرەکییەکان لە بارەی چارەسەریی پرسی کورد و پەکەکەدا، هێشتا لە بەرژەوەندیی تورکیادان. بەم شێوەیە کە؛ لە بوارەکانی چارەسەریی پرسی کورد و دابەزاندنی پەکەکە لە چیاکاندا، هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکان بەهێزتریش دەبن.
ئۆنەش کە پێی وایە بە هۆی قەیرانی ئابووریی جیهانییەوە، سەرلەنوێ دروستکردنەوەی جیهان پێویستییە، لەم پەیوەندەشدا بوونی تورکیا پێویستییە. لە سیستەمی نوێدا، تورکیا بە سیاسەتە ئاشتیخوازانەکەی سەقامگیریی ناوچەکە دەستەبەر دەکات و بەم شێوەیە بە پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمریکا و یەکیەتیی ئەورووپا لە ناوچەکەدا، خزمەت بە سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان دەکات.
ئەگەر لە ناوەوە و دەرەوە باس لە خزانی میحوەری تورکیاش بکرێت، ئۆنەش لەسەر ئەوە سوورە کە میحوەری دنیا خزیوە نەک هی تورکیا. چونکە بە بڕوای ئەو، ئەو خزانەی میحوەری دنیا، تورکیا بەرەو دۆزینەوەی میحوەری نوێ و وەرگرتنی ڕۆڵی نوێ لە دنیا و ناوچەکەدا بەپێی پێویستیی ئەو ڕۆڵە نوێیە هان دەدات. ئۆنەش پێی وایە کە ئەم میحوەرە نوێیەی تورکیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناکۆکیی نییە، بەڵام ئەم پێگەیە نوێیەی تورکیا ئیسرائیل و هەندێک لە لۆبییەکان ئازار دەدات.
ئۆنەش لەم کتێبەیدا وێڕای ئاماژە بەوەی کە ئەمریکا دەیەوێ تورکیا کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات، دەڵێ: «تورکیا بۆ پێڕەوکردنی سیاسەتە ئاشتیانەکانی لە ناوچەکەدا، مەرجە کە سیستەمێک لەسەر بنەمای بەها گەردوونییەکان دابمەزرێنێت و پرسی کورد چارەسەر بکات».
ئەوەی کە تورکیا لە ناوخۆیدا ناتوانێ دەوڵەتێکی حوقوقیی دیموکراتیک دابمەزرێنێت، بابەتێکی جیاوازە. چونکە بە بڕوای ئۆنەش، ئەو پرسەی تورکیا دەبێ چارەسەری بکات، بەدیموکراتیکبوونێک لەسەر بنەمای پێوەرە گەردوونییەکانە. بێ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بەدیموکراتیکبوونی تورکیا و بوونی بە هێزێکی گەردوونی لە ناوچەکەیدا، ئیمکانی نییە.
ئۆنەش کە ساڵی ١٩٨٩ سەرۆکی ناوچەی دیاربەکری میت بووە، لە کاتی جەنگی کەنداودا، کۆچبەرە کوردەکانی بینیوە، لە کاتی چالاکییەکانی پەکەکەدا، لە وانەوە هەتا هەکاری و دەتوانین بڵێین لە هەموو ناوچەکە کاری کردووە، لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئۆجەلان و پەکەکە بۆ چارەسەریی پرسی کورد بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی سیاسەتی ڕێگەپێدراو.
لە کتێبەکەیدا هەروەها جێی بە یەکێک لە نامەکانی ئۆجەلان داوە. ئۆجەلان لە نامەکەیدا سێ بابەتی لەمەڕ ڕەواندنەوەی ترسی پارچەبوون ڕوون کردووەتەوە و ئاماژەی بەوە داوە کە عەلمانیبوونیان قبووڵ کردووە و پێویستە دەوڵەتێکی دیموکرات لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە گەلان، ماف و کولتوورەکان سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە.
ئۆجەلان باس لە چوار بیرۆکەی نوێ لە پەیوەندیی لەگەڵ پێشڤەچوونەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و دەڵێ:
«....بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت تەواوی مرۆڤایەتی؛ بەتایبەتیش بۆ کورد و تورکەکان دەڵێم. پێم باشە چوار بیرۆکە یان بۆچوونم کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دان لەمەڕ عێراق و پێشڤەچوونەکانی ناوچەکە بۆ ئێوە ڕوون بکەمەوە. چونکە ئەگەر ئەو پێشنیارەی داومانە ڕوون نەبێتەوە؛ چونکە ئەگەر لە پێشنیارەکەمان تێنەگەن، زانینی چارەنووسمان، ئەرک و مافی هەموو وڵاتپارێزێکە.
بەڵام ئەم چوار بیرۆکەیە چین؟ بیرۆکەی یەکەم؛ پەیوەندیی بە عێراقەوە هەیە. باشترین مۆدێل بۆ عێراق، فیدراسیۆن یان کۆنفیدراسیۆنێکی سێ لایەنەیە. بیرۆکەی دووەم؛ ئەگەر فیدراسیۆن یان کۆنفیدراسیۆنی سێ لایەنە ئاستەنگی بخرێتە بەر، ئەوەی کە دەکرێت، ڕێککەوتنی کورد-شیعەیە. بیرۆکەی سێیەم؛ لە سووریا، عێراق، ئێران و ئەو خاکانەی دیکە کە کورد لێی دەژین، جێبەجێکردنی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکە.
.. ئەوانەی لە تورکیان، کاتێک باس لە کۆنفیدرالیزم دەکرێت، خراپ لێی تێدەگەن، یەکسەر وا بیر دەکەنەوە کە باس لە دامەزراندنی دەوڵەت دەکەین. بەڵام چەندین جار گوتوومە، بە دڵنیاییەوە دامەزراندنی دەوڵەت تەوەرمان نییە. ئامانجمان زیانگەیاندن بە دەوڵەت و ئاڵاکەی نییە. ئەمە جۆرێک خودموختاریی دیموکراتیکە».

## دەوڵەتی عوسمانی نادیار

ئەحمەد ئاق کۆندز وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە دەداتەوە کە پەیوەندی بەمێژووی سیاسی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی لەڕووی یاسایی و ئابوریەوە ...... بێجگە لەخستنەڕووی هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیستەمی یاسایی لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت. وەهەروەها وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە پەیوەندبوون بەلایەنی دارایی و یاساکانی ئابوری لەم دەوڵەتە.
وەهەروەها نوسەر دەڵێن باری ئێستا زۆر هەڵوەستەی دژ بەدەوڵەتی عوسمانی بەرپادەکات. بەشێوەیەک هەموو هێرش و دژایەتی کردنێک بۆتە پەردە بۆسەر دینی ئیسلام بەڵام خاوەنەکانیان ناتوانن ڕاستەوخۆ هێرش بکەنە سەری. وە زۆرێکیش هەن هەر بەئەنقەست هەولی نادیاری و شاردنەوەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی دەدەن تەنها بۆ خراپەکاری بەرابەر ئەم دەوڵەتەوە زۆریش هەن بەنادروستی لەدەوڵەتی عوسمانی ڕەخنەگری بوونە.



# کورد لەنێوان مافە کولتوورییەکانیان و پلانەکانی دابەشکردن



د. فاتیمە ئیبراهیم ئەلمنوفی*

وەکو دەزانرێ ناسنامەی گەلان و کولتوورەکانیان لە زمان خۆی دەبینێتەوە، زمانی دایک ڕەنگدانەوەی کولتوور و شارستانییەتی گەلانە لەو زاراوە و وشانەی کە خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەی بەکاریدێنێ، بۆیە مرۆڤ دەبێ زمانی دایکی خۆی بەباشی بزانێ و شانازی پێوە بکات تا بتوانێ لە کولتووری ئەوانی دیکەش تێبگات، دوورکەوتنەوە لەناسنامە وا لە مرۆڤ دەکات بەردەوامبوونی لەگەڵ ئەوانی دیکە سەخت و دژوار بێ، ئەوەی ڕێز لە زمان و ناسنامەی خۆی نەگرێ زەحمەتە ڕێز لەزمان و ناسنامەی ئەوانی دیکەش بگرێ.

لەسایەی ئەو گۆڕان و قەڵەمبازە خێرایانەی ئەمڕۆکە جیهان بەخۆوەی دەبینێ، وایکردووە مرۆڤ زیاتر لەخودی خۆی بیربکاتەوە، نەک لە تێگەیشتن و پێکەوە هەڵکردن لەگەڵ بەرامبەرەکەی، هەروەها لەسایەی ململانێ ئەتنیکیەکانی نێوان نەتەوەکان، گەلان کارلێکتر دەکەن و هەر لایەک بەو چاوە سەیری لایەکەی دیکە دەکات وەکو ئەوەی پێشتر لەمێشکیدا چەسپاوە، کە جیاوازییەکان تۆختر دەکات، ئەمەش بەخێرایی دەگۆڕێ بۆ جیاوازی و ناکۆکی کە دواجار دەبێتە دابڕان و ترس لەنێوان هەردوولادا. بۆیە دەبێ باسی پرسی زمانی کوردی بکەین کە چەندین کۆت و بەندی خراوەتە سەر، لەسوریا کوردەکان بەکارهێنانی زمانی دایکیان لێ قەدەغەکرا و زمانی عەرەبیان بەسەردا سەپێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەران و شاعیرە کوردەکان کاتێک بەعەرەبی نووسیان توانیان داهێنان بکەن، لەتورکیاش سەرەڕای ئەوەی کوردەکان لەسەردەمی حکومەتی داد و گەشەپێدان (AKP) چەندین مافی کولتووریان بەدەستهێنا، بەڵام هێشتا کۆت و بەندی زۆر لەسەر زمانەکەیان هەیە، لێرەوە وای دەبینیم کە دەکرێ سوود لە ئەزموونی یەکێتی سۆڤییەتی جاران وەربگیرێ کاتێک ڕێگەی بە گەلان دا بە زمانی خۆیان بخوێنن، سەرەڕای ئەوەی سیاسەتی زۆردارانەشی پەیڕەو دەکرد.

سۆڤییەت ئازادی فێربوون و خوێندنی بەزمانی دایک بۆ سەرجەم گەلان دابین کرد و قوتابخانەی بەزمانی خۆیان دامەزراند، بەڵام لەسایەی پرۆگرامێک کە لێوانلێو بوو بە بیری شیوعییەت، بەڵێ هەموویان ئازادبوون لەهەڵبژاردنی زمانی فێربوون، بەڵام ئازاد نەبوون لەهەڵبژاردنی بیروباوەڕێک کە دژی سیستەمی فەرمانڕوایی دەوڵەتەکەیان بێت، ئەوەی بیویستبایە بچێتە قوتابخانەی رووسی دەچوو، ئەوەشی بیویستبا پەیوەندی بە قوتابخانەی ئازەری، قیرغیزی یان تەتاری یان چیچانی بکات دەچووە ئەوێ. سەرەڕای ئەوەی ئازادی فێربوون بەهەموو زمانێک دەستەبەر کرابوو، بەڵام زۆربەی گەلان ڕۆڵەکانیان دەنارده قوتابخانە رووسییەکان، چونکە زمانی رووسی زمانی زانست و زانیارییەکان بوو، زۆربەی پۆستە حکومییەکانیش بەبێ زانینی زمانی روسی بەڕێوە نەدەبرا، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی گەلانی ناو یەکێتی سۆڤییەت بە چاوی زمانی ڕۆشنبیران و زانایان سەیری زمانی رووسیان دەکرد، بۆیە زۆربەی هاووڵاتییان قوتابخانەی رووسیان هەڵدەبژارد.

هەروەکو هەمووما دەزانین هەر قەدەغەکراوێک ئارەزووی زیاتری دەکەوێتەسەر، بۆیە بێبەشکردنی کوردەکان لەخوێندن بەزمانی دایک دەبێتە یەکەم داواکاریان، بۆیە ئەگەر لەسایەی ڕێزگرتن لەیاساکانی وڵات و مێژوو وزمان و پرۆگرامەکانی، خوێندن بە زمانی دایک بۆ کوردەکان دابین بکرێ ئەوا دەبێتە هەنگاوێک کە هیچ زیانی بەدواوە نابێ، هەروەها کوردەکان بەئاسایی فێری زمانی وڵاتەکەیان دەبن، چونکە ئەوە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە دەیسەپێنێ.

لێرەوە دەپرسم زۆربەی وڵاتەکانمان قوتابخانەی ئەمەریکی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ئیتاڵی لێیە و بەملیۆنان پارەی لێ خەرج دەکرێ، ئەی بۆچی لەسەر مافی خوێندنی بەزمانی کوردی ئەو هەموو مشتومڕە دەکرێ؟ ئەو قوتابیانەی لەو قوتابخانە بیانیانە دەخوێنن فێری زمان و کولتووری ڕۆژئاوا دەبن کە زۆر لە ئێمەوە دوورە، بگرە فێری بەها و هزری ئەوتۆ دەبن کە ڕەنگە ببێتە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگاکانمان، بۆچی ڕێگە بەو کەسانە دەدرێ بەزمانی ڕۆژئاوایی بخوێنن، کەچی ڕێگە لەکوردەکان دەگیرێن بەزمانی خۆیان بخوێنن و زمانی عەرەبی و تورکیان بەسەردا دەسەپێنن، ئایا ئەمە زۆرداری نییە؟

بۆچی عەقڵمان تەسکدەبێتەوە کاتێک باسی ئازادی ڕەگەزێک لەڕەگەزەکانی کۆمەڵگەکەمان دەکەین، ئایا باشتر نییە ڕێز لەپێکهاتەیەکی گەلەکەمان بگرین و مافی خوێندن و فێربوون بەزمانی خۆی دابین بکەین، چونکە زمانی دایکی هەر گەلێک ئاماژەیە بۆ ناسنامە و مێژووەکەی، بۆچی ڕێز لەیەکتر نەگرین و یەکتر تەواو نەکەین؟ لەبەرامبەردا ئایا کوردەکان ڕێز لەو دەوڵەتە دەگرن کە تێیدا دەژین، ڕێز لە زمانەکەی دەگرن، نابنە ڕێگر لەمنداڵەکانیان کە فێری زمانی وڵاتەکەیان ببن وەکو ئەوەی لەعێراق ڕوویدا، کوردەکان لەفێربوونی زمانی عەرەبی بێبەش دەکرێن، عێراقییەکان لەوڵاتی خۆیان نامۆ دەبن و ناتوانن لەگەڵ یەکتر قسە بکەن، ئەمەش لەبەر نەبوونی زمانێکی هاوبەش، کوردەکە لەعەرەبی تێناگات، عەرەبەکەش لەکوردی تێناگات؟ ئایا کوردەکان ڕێز لەمێژووی خۆیان و مێژووی دەوڵەتەکەیان دەگرن و هەوڵی پارچەکردن و جیابوونەوە نادەن؟ ئایا کوردەکان دەرک بەوە دەکەن کە نەخشە و پلان لەئارادان بۆ تێکدانی ئاسایشی دەوڵەتەکانیان و پارچەپارچە کردنیان؟ هەموان لەلای ئاژاوەگێڕەکان وەکو یەک وان، ئەوان هیچ جیاوازییەک لەنێوان کوردێک، تورکێک و عەرەبێک دا ناکەن.

*** دکتۆرە فاتیمە نووسەرێکی عەرەبە لە لوبنان دادەنیشێت.**

هەوڵنامەی کتێب